# بنەما زمانییەکانی دارِشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا

## لە نێوان ساڵانی (1991 - 2000)

نامەیەکە

## ئازاد ڕەمەزان عەلی

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا /فەلسەفە لە زمانی کوردیدا

بەسەرپەرشتی

**پ. ی. د. یوسف شەریف سەعید**

2005 ز

2705 ک

بسم الله الرحمن الرحيم

أَلَم تَرَ كَيفَ ضَرَبَ الله مَثلاً كَلِمَةً طَيِبَةً

كَشَجَرَةٍ طَيِبَةٍ أَصلهَا ثَابِت وَفَرعها فِي السَماءِ

سورة ابراهيم آية (24)

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سەلاحەدین ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی (دکتۆرا) لە زمانی کوردی (زمانی ڕۆژنامەنووسیی) دا.

ناو: پ. ی. د. یوسف شەریف سەعید

مێژوو: / / 2005

بە پێی ئەو پێشنیارە ئەم نامەیە پێشکەش بە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ. ی. د.ئیبراهیم ئەحمەد حوسێن

سەرۆکی لێژنەی خوێندنی باڵا

مێژوو: / / 2005

ئێمەی ئەندامانی لێژنەی تاوتوو کردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ قوتابییەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارمان دا کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                    ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردی (زمانی ڕۆژنامەنووسیی) دا پێ بدرێت.

| | | |
|---|---|---|
| ناو: | ناو: | ناو: |
| ئەندام: | ئەندام: | سەرۆکی لێژنە: |
| مێژوو: | مێژوو: | مێژوو: |

| | | |
|---|---|---|
| ناو | ناو: | ناو: |
| ئەندام: | ئەندام: | ئەندام و سەرپەرشت: |
| مێژوو: | مێژوو: | مێژوو: |

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلیجی ئادابەوە پەسەند کرا.

ناو: د. عەلی مەحموود چوکل

عەمیدی کۆلیجی زمان

مێژوو:   /  / 2005

# لیستی زاراوەکان

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Imagination Function | ئەرکی ئەندێشەیی |
| Heuristic Function | ئەرکی پشکنین و دۆزینەوە |
| Interpersonal Function | ئەرکی پێوەندێتی (تێکەڵ بوون) |
| Regulatory Function | ئەرکی ڕێکخەری |
| Personal Function | ئەرکی کەسی |
| Informative Function | ئەرکی هەواڵ گەیاندن (ڕاگەیاندن) |
| Instrumental Function | ئەرکی هۆکاری |
| Symbolic Function | ئەرکی هێمایی (ڕەمزی) |
| Communication space | بوار (مەودا) ی پێوەندی کردن |
| Message | پەیام |
| Communication | پێوەندی کردن |
| Communicator | پێوەندیکەر |
| Mass Media communication | پێوەندی کردنی جەماوەری |
| Intrapersonal communication | پێوەندی کردنی خودی |
| Interpersonal communication | پێوەندی کردنی کەسی (نێوان کەسان) |
| Verbal communication | پێوەندی کردنی گوتەیی  زاری |
| Nonverbal communication | پێوەندی کردنی ناگوتەیی |
| Complementing | تەواو کردن |
| Accenting | جەخت کردن |
| Body | جەستە |

| | |
|---|---|
| Audience | جەماوەر |
| Substituting | جێگرتنەوە |
| Repeating | دووپات کردنەوە |
| Body language | زمانی جەستەیی |
| Verbal language | زمانی گوتەیی |
| Nonverbal language | زمانی ناگوتەیی |
| Regulating | ڕێکخستن (کۆنترۆل کردن) |
| Journalism | ڕۆژنامەنووسیی |
| Headline | مانشێت |
| Sender (Destinateur) | نێرەر |
| Noise | ژاوە ژاو |
| Channel noise | ژاوە ژاوی کەناڵی |
| Semantic noise | ژاوە ژاوی واتایی |
| Vigorous Verbs | کاری بەهێز |
| Washy Verbs | کاری بێ هێز |
| Receiver (Destinataire) | وەرگر |
| Mass Media | هۆکارەکانی ڕاگەیاندن |
| Correlation phonetique | هاوپێوەندی دەنگی |
| Correlation semantique | هاوپێوەندی واتایی |

# ناوەرۆك

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەكی** | 1 |
| (0-1) ناونیشانی باسەكە | 1 |
| (0-2) مەبەست لە باسەكە | 1 |
| (0-3) سنووری باسەكە | 2 |
| (0-4) گرنگی باسەكە | 2 |
| (0-5) كەرەستەی لێكۆڵینەوەكە | 3 |
| (0-6) ڕێبازی باسەكە | 3 |
| (0-7) ناوەرۆكی باسەكە | 3 |
| **بەشی یەكەم** | 1-51 |
| **بەندی یەكەم** | 7-23 |
| (1-1) زمان | 7 |
| (1-1-1) چەمك و پێناسەی زمان | 7 |
| (1-1-2) تایبەتییەكانی زمان | 10 |
| (1-1-2-1) زمانی داهێنانی تێدایە | 11 |
| (1-1-2-2) زمان تایبەتە بە مرۆڤ | 12 |
| (1-1-2-3) زمان پێڕەوە | 13 |
| (1-1-2-4) زمان دەنگە | 14 |
| (1-1-2-5) زمان ڕەمزە | 14 |
| (1-1-2-6) زمانەكان پێكدەچن | 15 |

(1-1-2-7) زمان واتایە ........................................................... 16

(1-1-3) ئەرکەکانی زمان ........................................................ 17

**بەندی دووەم** ........................................................................ 24-51

(1-2) زمانی ڕۆژنامەنووسیی ................................................... 24

(1-2-1) ڕۆژنامەنووسیی ........................................................ 24

(1-2-2) چەمکی زمانی ڕۆژنامەنووسیی ........................................ 26

(1-2-3) تایبەتییەکانی زمانی ڕۆژنامەنووسیی ............................. 29

(1-2-3-1) زمانی ڕۆژنامەنووسیی زمانێکی کارەکییە ............... 30

(1-2-3-2) سادە و ساکاری ................................................... 31

(1-2-3-3) وردی و بەرجەستە کردن ........................................ 32

(1-2-3-4) گیان بەبەرداکردن ................................................ 33

(1-2-3-5) دورکەوتنەوە و بەکارنەهێنانی زاراوە و گوزارشتە تەقلیدییەکان ... 34

(1-2-3-6) بابەتی ............................................................. 35

(1-2-4) سەرچاوەکانی زمانی ڕۆژنامەنووسیی ............................ 35

(1-2-4-1) زمانی ستاندارد .................................................. 36

(1-2-4-2) زمانی گشتی ..................................................... 39

(1-2-4-3) وەرگێڕان ......................................................... 44

(1-2-5) زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسین ............................... 47

**بەشی دووەم** .................................................................... 52-72

(2) پێوەندی کردنی جەماوەری ................................................ 52

(2-1) چەمك و پێناسەی پێوەندی کردن .................................... 52

(2-2) جۆرەکانی پێوەندی کردن ........................................................ 56
(2-2-1) پێوەندی کردن لە ڕووی ئاستەوە ....................................... 56
(2-2-1-1) پێوەندی کردنی خودی ............................................... 57
(2-2-1-2) پێوەندی کردنی کەسی ................................................ 57
(2-2-1-3) پێوەندی کردنی ناوەندی ............................................. 58
(2-2-1-4) پێوەندی کردنی جەماوەری ........................................... 58
(2-2-2) پێوەندی کردن لە ڕووی دەربڕینەوە .................................. 61
(2-2-2-1) پێوەندی کردنی گوتەیی ............................................. 61
(2-2-2-2) پێوەندی کردنی ناگوتەیی .......................................... 62
(2-3) زمان لە پرۆسەی پێوەندی کردندا ......................................... 63
(2-4) زمان هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ................................................ 68
**بەشی سێیەم** ........................................................................ 73-103
(3) هەواڵ ........................................................................................ 73
(3-1) چەمك و پێناسەی هەواڵ ...................................................... 73
(3-2) جۆرەکانی هەواڵ ................................................................ 78
(3-3) سەرچاوەکانی هەواڵ ............................................................ 83
(3-3-1) جۆرەکانی سەرچاوە ......................................................... 83
(3-3-1-1) لە ڕووی پێوەندی بە میدیاکانەوە .................................. 84
(3-3-1-2) لە ڕووی گرنگییەوە ..................................................... 84
(3-3-1-3) لە ڕووی بەهێزی و لاوازییەوە ........................................ 85
(3-4) ڕەگەزەکانی هەواڵ ............................................................... 86

(3 5) ئەركەكانی هەواڵ .......................................................... 89
(3 5 1) ئەركە سیاسییەكان ............................................... 90
(3 5 2) ئەركە كۆمەڵایەتییەكان ........................................ 90
(3 5 3) ئەركە فیكری و ڕۆشنبیرییەكان ................................. 91
(3 5 4) ئەركە مرۆییەكان ................................................ 91
(3 6) بەهاكانی هەواڵ ........................................................... 92
(3 6 1) هەنووكەیی و تازەیی ............................................... 92
(3 6 2) نزیكی (نزیكی شوێن و كات) .................................... 94
(3 6 3) ململانێ ........................................................... 95
(3 6 4) ناوبانگ و گەورەیی قەوارەی ڕووداوەكە ......................... 96
(3 6 5) سەیر و سەمەرە و ناوێزەیی ...................................... 96
(3 6 6) گرنگی دان بە لایەنی مرۆڤایەتی ................................. 97
(3 6 7) شۆرەت وناوبانگ .................................................. 97
(3 7) زمانی وێنە لە هەواڵی ڕۆژنامەیی دا .................................. 99
**بەشی چوارەم** ............................................................... 104 154
(4) داڕشتنی هەواڵ ................................................................ 104
(4 1) بەشەكانی هەواڵ .......................................................... 106
(4 1 1) مانشێت ............................................................. 106
(4 1 1 1) شێوەكانی مانشێت .............................................. 107
(4 1 1 2) مەرجەكانی مانشێتی سەركەوتوو ............................. 109
(4 1 1 3) ئەو خاڵانەی پێویستە لە نووسینی مانشێتدا ڕەچاو بكرێن .... 110

(4-1-1-4) زمانی مانشێت ........ 111

(4-1-2) پێشەکی ........ 117

(4-1-2-1) تایبەتمەندییەکانی پێشەکی سەرکەوتوو ........ 118

(4-1-2-2) جۆرەکانی پێشەکی ........ 119

(4-1-3) جەستەی هەواڵ ........ 121

(4-2) قاڵبەکانی داڕشتنی هەواڵ ........ 122

(4-3) بنەما زمانییەکانی داڕشتنی هەواڵ ........ 127

(4-3-1) چاو پۆشی کردن لە وشەی زیاد ........ 129

(4-3-2) ڕستەی درێژ ........ 143

(4-3-3) کورت بڕی و چڕکردنەوەی ڕستەکان ........ 146

(4-4) هەندێ دیاردەی زمانیی ........ 151

(4-4-1) ئەو دیاردانەی پێوەندییان بە وشە و دەستەواژەوە هەیە ........ 151

(4-4-2) کاریگەری زمانانی بێگانە ........ 152

**ئەنجامەکان** ........ 155-158

**سەرچاوەکان** ........ 159-167

**ڕۆژنامەکان** ........ 168-170

**کورتەی نامەکە بە زمانی عەرەبی** ........ 171-172

**کورتەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی** ........ 173-175

# پێشەکی

# پێشەکی

## 1-0 ناونیشانی باسەکە:

ناونیشانی باسەکە (بنەما زمانییەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا لە نێوان ساڵانی 1991  2000)ە.

زمان وەکو دیاردەیەك زۆربەی ئەو شتانەی کە پێوەندییان بە ژیان و دەوروبەری مرۆڤەوە هەیە، داگیری کردووە و ڕۆڵی تیایاندا هەیە. بواری ڕاگەیاندنیش ئەمڕۆ وەکو زانستێکی مرۆیی دیاردەیەکە مرۆڤ ناتوانێ پشتی تێ بکات بە تایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کە بە دەسەڵاتی چوارەم ناسراوە.

هەواڵیش بە ڕەگەزێکی سەرەکی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیی لە قەڵەم دەدرێت، چونکە بە هۆی هەواڵەوە مرۆڤ ئاگاداری هەموو ئەو ڕووداو و زانیارییانە دەبێت، کە لە دەوروبەریدا ڕوو دەدەن. خستنە ڕووی ئەم بابەتەش لە ڕێگای زمانەوە دەبێت، چ زمانی ئاخاوتن، یان زمانی نوسین، کارەکەی ئێمە لێرەدا لە خستنە ڕووی هەواڵدا زیاتر پێوەندی بە زمانی نووسینەوە هەیە. زمانیش بەدەر نییە لە یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی، لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو لە ئاخاوتنیشدا جۆرە لادان و دەرچوونێك هەبوو لەم یاسا و ڕێسایانە، بەڵام لە زمانی نووسیندا دەبێت نووسەر بە پێی پێویست ئاگاداری ئەم لایەنە بێت و نابێت لایەنی ڕێزمانی فەرامۆش بکات.

## 2 . مەبەست لە باسەکە:

ئەم باسە تیشك دەخاتە سەر زمان و زمانی ڕۆژنامەنووسیی بە گشتی و سەر هەواڵ و زمانی هەواڵ بە تایبەتی و خستنە ڕووی هەندێ دیاردەی تایبەت بە زمانی هەواڵی ڕۆژنامەیی لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا.

### . 3 سنووری باسەکە:

سەرەڕای ئەوەی بە گوێرەی دید و بۆچوونی پسپۆرانی ڕاگەیاندن مەرج نییە ڕۆژنامەنووس لە کاتی داڕشتنی هەواڵدا پابەندی هەموو بنەما و یاسا و ڕێساکانی زمان بێت، بەلاّم هەندێ بنەمای زمانیی گشتی هەن پێویستە هەواڵنووس ئاگاداریان بێت.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا وێڕای خستنە ڕووی هەندێ لایەنی تایبەت بە بواری زمان و زمانی ڕۆژنامەنووسیی و هەواڵ، ئەو بنەما و ڕێنماییە گشتییانەی زمانیش، کە ئاستی ڕێزمان (وشەسازی و ڕستەسازی) و واتاسازی دەگرێتەوە لە هەندێ سەرچاوە و کتێبی ڕۆژنامەنووسیی ئاماژەیان پێ کراوە و خراونەتە ڕوو لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بنەمایانە هەندێ خاڵی لاواز و کەم و کوڕییەکانی داڕشتنی هەواڵ لەو ماوە دیاریکراوەی لێکۆڵینەوەکەدا بە پشت بەستن بە نموونەی هەواڵی جۆراو جۆری ڕۆژنامە کوردییەکانی نێوان ساڵانی (1991 – 2000) دەستنیشان کراون. بەو زمانەی کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق وەکو زمانێکی بالاّ بەکار براوە.

### . 4 گرنگی باسەکە:

زمانی ڕۆژنامەنووسیی وەکو بابەتێکی سەربەخۆ و فراوان تا ئێستا بە گوێرەی پێویست لێکۆڵینەوەی لە سەر نەکراوە، هەر چەندە پێویستییەکی گرنگی زمانی کوردی و ڕۆژنامەنووسیی کوردییە لە کوردستاندا.

مەبەست و ئامانجی نامەکە پڕ کردنەوەی کەلێنێکی تری پێوەند بە زمان و ئاگادار کردنەوەی ڕۆژنامەنووسانی کوردە لە هەندێ بنەمای زمانیی ڕۆژنامەنووسیی، کە تاکو ئێستا لای لێ نەکراوەتەوە و بایەخی پێ نەدراوە، هەواڵیش کە ڕەگەزێکی گرنگی مەیدانی ڕۆژنامەنووسییە و زمان تیایدا ئامێرێکی زۆر چالاکە، بۆیە دەبێ هونەرەکانی داڕشتن لە

خزمەتی ئەم بوارەی ڕۆژنامەنووسیدا بێت، کە پێویست بە ئاگادار بوون دەکات لە یاسا و ڕێسای ئەو زمانەی، کە بابەتە ڕۆژنامەییەکەی پێ دادەڕێژرێ، یەکێك لە بنەما هەرە دیارەکانی ڕۆژنامەنوسیی کورت بڕی و سادە و ساکاری نووسینە. هەواڵیش بە هەموو جۆرەکانییەوە پێویستی بەو شێوازەی زمان هەیە بۆ ئەوەی وەرگر بە ئاسانی تێی بگات.

**. 5 کەرەستەی باسەکە:**

کەرەستەی باسەکە بریتییە لەو هەواڵە جۆراو جۆرانەی، کە لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە کوردییەکانی نێوان ساڵانی (1991  2000) ە، دیاری کردنی ئەو ماوەیەش تەنها بۆ ئەوە بووە تاکو بتوانرێ نموونەکان بە ئاسانی دەستکەون و بە پێی ئەو بنەما زمانییانەی، کە ئاماژەمان پێ کردوون کەم و کوڕییەکانیان خراونەتە ڕوو بە شێوازێکی پوختتر هەوڵی دارشتنیان دراوە.

**. 6 ڕێبازی باسەکە:**

باسەکە بە پێی پەیڕەوی ڕێبازی پێوەری (معیاري) و هەندێ لایەنی پراکتیکی شیکردنەوەی زمانی هەواڵ لە دەقە هەواڵییەکانی ناو ڕۆژنامە کوردییەکان ئەنجام دراوە.

**0  7 ناوەڕۆکی باسەکە:**

نامەکە لە چوار بەش پێکهاتووە، سێ بەشی تیۆری و بەشێکی پراکتیکی.

**بەشی یەکەم** بۆ (**زمان و زمانیی ڕۆژنامەنووسیی**)، لە دوو بەند پێکهاتووە:

**لە بەندی یەکەمدا** باس لە هەندێ لایەنی پێوەندیدار بە زمان کراوە، بە پشت بەستن بە سەرچاوەی جۆراو جۆری زمانناسی، خستنە ڕووی چەمك و پێناسەی جۆراو جۆری

زمان، دواتر باس لە تایبەتییەکان و ئەرکەکانی زمان کراوە و جەخت لە سەر ئەو ئەکانە کراوە، کە (هالیدای) باسی کردوون و زیاتر لە سەر ئەرکی هەواڵ گەیاندن وەستاوین، وەکو بابەتێکی پێوەندیدار بە لێکۆڵینەوەکە.

**لە بەندی دووەمیشدا**، باس لە زمانی ڕۆژنامەنووسیی کراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

لێکدانەوەی زاراوەی ڕۆژنامەنووسیی لە ڕووی چەمکەوە، چەمکی زمانی ڕۆژنامەنووسیی، مەبەست لە زمانی ڕۆژنامەنووسیی چییە؟، ئایا ڕۆژنامەنووسیی کوردی زمانی تایبەت بەو بوارەی هەیە؟، تایبەتییەکانی زمانی ڕۆژنامەنووسیی، کە بریتین لە: (زمانی ڕۆژنامەنووسیی زمانێکی کارەکییە، سادە و ساکاری، وردی و بەرجەستە کردن، گیان بەبەردا کردن، بەکار نەهێنانی زاراوە و گوزارشتە تەقلیدییەکان، بابەتی). دواتر باس لە سەرچاوەکانی زمانی ڕۆژنامەنووسیی کراوە، کە بریتین لە: (زمانی ستاندارد، زمانی گشتی، وەرگێڕان)، بە کورتی باس لەو سێ جۆرە کراوە، چونکە ئامێر و هۆکاری سەرەکی ڕاگەیاندنن، لەگەڵ دەستنیشان کردنی جیاوازی نێوانیان.

**بەشی دووەم** ئەم بابەتانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێ:

پێوەندی کردنی جەماوەری، چەمك و پێناسەی پێوەندی کردن، جۆرەکانی پێوەندی کردن، کە بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش کراوە: یەکەمیان پێوەندی کردن لە ڕووی ئاستەوەیە، کە پێوەندی کردنی خودی و کەسی و جەماوەری دەگرێتەوە. دووەمیشیان، پێوەندی کردن لە ڕووی دەربڕینەوەیە، کە پێوەندی کردنی گوتەیی و ناگوتەیی دەگرێتەوە. ئەمجا باس لە ڕۆڵی زمان کراوە لە پرۆسەی پێوەندی کردندا. هەروەها باس لە زمان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کراوە.

**بەشی سێیەم** پێکهاتووە لە:

هەواڵ، چەمك و پێناسەی هەواڵ، پێناسەکانیش بە پێی چەند بنەمایەك خراونەتە ڕوو، وەکو: ئەو پێناسانەی، کە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی تیایاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوانەی جەخت لە سەر یەکێ لە بەهاکانی هەواڵ دەکەن، وەکو: (تازەیی و هەنووکەیی، بابەتی، سەیر و سەمەرەیی، بەدەست هێنانی قازانج)، جۆرەکانی هەواڵ و دابەش کردنیان بە پێی سێ بنەما(جۆری، جوگرافی، کات). سەرچاوەکانی هەواڵ و جۆرەکانی سەرچاوە: (لە ڕووی پێوەندییان بە میدیاکانەوە، لە ڕووی گرنگییان، لە ڕووی بە هێزی و لاوازییانەوە).

ڕەگەزەکانی هەواڵ کە شەشن: کێ، کەی، لەکوێ، چی، بۆچی، چۆن.

هەروەها ئەرکەکانی هەواڵ، بەهاکانی هەواڵ، زمانی وێنە لە هەواڵی ڕۆژنامەییدا.

**بەشی چوارەمیش** کە بەشێکی پراکتیکییە ئەم بابەتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێ:

دارِشتنی هەواڵ، بەشەکانی هەواڵ لە ڕووی دارِشتنەوە (مانشێت، پێشەکی، جەستە). شێوەکانی مانشێت لە ڕووی دارِشتنەوە، مەرجەکانی مانشێتی سەرکەوتوو، زمانی مانشێت.

پێشەکی، پێناسەی، تایبەتمەندییەکانی پێشەکی سەرکەوتوو، جۆرەکانی پێشەکی.

جەستەی هەواڵ، قاڵبەکانی دارِشتنی هەواڵ، قاڵبی هەرەمی سەرەو ژێر کراو، هۆیەکانی بەکار هێنانی ئەم قاڵبە، تایەبتمەندییە باشەکانی ئەم قاڵبە، پێوەندی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بە قاڵبەکانی دارِشتنی هەواڵ.

بنەما زمانییەکانی دارِشتنی هەواڵ، چاو پۆشی کردن لە وشەی زیاد، کە ئەم لایەنانە دەگرێتەوە: (ئەو کارانەی هیچ بەهایەکیان نییە، بەکارهێنانی دەمکاتەکانی کار، ئاوەڵگوزارەی کات، ئاوەڵناو، ئامرازەکانی بەستن و لێکدەر)، ڕستەی درێژ، کورت بڕی و چڕ کردنەوەی ڕستە و پەرەگرافەکان. چەند دیاردەیەکی زمانیی لە زمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ماوەی لێکۆڵینەوەکە، وەك: ئەو دیاردانەی پێوەندییان بە وشە و دەستەواژەوە

هەیە، کاریگەری زمانی بێگانە بە سەر زمانیی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە. دواتر ئەنجام و کورتەی نامەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەنەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم

## زمان و زمانی ڕۆژنامەنووسیی

### بەندی یەکەم: زمان

### بەندی دووەم: زمانی ڕۆژنامەنووسیی

# 1- زمان و زمانی ڕۆژنامەنووسیی

## 1-1 زمان

### 1-1-1 چەمك و پێناسەی زمان:

مرۆڤ لەگەڵ لە دایکبوونی دا گەلێك ڕەفتار بە شێوەیەکی ئاسایی فێر دەبێ و بە ئاسانی و ڕەوانی بەکاریان دەهێنێ، یەکێك لەم ڕەفتارانە زمانە. مرۆڤ لە دوای لە دایکبوونی بە ئاسانی فێری دەبێ و وا هەست دەکات بە شێکە لە خۆی.

زمان بە گرنگترین و بەرزترین ئەو دیاردانە دەژمێردرێ، کە بە دەستی هێناوە، بە هۆیەوە لە شتەکان و دەوروبەری گەیشتووە، هیچ زانیارییەك بەبێ زمان بوونی نییە بەهۆی زمانەوە هەموو چالاکییە هرزییەکانی دوور و نزیکی مرۆڤ یەك دەگرنەوە. (**65:ل 7**).

زمان بەرهەم و دروستکراوی تاکە کەسێك نییە، بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵە و هەڵقوڵاوی ژیانی کۆمەڵایەتییە. پلەو پایەی زمان لە هەر کۆمەڵێك لەوەوە دەردەکەوێ کە ئەو زمانە سیستەمێکی دیاریکراوی ڕێزمانی بە دەست دێنێ و ئەو کۆمەڵەش ڕێز لەو سیستەمە دەگرێ و پارێزگاری لێ دەکات، وێڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییە و پێشڤەچوونەی دووچاری ئەو زمانە دەبێت، چونکە هەروەکو ئاماژەمان پێکرد زمان بەرهەمی تاکە کەسێك نییە، بەڵکو سروشتی کۆمەڵی مرۆیی دروستی کردووە.

بۆیە دەتوانین بڵێین سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە و ڕووبەڕووی هەموو ئەو گۆڕانکاری و گەشەسەندن و پێشکەوتنانە دەبێتەوە، کە کۆمەڵ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. (**30: ل 203**).

زمان ئامێری بەرهەم هێنانە، بەڵام "ئامێر" بە واتەیەکی تایبەتی هاوبەشیی زمان لەگەڵ ئامێرەکانی بەرهەم هێناندا ئەوەیە، کە هەردووکیان بەرامبەر بە سەرخان بێ

باکن و خزمەتی چین و کۆمەڵی جیاواز دەکەن، بەڵام ئامێری بەرهەم هێنان خێرو بێری ماددی دێنێتە بەرهەم، هەرچی زمانە هیچ ناهێنێتە بەرهەم، بەڵکو تەنیا هۆیە بۆ خزمەتی پێوەندی و لە یەکتر گەیشتنی ئادەمیزاد. زمان ئامێرێکی ئایدۆلۆجییە. ئامێری بەرهەم (تەور، داس، پاچ ) بەدەن و شێوە و دیمەنێکی هەیە، زمانیش خاوەنی پێکهاتن و سیستەمێکی ئۆرگانییە. (**19**:ل **76–77**).

دەربارەی زمان (دی سۆسێر) سێ چەمکی لە یەکتر جیاکردۆتەوە، کە بریتین لە:

- ئاخاوتن- La parole: ئەوەی کە قسەکەرێك بەرهەمی دێنێ
- زمان- La langue: بریتییە لە ڕەوشتی هاوبەش، یا ئاخاوتنی زمانیی هەموو ئە قسەکەرانەی، کە بە زمانێکی دیاری کراو لە یەکتر دەگەن.
- زمان- La language: واتە زمان بە گشتی، هەر زمانێك لە هەر چ شوێنێك بێت. (**36**: ل **56**)

پێناسەی دیاردەیەکی وەکو زمان کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە زۆر ڕوانگەی جۆرا و جۆرەوە سەیر دەکرێ و هەر شارەزایەك لە چوارچێوەی پسپۆرییەکەی خۆیەوە لێی دەکۆڵێتەوە، بۆیە لێرەدا چەند پێناسەیەك دەخەینە ڕوو:

1- داڤید لویس، دەڵێ: زمان بریتییە لە تێکەڵاوکردنی ڕستە و واتا لە چوارچێوەیەکی بێ کۆتاییدا. (**82**: ل **78**)

2- مارتنیت، دەڵێ: زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن، دەکرێت بە چەند دانەیەکی وردەوە (مۆرفیم)، کە هەریەکەیان خاوەن واتاو فۆرمە. (**23**: ل **5**)

3- فردینان دی سۆسێر، دەڵێ: زمان بەرهەمی کۆمەڵایەتی هاوزمانانە و کۆمەڵە ئاکارێکی زۆر پێویستە، کە کۆمەڵ دایهێناوە بۆ ئەوەی یارمەتی تاکەکانی بدات لە بەکار هێنانیدا. (**59**: ل **27**)

4- هۆل، دەڵێ: زمان فەرمانگەیەکە خۆی و بەڕێوەبردنی خۆی لە دەست خۆیدایە، لە ڕێی فەرمانگەکەوە مرۆڤەکان گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا دەکەن و لە یەکتر دەگەن. بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێی ڕەمزی دروستکراوی دەستوور بەدەری زاری (بەدەم) و گوێی (بەبیستن بە دەنگ یان دەنگیی) ەوە تێکەڵ بە یەکتری دەبن و کار لە یەکتری دەکەن. (**25**: ل **11**)

5- زمان سیستەمێکی هێمایی سەربەخۆیە، لەناو کۆمەڵدا لە خۆوە سەر هەڵدەدا و بۆ مەبەستی لە یەکتر گەیشتن لە نێوان تاکەکانی دا بەکاردێت. (**61**: ل **7**)

6- زمان بریتییە لە کۆمەڵێك ئاکاری دەنگی، هاوزمانان لە باوك و باپیرانیانەوە بۆیان بەجێ ماوە و پابەندینە، واتە هەموو یەکێك بە زمانی ئەو کۆمەڵە قسە دەکات، کە تیایدا پەروەردە دەبێت، بە پێی شێواز و ڕێبازێکی دیاریکراو دەنگ و زاراوە و وشە و پێکهاتەکانی ئەو زمانە بەکار دەهێنێ، لە پاشاندا دەبێتە ڕەوشتێکی ئاسایی بۆی، زمانیش بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵناسان وای بۆ دەچن، کە هەر یەکێك لە ئێمە لە کاتی لە دایکبوونبیدا سیستەمێکی زمانیی لەبەر دەست دایە، کە کۆمەڵەکەی پەیڕەوی دەکات و لەوەوە فێری دەبێت، هەروەها فێری هەموو ڕەوشت و سیستەمەکانی تری کۆمەڵایەتی دەبێت. (**57**: ل **4**)

7- لە کتێبی ( کورتەیەك لە سەر شیکاری زمانناسی ) بلۆخ و تراگەر، لە پێناسەی زماندا دەڵێن: زمان سیستەمی هێمای دەنگی یا گوتراوی هەڕەمەکییە، کە لە ڕێگەیەوە گروپێکی کۆمەڵایەتی هاوکاری دەکەن. (**5**: ل **91**)

8- زمان سیستەمێکی دەنگی درکێنراوە، ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە، کە ئاستە جیاجیاکانی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی) بەڕێوە دەبات، بە شێوەیەکی یەکگرتوو و بە تین کار دەکات، بۆیە زمان سیستەمی سیستەمەکانە. (**36**: ل **57**)

هەموو ئەو پێناسانە لەوەدا ڕێك دەكەون و داكۆكی دەكەن، كە زمان چەند تایبەتییەكی هەیە:-

## 2-1-1: تایبەتییەكانی زمان

ڕاستییەكی نە گۆڕە، كە كۆمەڵ بێ بەكار هێنانی زمان بە ڕێوە ناچێ و زمانیش گرنگترین ئامێری بەستن و لە یەكتر گەیشتنی ئادەمیزادە. هیچ چالاكییەكی مرۆڤ نییە، كە لە دەربڕینی بیر و مەبەست، هەست و نەست پێشكەوتن و گەشەكردنیدا زمان بەشداری تێدا نەبێ.

لە كۆنەوە فەیلە سووفان وتوویانە، كە مرۆڤ گیاندارێكی قسەكەرە، مەبەستیان لەم گوتەیە ئەوەیە، كە تەنها مرۆڤە دەتوانێ بیر و باوەڕی خۆی بە گوتە و وشە دەربڕێ.

زمان پێوەندییەكی توندو تۆڵی بە مرۆڤ و ژینگەكەیەوە هەیە. گرنگی و بایەخی زمان لەوە دایە، كە كردەی پێوەندی بۆ مرۆڤ لە نێوان تاك و ژینگەكەی دا دەستەبەر دەكات و گوزارشت كردن لە بیر و بۆچوون و هەست و نەستی و گەیاندنی بۆ خەڵكانی تر ئاسان دەكات و بەم پێیە بوونی خۆی لە كۆمەڵدا دەچەسپێنێ. (**76: ل 13**)

زمان بە بناغەی شارستانی مرۆیی دادەنرێ، چونكە هۆكارێكی سەرەكی پێوەندی كردنی نێوان نەوەكانە و لە ڕێگایەوە زانیاری و شارەزایی و دەسكەوتە شارستانییەكان بە هەموو شێوەكانیانەوە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر دەگوازرێنەوە. هەروەها مرۆڤ لە ڕێگای زمانەوەیە بە مردنی لە ژیان دانابڕێت، چونكە زمان وادەكات، كە مرۆڤ بە درێژایی مێژوو لە پێكهێنانی هزر و ڕۆشنبیری نەوەی داهاتوودا بەشدار بێت. نموونەش بۆ ئەم قسەیە ئەو نووسراو و نیگارە كۆنانەی سەر دیوارەكانە، كە میسرییە كۆنەكان لە دوای خۆیان بەجێیان هێشتووە و لە دوای چەند هەزار ساڵێك بە هۆی خوێندنەوەیانەوە توانراوە شارەزای ژیان و شارستانیەتییان ببین. (**36: ل 13**)

زمانەوانان چەند تایبەتییەکیان بۆ زمان دەستنیشان کردووە کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەرچاو دەکەون:

### 1-2-1-1 زمان داهێنانی تێدایە:

زمانی مرۆڤ لە ئاخاوتندا سیستەمێکی کراوەی هەیە، واتە مرۆڤ دەتوانێ ڕستەی بێ سنوور بەرهەم بهێنێت، لە چاو سیستەمی پێوەندی کردنی گیانلەبەران،کە لە چەند دەنگێکی دیاریکراو پێکهاتووە. (**76: ل 30**)

زاراوەی بەبەرهەمی (داهێنان) لە تازەترین سەرچاوەکانی زانستی زماندا، بە تایبەتی لە لایەن (چۆمسکی) یەوە، قورسایی خراوەتە سەر (**25: ل 40**)، ئەم تایبەتمەندییەی زمان توانستی ئاخێوەر دەردەخات لە بەرهەم هێنان و تێگەیشتنی ژمارەیەکی بێ کۆتایی ڕستە کە پێشتر گوێی لێ نەبووە، ئەمەش لە نێو بوونەوەراندا تەنها لەلای مرۆڤ بەدی دەکرێت.

دیاردەی داهێنان ئەم کارانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێ:

أ- بەکارهێنانی سروشتی زمان، بەکارهێنانێکی نوێ کردنەوەیە، بە واتایەکی تر، ئەوەی کە زۆر جاران مرۆڤ دەیدرکێنێ‌یان دەری دەبڕێ، لە کاتی بەکار هێنانی زماندا، هیچ گومانی تێدا نییە، کە دەربڕاوی تازەن و بە هیچ جۆرێك ناکرێ بە شتێکی دووبارە بوو لەوەی کە پێشتر مرۆڤ بیستوویەتی لەقەڵەم بدرێت.

ب- دەتوانین بڵێین، کە بەکارهێنانی زمان لە ژێر هیچ فشار و هاندەرێکی دەرەکی و ناوەکیدا نییە، بەڵکو سەربەستە و دوورە لە هەموو کۆت و پێوەندێك. لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێبینییە، زمان بە ئامرازێکی هزر و گوزارشتکردنی خودی لە قەڵەم دەدرێت.

ج- بەکارهێنان، پتەوی زمان و گونجانی لەگەڵ بارودۆخی قسەکردن دەردەخات، لە

ڕاستیدا ئەم تۆکمەییە سیمای سەرەکی زمانی مرۆڤە، بۆیە هیچ ئامرازێك لە توانای دا نییە ئەوتۆکمەییەی، کە لە زماندا تێبینی دەکرێت، شیتەڵی بکات. (**76: ل 31**)

**2-2-1-1 زمان تایبەتە بە مرۆڤ:**

لە دێرینترین ڕۆژگارەوە باوەڕ وابووە، کە زمان مرۆڤ لە هەموو گیاندارەکانی تر جیا دەکاتەوە، چونکە تەنیا مرۆڤ بەهرە و توانای قسەکردنی تێدایە، (**23: ل 8**). واتە تەنها مرۆڤ دەتوانێ بیر و هزری لە شێوەی گوتن دا دەربڕێ، بۆیە زۆربەی توێژەران لە سەر ئەوە کۆکن، کە بیر و زمان لەلای مرۆڤ لە یەکتر جیانابنەوە. (**70: ل 9**)

بێ گومان ئاژەڵ و پەلەوەر و گیانلەبەرانی تر بە گشتی پێڕەوێکییان هەیە، هەرچەندە زۆر سادەش بێت بۆ لەیەکتر گەیشتن بەڵام ئەم (زمانانە) لە چالاکیدا زۆر لە زمان کەمترن.(**23:ل 8**)

لەم بارەوە توێژەران و پسپۆرانی بواری مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆژیا) و دەروونناسی و زمانناسی، هەوڵییان داوە جیاوازی نێوان زمانی مرۆڤ و ئەو شێوە جیاجیایانەی گیانلەبەران بۆ پێوەندی کردن لەگەڵ هاوپۆلی خۆیدا، کە دەریدەبڕێت بخەنە ڕوو. (**70:ل 9-10**). ئەو شێوازانەی، کە گیانلەبەران بە کاری دەهێنن بۆ پێوەندی کردن زۆر سنووردارە، بەڵام زمانی مرۆڤ بێ سنوورە.

دەنگ و هێماکان لەلای گیانلەبەران کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئەو شتانەیە، کە لە ژینگەکەی خۆیدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بەڵام زۆربەی ئەو ڕەمزانەی، کە مرۆڤ بەکاری دەهێنێ، هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ ئەو شتەدا نییە کە بۆی بەکاردێت. هەروەها مرۆڤ لە قسەکردندا توانایەکی گەورەی هەیە بۆ داهێنان، بەڵام ژمارەی ئەو دەنگانەی کە گیانلەبەر دەریاندەبڕێ زۆر سنووردارە. جگە لەوە مرۆڤ زمانەکەی بە پێی سیستەمێکی تایبەتی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی ئاڵۆز بەکار دەهێنێ، کە لەلای هاوزمانانی

خۆی باو و ناسراوه، بەڵام ڕەوشتی پێوەندی کردن لای گیانلەبەران نەگۆڕ و چەسپیوه، ناتوانن پێشی بخەن.

زمانی مرۆڤ وەرگیراوه (مکتسب)، واته نەوەکان له باوك و باپیریانەوه وەریدەگرن، بەڵام ڕەوشتی پێوەندی کردنی گیانلەبەران دەرەنجامی فێربوون و وەرگرتن نییه، بەڵکو ڕەوشتێکی غەریزی بۆماوەییه.

مرۆڤ دەتوانێ زمان بۆ ئاماژه کردن لەو شت و ڕووداوانەی دوورن له قسەکەر له ڕووی کات و شوێنەوه بەکار بهێنێ، واته باس له ڕابردوو و ئاینده بکات و لێی بکۆڵێتەوه، یان شت له زمانی ترەوه وەربگرێت. هەموو ئەمانه له توانای گیانلەبەردا نییه، لەبەر ئەم هۆیانه پێڕەوەکانیان ناچێته ڕیزی زمان و ئەو بەهایەی نادرێتێ.

**3-2-1-1 زمان پێڕەوه (سیستەمه):**

ئەگەر زمان خاوەنی پێڕەوێکی تایبەتی نەبێت، ئەوا کەس ناتوانێ فێری ببێت، (**23: ل 9**). زمان له دوو پێڕەوی سەرەکی پێك دێت، هەر پێڕەوێك لەم پێڕەوانه یاسا و ڕێسا و یەکەی تایبەتی هەیه له دروست بوونی دا، (**70: ل 13**). یەکەکانی پێڕەوی دەنگی زمان بریتین له پیت (فۆنیم)، که دانەی زمانن و له هەر زمانێکدا ژمارەیان دیاری کراوه له نێوان (30  60) دایه، هاوزمانان تەنها کەڵك له ژمارەیەکی زۆر کەم وەردەگرن، ئەگەرچی ئەندامانی ئاخاوتن دەتوانن ژمارەیەکی زۆری دەنگ دەربڕن. یەکەی دەنگیش (فۆنیم) واتای نییه، بەڵام دەتوانێ واتا بگۆڕێ به تایبەتی له کاتی کرتاندن یان زیادکردنی فۆنیمێك له وشەیەکی واتاداردا به ئاشکرایی به دەردەکەوێ.

یەکه دەنگییەکان یان فۆنیمەکانیش ئەو کەرەسانەن، که به لێکدانیان یەکەکانی پێڕەوی دووەم (پێڕەوی ڕێزمانی) پێکدەهێنن، که تیایدا دانه واتاییەکان (مۆرفیم)

دروست دەبێت و ئەم دانە واتاییانەش بە پێی پێوەندییە سینتاکسییەکان (ستوونی و ئاسۆیی) بە لێکدانیان دانەی سینتاکسی (سادە و ئاڵۆز) دروست دەکەن.

### 1-1-2-4 زمان دەنگە:

لەو کاتەوە کە ئەزموونی گشتی هەموو مرۆڤێك لە ئاخاوتن و بیستن دا بووە، بارو دۆخی زمانیش وەکو دەنگ لە دووتوێی ئەم ئەزموونە گشتییەدا بە ئاشکرا دیارە، کە پێڕەوی دەنگ لە پێڕەوی نووسین جیادەکاتەوە. مەبەستی ئێمە لێرە ئەوەیە، کە دەنگەکانی زمان بە پلەی یەکەم دێن لە پێش هێماکانی نووسین، (**67: ل 45**). واتە لە بنەڕەتا درکاندن لە پێش نووسین بووە، ئێمە هەموومان بەر لە نووسین فێری قسەکردن بووین، دەنگیش کەرەسەی زمانی مرۆیی یە و سێ لایەن دەگرێتەوە. (**70: ل 12**) لایەنی دروست کردن و گواستنەوە و وەرگرتنی دەنگ.

کەواتە زمان پێویستی بە قەناتی دەم و گوێ هەیە و بەلای کەمەوە دەبێت قسەکەرێك و گوێگرێکمان هەبێت (هەرچەندە هەردوو دەورەکە تاکە کەسێك دەتوانێ پێکەوە بیان بینێ، وەك کاتێك کەسێك لەبەر خۆیەوە قسە بکات)، دوو کەسەکەش دەتوانن دەورەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن، بە واتای ئەوەی گوێگر ببێتە قسەکەر و بە پێچەوانەوەش. (**23: ل 7**)

### 1-1-2-5 زمان ڕەمزە:

کە دەڵێین دەنگەکانی زمان (ڕەمزن) مەبەستمان ئەوەیە، کە ئەم دەنگانە شتێك دەنوێنن خۆیان نین و پێوەندی نێوان شتەکە و ئەو دەنگەی کە دەینوێنێ پێوەندییەکی لە خۆوەیە، بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆر ڕەمز لە ئارادایە:

ڕمزی وێنەیی، ڕەمزی هۆیی، ڕەمزی لەخۆوە.

زۆربەی ڕەمزەکانی زمان ڕەمزی لەخۆوەن (ناڕاستەوخۆ)، واتە پێوەندی نێوان ڕەمزەکان و ئەو شتانەی کە دەینوێنن پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆن، چونکە ئەگەر پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ بووایە، ئەو کاتە هەموو شت و دیاردەکان لە هەموو زمانانی جیهاندا هەمان ڕەمزیان بۆ بەکار دەهات، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەم هەموو زمانە جیاجیایانە بێنە ئاراوە. (**67: ل 49**)

ڕەمزەکانی زمانیش ئەم تایبەتییانەیان هەیە:

- ڕەمز پێویستی بە نێرەر و وەرگرێك (قسەکەر و گوێگر) هەیە.
- پێوەندی نێوان ڕەمزەکە و شتەکە، پێوەندییەکی لە خۆوەیە (ناڕاستەوخۆ).
- ڕەمز پێویستی بە مەبەستێکی قسەکەر هەیە لە کاتی بەکارهێنانی دا، تاکو ببێتە هۆکارێك بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی.
- ڕەمز ئەو شتە نانوێنی، کە ئاماژەی بۆ دەکات، بۆیە پێویستی بە لێکدانەوە هەیە. (**70: ل15**)

### 1-1-2-6 زمانەکان پێك دەچن:

وا مەزندە دەکرێ، کە ژمارەی زمانانی جیهان خۆی لە (5000) پێنج هەزار زمان بدات، (**70: ل 16**). ئەگەر بێتوو سەیری ئەم زمانانە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە جۆرە لەیەك چوونێك لە نێوانیاندا هەیە وەکو:

- هەموو منداڵانی جیهان بە ئاسانی توانای فێربوونی زمانیان هەیە.
- هەموو زمانان دەنگ بەکاردەهێنن بۆ گواستنەوەی واتا، پێوەندی نێوان دەنگ و واتاش لە هەمواندا پێوەندییەکی لە خۆوەیە.

- زمانان پێك دەچن، چونکە ئەوانەی قسەی پێ دەکەن لە ڕووی هەست کردن بە شتەکانی دەوروبەریان لە جیهانی دەرەوەدا پێك دەچن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە دەکرێ هەموو دەقێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی ترەوە وەربگێڕدرێ.
- لە جیهاندا زمانی دواکەوتوو، یان سەرەتایی نییە، هەموو زمانەکان لە ئاڵۆزی و توانای گوزارشت کردنیان دا یەکسانن.
- زۆربەی زمانانی جیهان ژمارەیەکی دیاری کراوی دانەی دەنگی بەکار دەهێنن بۆ دروست کردنی ڕەگەزە زمانییە واتادارەکان لەم ڕەگەزانەش دەستەواژە و ڕستەکانی زمان دروست دەبن.
- زۆربەی زمانانی جیهان ئاستی دەنگو ڕێزمان (وشەسازی و ڕستەسازی) یان تێدایە، لە ڕووی تایبەتمەندییەوە لەیەك دەچن.
- لە زۆربەی زمانانی جیهاندا، ناو و کات و شوێن و پرسیار ...... هتد، هەیە لە هەمان کاتدا زمانەکان جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

### 7-2-1-1 زمان واتایە:

ئەوەی وای لە زمانەوانان کردووە، کە لە زمان بکۆڵنەوە ئەوەیە، کە دەنگەکانی زمان هەموو ڕاستییە مرۆییەکان لە جیهانی فیزیاویدا دەنوێنن. (**67: ل 68**)

دەنگیش نابێتە دەنگێکی زمانیی ئەگەر هەڵگری واتا یان ڕۆڵێکی لە واتادا نەبێت، (**70: ل 18**). گرفتی سەرەکی لە زمانناسی دا، دەستنیشان کردنی پێوەندییە لە نێوان هەردوو لایەنی زمان، لایەنی دەنگ یان درکاندن (**منطوق**) و لایەنی واتا.

هەندێ لە توێژەرە دێرینەکان وای دەبینن، کە وشە (درکێنراو) بەشێکە لە زمان، بەڵام واتا بەشێکە لە جیهانی دەرەوە، چونکە وشە ناوە بۆ شت و شتیش واتاکە خۆیەتی.

کۆمەڵێکی تر وای دەبینن، کە مانا بەبێ دەرخستنی ئەو دەورووبەرەی، کە قسەی تێدا دەکرێ، دروست نابێ.

مەبەستی خەڵك لە قسەکردندا، گوزارشت کردنە لە واتای بیرو بۆچوونیان، گوێ دەگرن تاکو لە واتای ئەو قسانە بگەن، کە خەڵکانی تر دەیکەن. بە هۆی واتاوە دەتوانین لە هەموو شێوە زمانییە ئاڵۆز و شاراوەکان بگەین. کەواتە بەبێ واتا زمان بوونی نییە. (**36: ل 125  126**)

## 3-1-1 ئەرکەکانی زمان:

مەبەست لە ئەرکەکانی زمان ئەو ئەرکانەن، کە مرۆڤ بە هۆی زمانەوە لەناو کۆمەڵدا جێبەجێیان دەکات. ئاشکرایە ئەم کارانە هێندە زۆر و ئاڵۆز و وردن هەروا بە ئاسانی پۆل ناکرێن، (**23: ل 26**). بۆیە ئێمە هەروا بە ئاسانی ناتوانین لە کرۆك و سروشتی زمان بگەین تەنها لە لە دووتوێی ئەو رۆڵەدا نەبێ، کە لە ژیانی تاکە کەس و کۆمەڵدا دەیبینێ، بە تایبەتی لە پەیوەندی نێوان بیر و بەرهەمەکانی بیر لەلایەك و زمان لەلایەکی دی. توێژینەوەش لە زمان پێویستی بە لێکۆڵینەوە لە ئەرك و ئیشی زمان لەناو کۆمەڵدا هەیە. (**36: ل 21**)

لە کۆندا بیرورا وابوو، کە ئەرکی زمان بریتییە لە گوزارشت کردن لە بیری مرۆڤ ، بەڵام نوێ خوازەکان جەخت لەسەر لایەنی پێوەندی کردن دەکەن وەکو ئەرکێکی سەرەکی زمان. (**72:ل7**)

بۆ ئەم مەبەستە (ئەندریە مارتینە)، وای دەبینێ، کە ئەرکی سەرەکی زمان بریتییە لە پێوەندیی تاکەکانی کۆمەڵ لە چوارچێوەی کۆمەڵەکەیدا. شایانی باسە (مارتینە)، لەپاڵ ئەم ئەرکە سەرەکییەی زمان ڕەچاوی ئەرکە جیاجیاکانی تری زمانی کردووە. (**67: ل 253**) هەروەها ئەگەر سەیر بکەین دەبینین خەڵکی ڕۆژانە زمان لە هەموو بوارە

جیاجیاکانی ژیانیان بە شێوەیەکی سروشتی بەکار دەهێنن، بێ ئەوەی بیر لەو ئەرکانە بکەنەوە، کە زمان جێبەجێیان دەکات. تەنانەت باوەڕوابوو، کە ئەرکی زمان چ لای گەورە چ لای منداڵ تەنها گواستنەوەی بیروڕایە لە یەکێکەوە بۆ خەڵکانی تر. بەڵام وا ئاسان و سادە و ساکار نییە، بەڵکو لە ئاستی جیاجیادایە، بۆ نموونە مرۆڤی پێگەیشتوو بیروڕای خۆی بە شێواز و جۆری جیاواز لە منداڵێك بۆ خەڵکانی دەوروبەری دەگوازێتەوە. (**41: ل 52**)

دەستنیشان کردنی ئەرکەکانی زمان لەلایەن پسپۆڕان و زمانەوانانەوە چەند دابەش کردنێکی جیاجیای بەخۆوە دیوە، لەمانە بۆ نموونە:

(**حاتم صالح الضامن**) بەم جۆرەی خوارەوە ئەرکەکانی زمان دەستنیشان دەکات (**40:ل 133**):

1- ئەرکی کۆمەڵایەتی: لە ڕێگای زمانەوە هەموو شارەزاییەك و ئەزموونێکی نەتەوە و کۆمەڵ دەستەبەر دەبێت، یارمەتی تاکەکان دەدات لەگەڵ کۆمەڵ بگونجێن، (چونکە زمان سامان و موڵکی کۆمەڵە و پێوەندی و لە یەکتر گەیشتن لە نێوان کۆمەڵدا پێك دێنێ و مەودای ڕاگەیاندن و پاراستنی هەواڵی هەر دیاردەیەکی ماددی و مەعنەویی ژیانی ئادەمیزاد خۆش دەکا) (**19:ل77–78**)

2- ئەرکی دەروونی: زمان چاکترین هۆکارە بۆ شیکردنەوە، لە ڕێگایەوە مرۆڤ دەتوانێ هەرچی بیرێکی هەیە شی بکاتەوە، زمان ئامرازێکە بەکار دێت بۆ وروژاندنی بیر و سۆزی خەڵکانی تر. کەواتە زمان ملکەچی یاسای ئاگادارکردنەوە و بەدەنگەوە هاتنە، کە ئاگادارکردنەوە لە بواری زماندا گوتنە، بەدەنگەوە هاتنیش ڕەوشتی زمان دەگرێتەوە. هەروەها لە ڕێگای دەروونناسی زمانییەوە لەوە دەگەین، کە زمان

پرۆسێسێکی سایکۆلۆگییە و پێوەندی بە زانیاری گشتییەوە هەیە و بەرەنجامی سایکۆلۆگییەکانی تایبەت بەتاکە. (**36: ل 20**)

3- ئەرکی هزری: لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەوە لە گیانلەبەرانی تر جیادەبێتەوە، کە خاوەنی هۆشە و توانای بیرکردنەوە و ئەندێشە و شیکردنەوەی هەیە، بۆیە ناکرێ زمان لە بیر جیا بکرێتەوە. زمانەوانی دان بە یەکێتی زمان و بیردا دەنێ، لە سەر ئەو بنەمایەی، کە هەردووکیان خزمەتی لایەنی کارەکی و بەرهەم هێنان لە زماندا دەکەن. (زمان و بیر لە سەر بنەمای چالاکی کارەکی خەڵك سەریان هەڵداوە و گەشەیان کردووە). (**67: ل 9**)

ڕاستە پێوەندی زمان و بیر ئەرکی لە یەکتر گەیشتن لە نێوان خەڵکدا جێبەجێی دەکات، لەم ڕێگایەوە ڕاگەیاندنی زانیاری و هەواڵ و باسکردن لە ڕابردوو داهاتوو ...... هتد، جێبەجێ دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمان و بیر یەك شت نین. جیاوازن لەو ڕۆڵەی، کە هەر یەکێکیان دەیبینێ، (بیر هۆکارێکە بۆ زانین و ناسینی واقیع، لە کاتێکدا زمان هۆکارێکە بۆ لە یەکتر گەیشتن و پێوەندی کردنی خەڵك.

جیاوازییەکی تر لەوەدایە، کە بیر ئەرکی مادەیەکە خاوەن پێکهاتەیەکی زۆر ئاڵۆزە (هۆش)، بەڵام سروشتێکی نامادی هەڵگرتووە، کەچی زمان بە سروشت مادییە). (**67: ل 10**)

هەروەها (محەمەد مەعروف فەتاح)، لە کتێبەکەیدا چەند ئەرکێکی بۆ زمان دەستنیشان کردووە. (**23: ل 26–34**)

- ئەرکی زانیاری یان هەواڵ گەیاندن.
- ئەرکی پرسیارکردن و دەست خستنی زانیاری.
- ئەرکی هەست دەربڕین و هەست وورووژاندن.

- ئەرکی فەرماندان.

- ئەرکی ڕاپەڕاندن.

- ئەرکی جێ خۆشکردن.

بەڵام (هالیدای) پوختەی ئەرکەکانی زمانی لە چەند خاڵێکدا دەستنیشان کردووە، کە بریتین لە: (**92: ل 60–61**)

1- ئەرکی هۆکاری: Instrumental Function

زمان ڕێگا بە بەکارهێنەرانی دەدات، کە پێداویستییەکانی خۆیان بە هۆیەوە جێبەجێ بکەن و گوزارشت لە خواست و ویستیان بکەن.

2- ئەرکی ڕێکخەری: Regulatory Function

مرۆڤ بە هۆی زمانەوە دەتوانێ کار بکاتە سەر هەڵس و کەوتی خەڵکانی تر، واتە ئەو وشانەی دەریان دەبڕێت بە شێوەی کارەکی جێبەجێ دەکرێت، بۆ نموونە کاتێ دادوەرێك بڕیار دەردەکات بەسەر یەکێك و دەڵێت: (دادگا بڕیاری دا کە......) لە پاشاندا ئەم وشانە، کە پێوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە جێبەجێ دەکرێت. هەروەها تابلۆی ئاگادارییەکان، کە ئەو بابەتانەی هەڵدەواسرێن بەهەمان شێوە جێبەجێ دەکرێن.

3- ئەرکی پێوەندێتی (تێکەڵ بوون): Interpersonal Function

بە گوێرەی ئەم ئەرکە، زمان وەکو هۆکارێکی کاریگەر لە جیهانی کۆمەڵدا بەکار دێت، گرنگی ئەم ئەرکە لەوەدا دەردەکەوێ، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ناتوانێ لێی داببڕێ و زمانیش ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە پرۆسەی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتیدا. سلاوکردن و هەواڵ پرسینی یەکتر بە جوانی و ڕێزەوە لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان ......، نموونەی ئەم ئەرکەی زمانن.

4- ئەرکی کەسی: Personal Function

بە هۆی زمانەوە مرۆڤ دەتوانێ هەست و بیرو باوەڕی خۆی دەربارەی بابەتی جۆراو جۆر دەرببڕێ، هەروەها بە هۆیەوە دەتوانێ ناسنامە و کیان و کەسایەتی خۆی بچەسپێنێ و گوزارشت لە سۆز و هۆشی خۆی بەرانبەر خۆشی و شادی و ناخۆشی و تووڕەبوون دا بکات.

5- ئەرکی پشکنین و دۆزینەوە: Heuristic Function

لە ڕێگای زمانەوە مرۆڤ دەتوانێ شارەزای دەوروبەری خۆی ببێت، کە ئەم ئەرکە ئەرکی پرسیاریشی پێ دەوترێ، چونکە مرۆڤ بە هۆی پرسیارکردن و پشکنین لەو شتانە دەگات کە لە دەوروبەریەتی و زانیاری دەربارەیان نییە.

6- ئەرکی ئەندێشەیی: Imagination Function

مرۆڤ بەهۆی ئەم ئەرکەی زمان دەتوانێ لە ئازار و ئەشکەنجەی ژیان و هەندێ باری هەڵچوون و ناخۆشی دوور بکەوێتەوە، لە ڕێگای بەکارهێنانی وشەی زمان و داڕشتنی بە شێوەی شیعر بە مەبەستی ئاسوودە کردنی ڕۆح و لابردنی ئازار و تاسە و تەنگ و چەڵەمەی ژیان.

7- ئەرکی هێمایی (ڕەمزی): Symbolic Function

وێڕای ئەوەی هەر کۆمەڵێك لە کۆمەلآنی جیهان دەتوانێ لە ڕێگای زمانی زارەکییەوە پارێزگاری لە ئایین و کەلتوور و ئەدەب و خورەوەشت ..... بکات، بەلآم زمانی نووسینیش، کە ڕەمزە بۆ هەموو دیاردەکانی جیهانی دەرەوە و دەوروبەر، بە هۆیەوە دەکرێ ئەم کەلتوورە زارەکییە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بگوازرێتەوە و لە نەمان و ون بوون بپارێزرێ.

8- ئەرکی هەواڵ گەیاندن (ڕاگەیاندن) Informative Function

لە ڕێگای زمانەوە مرۆڤ دەتوانێ زانیاری نوێ و هەمەچەشن بۆ دەورو بەری خۆی بگوازێتەوە، هەروەها بۆ نەوەکانی دواڕۆژیش بەجێی بهێڵێت.

جگە لەمە مرۆڤ دەتوانێ بۆ پارچە جیاجیاکانی گۆی زەویشی بگوازێتەوە، بە تایبەتی دوای ئەو شۆڕشە گەورەیەی تەکنۆلۆگیا، کە هەموو جۆرە ئامێرەکانی ڕاگەیاندنی گرتەوە و وای کرد ئەم ئەرکە ببێتە ئەرکێکی کاریگەر و ڕۆڵی باوەڕ پێ هێنان ببینێ، بۆ نموونە بەهۆی زمانەوە دەکرێ خەڵکی هان بدرێن بۆ ئەوەی جۆرە کاڵایەك بکڕن، یان دوور بکەونەوە لە کاری ناڕاست و نا بە جێی کۆمەڵایەتی ....... کەواتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەو دەستەواژانەی بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێن زیاتر لایەنی ئاراستە کردن و باوەڕ پێ هێنان دەگرنە خۆ، نەك تەنها گواستنەوەی زانیاری.

لە دوای هەموو ئەو ئەرکانەی زمان، کە (هالیدای) دەستنیشانی کردبوون خرانە ڕوو، تێبینی دەکرێ، کە ئەرکەکان تا ڕادایەك سەراپا و فراوانن و جۆرە هاوبەشییەك لە نێوان ئەرکەکاندا بەدی دەکرێت. بەڵام وێڕای هەمە جۆری ئەو ئەرکانەی، کە زمان جێبەجێیان دەکات، ئەرکی پێوەندی کردن لە نێوان کۆمەڵی مرۆڤ بە گرنگترین ئەرك لە قەڵەم دەدرێ.

گرنگترین فاکتەرەکانی پێوەندی کردنیش بریتییە لە: (**76: ل 52**)

- نێرەر (Destinateur)
- وەرگر (Destinataire)
- دامەزراندنی پێوەندی لە نێوان نێرەر و وەرگر (Contace)
- زمانێکی هاوبەش لە نێوان نێرەر و وەرگر (Code)
- پەیام (Message)
- ناوەرۆکێکی زمانیی (Contexte)

پێوەندی کردن بە هۆی زمانەوە لە ڕێگای دوو چالاکییەوە ئەنجام دەدرێت، کە بریتین لە: ئاخاوتن و بیستن.

زمانیش لە ڕووی پێوەندی کردنەوە دوو شێوەی هەیە:

یەکێکیان پێی دەوترێ زمانی گوتەیی (**اللغة اللفضية**  Verbal language)، کە زمانی درکێنراو و زمانی نووسراو دەگرێتەوە، هەروەها دەکرێ ئاوازی دەنگ و پێکەنین و گریان و ماوەی وەستان لە کاتی قسە کردندا بدەینە پاڵ ئەم شێوەیەی زمان.

شێوەی دووەمی پێی دەوترێ زمانی ناگوتەیی (**اللغة غير اللفضية** – Non verbal language)، ئەمەشیان چەند جۆرێکی هەیە، کە بریتییە لە زمانی جەستەیی ( Body language)، پارا زمانی (Para language)، بۆشایی پێوەندی کردن ( Communication space). (**87: ل 296**)

شایانی تێبینییە، لە هەر پارچە گوتنێك یان نووسینێك ورد بینەوە، دەبینین زیاتر لە ئەرکێك لە خۆ دەگرێ، ئەمەش وای کردووە، کە دەستنیشان کردنی ئەرکەکانی زمان بۆ زمانەوانان کارێکی ئاسان نەبێت.

## 2-1 زمانی ڕۆژنامەنووسیی

### 1-2-1 ڕۆژنامەنووسیی:

بریتییە لە زانست و هونەری دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار، کە ئەمەش نووسینی بابەتی ڕۆژنامەیی و هونەرەکانی وێنەگرتن و هێلکاری و ڕێکخستن و چاپکردن ........ دەگرێتەوە.

ڕۆژنامەنووسیی هۆکارێکە لە هۆکارەکانی کارکردنە سەر ڕای گشتی، بە پێی ئەو هەواڵ و بیر و ڕاو ڕاسپاردانەی بلاویان دەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا هۆکارێکە بۆ گوزارشت کردنی بیرو ڕای گشتی و ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەی ڕووی کۆمەڵە. هەروەها لە هەندێ ولاتدا ئامێرێکە بۆ چاودێری کردنی دەسەلات. (**64: ل 529**)

لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ وشەی ڕۆژنامەنووسیی دوو زاراوە بەر چاو دەکەوێت. (**32:ل9**).

أ- The Press: ئەم زاراوەیە لە ڕووی چەمکەوە لە پیشەی ڕۆژنامەنووسیی و دەزگا ڕۆژنامەییەکان نزیکە و ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- چاپکراوە خولاو (دوري) و ناخولاوەکان، بەلام زیاتر خولاوەکان دەگرێتەوە.
- چالاکی و بەرهەمهێنانی ڕۆژنامە
- ڕۆژنامە و گۆڤارە خولاوەکان، زۆربەشیان تەنها ڕۆژنامەکان و بلاوکراوە هەوالییەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دەگرێتەوە.

ب- Journalism: ئەم زاراوەیە بە واتای ڕۆژنامەنووسی وەکو زانست و توێژینەوە و تیۆر و نووسینی ڕۆژنامەیی بەکار دێت، ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- چالاکی و کاری هزری و ئەدەبی ڕۆژنامەنووسان.
- کۆمەڵە ڕۆژنامەیەکی خولاو.

- هەموو ڕۆژنامە و ئاژانسەکان و بەشەکانی نووسین لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دا.

دیارە تازەترین واتا بۆ ئەم چەمکە (Journalism)، بەکار هێنانیەتی بۆ واتای ڕۆژنامەنووسیی وەکو تیۆر و زانستێکی نوێی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کە دیراسەی تیۆر و مومارەسەکردنی ڕۆژنامەگەری (The Press) دەکات لە ڕووی مێژوو، دەرهێنان، بەرهەم هێنان، ڕێکخستنی ڕۆژنامە و گۆڤار. هەروەها دیراسەی تیۆر و مومارەسەکردنی کاری تەلەفزیۆن و ڕادیۆ، کە ئێستا بە (ڕۆژنامەنووسیی ڕادیۆو و تەلەفزیۆن) دەناسرێ. بەم جۆرە دەبینین، کە زاراوەی (Journalism) فراوانتر و سەراپایی ترە لە زاراوەی (The Press).

لە زمانی عەرەبیشدا تەنها زاراوەی (**الصحافة**) بەکار دێت.

بە گوێرەی زمانی کوردیش، نووسەرانی کورد زاراوەی (ڕۆژنامەگەری، ڕۆژنامەنووسیی، ڕۆژنامەوانی) بەکار دێنن. لەم باسەدا من (ڕۆژنامەنووسیی) م بەکار هێناوە، چونکە ئەو ڕایەم بە پەسەند زانی کە لە کتێبەکەی (د. کەمال مەزهەر)، (تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا) دا هاتووە و دەڵێ: (من نیازم بوو ناوی کتێبەکەم بنێم، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، بەڵام قسەی چەند برادەرێکی شارەزا وای لێ کردم (ڕۆژنامەنووسیی) بەکار بێنم چونکە زیاتر لەگەڵ دەستووری زمانی کوردیدا دەگونجێ، یەکەم لەبەر ئەوەی قیاسی هەیە، وەك (دوعا نووسی)، دووەمیش لەبەر ئەوەی بۆ (**الصحفي**) (ڕۆژنامەنووس) نەك (ڕۆژنامەگەر) بەکار دێنن، (گەر) یش بۆ ناونیشانی پیشە وەك (ئاسنگەر، زەڕنگەر) و شتی وا. (**22: ل5**). بەم دواییەش زاراوەی (ڕۆژنامەوانی) یان داڕشتووە و بەکاری دێنن، بەڵام دیسان بەلای من هەر (ڕۆژنامەنووسیی) پەسەند ترە، چونکە وێڕای ئەو ڕایەی کە لە کتێبەکەی (د. کەمال مەزهەر) دا خراوەتە ڕوو، کاری نووسین دیاردەیەکی زەق و دیار و سەرەکییە

شان بە شانی ڕۆژنامە لە کاری ڕاگەیاندندا، هەروەها ئەو ناوە داڕێژراوانەی بە هۆی پاشگری (وان، ەوان) دروست دەبن، زیاتر ئەو ناوانەن، کە هێزی لەش و بازوو تیایدا بەکار دێت وەکو (مەلەوان، ئاشەوان، شاخەوان)، بەڵام ڕۆژنامەنووسیی وێڕای هێزوو بازوو، بیر و هزریش لایەنێکی سەرەکییە تیایدا.

## 1-2-2 چەمکی زمانی ڕۆژنامەنووسیی:

ئەرکی زمان هەر تەنها گەیاندنی بیرۆکە و گوزارشت کردن نییە لێی، بەڵکو لەپاڵ ئەمەدا ئامرازێکی ژیانە، مرۆڤ بۆ ئەوە بەکاری دەهێنێ تاکو ببێتە ئەندامێکی کۆمەڵەکە و بەهۆیەوە لە ڕێگای پێوەندی کردنەوە مەبەستەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

ڕۆژنامەنووسییش، کە بوارێکی فراوانی پێوەندی کردنە و زمانیش چالاکترین و دیارترین هۆکارە تیایدا، بۆیە ڕۆژنامەنووسیی چالاك و کاریگەر نابێت، ئەگەر هاتوو ڕۆڵی زمان پشت گوێ خرا لە پرۆسەی نووسینی ڕۆژنامەیی دا، چونکە زمان لە تێگەیاندنی پەیامی ڕاگەیەنراودا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بە سەر جەماوەردا و دەتوانێ لە دووتوێی دا بەهۆی گۆڕینی هەست و زانیارییەکانی بۆ وشەی (نووسراو، بیستراو، بینراو) لە ڕێگای هۆکارێك لە هۆکارەکانی پێوەندی کردنەوە، بیگەیەنێتە جەماوەرێکی فراوان. (**53**: ل **347**)

توێژینەوە لە زمانی ڕۆژنامەنووسیی بەشێك لە چەمکی ئەو زاراوەیە دەگرێتە خۆ، کە پێوەندی بە نووسینی ڕۆژنامەییەوە هەیە، واتە لایەنی زمانی نووسراو.

کاتێ باس لە زمانی ڕۆژنامەنووسیی دەکرێ، پرسیارێك دێتە پێشەوە، کە ئایا ڕۆژنامەنووسیی زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە جیا بێت لە ئاخاوتن و زمانی ڕۆژانە و زمانی نووسینی ئەدەبی و زانستی؟

ئەم پرسیارەش چەند پرسیاری دی دەورووژێنێ، وەکو:

بۆ ئەم زمانە تایبەتە و مەبەست لەم زمانە چییە؟

جیاوازی لە نێوان ئەم زمانە و زمانی نەتەوەییدا چییە؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە، پێویستە ئەوە بوترێ، کە جەماوەری ڕۆژنامەنووسی وای لە ڕۆژنامەنووسان کرد، کە بە دوای زمانێکی وادا بگەڕێن لەلای هەموو نەوە جیاجیاکان بە ئاستی ڕۆشنبیری جیاجیایانەوە تێگەیشتوو بێت، چونکە ڕۆژنامە چاپکراوێکی دیاریکراو نییە تەنها بۆ جەماوەرێکی تایبەت بێت، بەڵکو گشتییە و هەوڵ دەدات بگاتە فراوانترین کەرتەکانی کۆمەڵ، بە زووتریت کات و کەمترین نرخ. هەروەها زمانەکەشی توانای گواستنەوەی پەیامی هەبێت بۆ وەرگرانی (مستقبل)، ڕوون و ئاشکرا بێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی تێی بگەن. (**50: ل 8**)

لە ڕاستی دا ئەو جۆرە زمانە بریتییە لەو چیکەنەیەی، کە ڕۆژانە (زمانی نووسین) هەڵ دەسووڕێنێت و هەڵی دەشێلێت، تا بەهێزتر و کاریگەرتر و برشتدارتر بێت. (**10: ل 303**)

چونکە (وشەی خوێندراو ئامرازی ڕۆژنامەنووسییە لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی. ڕۆژنامەنووسیش لە ڕێگای ئەو هونەرەی کە پێی گەیشتووە هەوڵی ئەوە دەدات ئەم وشانە کاریگەرییان بە سەر دەروونی خوێنەردا هەبن و هەست بزوێن بن، ئاشکرایە تاکو ئێستاش وشەی خوێندراو بەهێزترین و کاریگەرترین کەرەسەی ڕاگەیاندنە، چونکە لە هزری مرۆڤدا جێگیر دەبێت و لەگەڵ هۆشیدا ئاوێتە دەبێت) (**49: ل 6**). بۆیە پێویستە هەموو وشەکانی ناو دەستەواژە و ڕستەکانی دەقی ڕۆژنامەیی ڕوون و ئاشکرا و تێگەیشتوو بێت لەلایەن هەموو خوێندەوارانەوە، هەروەها دەبێت بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش پیشان بدرێت، تاکو بتوانێ ئاسانی خوێندنەوە بۆ خوێنەر جێبەجێ بکات، کە ئەمەش بە

هونەری دەرهێنانی ڕۆژنامەیی ناسراوە. لێرەدا گرنگی و بایەخی ڕێزمان (وشەسازی و ڕستەسازی) و خاڵبەندی دەردەکەوێت، کە پێویستە ڕۆژنامەنووس ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانی ئەو زمانە بێت، کە پێی دەنووسێت، بە تایبەتی لایەنی ڕستەسازی، کە پێوەندییەکی بە هێزی بە ڕەگەزەکانی پەیامی ڕۆژنامەنووسییەوە هەیە، چونکە لە ڕێگای ڕستەسازییەوە بنەماکانی جیاوازی نێوان هەڵە و ڕاست لە پێکهاتەی زمانیدا دەستنیشان دەکرێت.

کەواتە ڕۆژنامەنووسان، بە تایبەتی ئەوانەی دەزگاکەیان ڕۆژانەیە، وەك (ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن)، بزاڤی زمانی پەیدا دەکەن و هەموو ڕۆژێك ئەو بزاڤە هەنگاوێك دەبەنە پێشەوە، هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی، کە ڕۆژانە ڕووداوی نوێ و هەواڵی نوێ دەهێننە کایەوە. واتە ڕۆژنامەنووسان دەبێت زمانی خۆیان بلوێنن و بسازێنن لەگەڵ کاروانی بەرەو پێشڤەچوون و پێشکەوتنی جیهاندا، ئەو جیهانەی کە هەردەم لە گۆڕاندایە و زمانی ڕۆژنامەنووسان دەکاتەوە. (**10: ل 303**)

بۆیە ئەو زمانە باوەی ڕۆژنامەنووسی (بە شێوەیەکی گشتی)، کە ئێستا لە ئارادایە، لەناکاو دروست نەبووە، بەڵکو لە دوای ئەزموونێکی دوورو درێژی ڕۆژنامەنووسیی دروست بووە، ڕۆژنامەنووسان هەوڵیان داوە سنووری شێوازی نووسینی چاولێکەری (تقليدي) و دێرین ببەزێنن، کە ئەم شێوازەیان زیاتر پشتی بە ڕێچکەی ئەدەبی و لایەنی ڕەوانبێژی و جۆرە پەخشانێك دەبەست کە گونجاو با لەگەڵ ئەو بابەتەی کە بڵاو دەکراوە. (**50: ل 9**)

زمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیش، هەر لە قۆناغی سەرهەڵدانییەوە تاکو ئێستا، بەو دوو دۆخەدا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەم ئاستەی ئێستای، بە تایبەتی ئەگەر بێتوو بەراوردی زمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی پێش ڕاپەڕین لەگەڵ دوای ڕاپەڕیندا بکەین،

بۆمان دەردەکەوێ، کە پێشتر زمانی ئەدەبی و داڕشتنی ئەدەبی و هونەری زیاتر زاڵ بووە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە:

- ئەوانەی لەم قۆناغانە و لەم بوارەدا کاریان کردووە زۆربەیان ئەدیب و نووسەر بوون، نەك ڕۆژنامەنووسیی پسپۆر لە بوارە جیاجیاکانی ڕاگەیاندندا.
- ئاستی ڕاگەیاندن بە گشتی و ڕاگەیاندنی کوردی بە تایبەتی بەو شێوەیەی ئێستا لە ڕووی هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسییەوە پێشکەوتوو نەبووە.

بەڵام لە دوای ڕاپەڕین هۆشیاری ڕۆژنامەنووسیی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن زیادی کردووە و زمانەکە سادە و کورت و ڕەوان و میللی بووە، تا ڕادەیەك هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لێی تێ دەگەن. پەیامی ڕۆژنامەنووسیی شان بە شانی بەرەو پێش چوون و گەشەکردنی ژیانی سەردەم و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و ڕۆژنامە لە هەموو جیهاندا گەشەی کردووە و بەرەو پێشەوە چووە.

## 3-2-1 تایبەتییەکانی زمانی ڕۆژنامەنووسیی:

هونەری ڕۆژنامەنووسیی گوزارشتێکی کۆمەڵایەتی سەراپایی یە و زمانەکەشی تێکەڵاو و ئاڵۆزە، ملکەچی هەموو چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانە، لە زانست و هونەری مۆسیقا و هونەری تەشکیلی ...... هتد. هەروەها لایەنی ڕامیاری و بازرگانی و ئابووری و بابەتە گشتییەکان. لەمەدا دەردەکەوێ، کە هونەری ڕۆژنامەنووسیی بە شێوەیەکی گشتی هونەرێکی کارەکییە و ئامانجی پێوەندی کردن و گواستنەوەی واتا و بیرو ڕایە بۆ خەڵك. گوزارشتی زمانیی سێ ئاست لە خۆ دەگرێ:

یەکەمیان، ئاستی چێژی هونەری و جوانییە، کە لە ئەدەب و هونەردا بەرجەستە دەبێت.

دووەمیان، ئاستی تیۆری زانستییە، لە زانست و زانیاریدایە.

سێیەمیشیان، ئاستی زانستی کۆمەڵایەتی ئاساییە، کە بە شێوەیەکی گشتی لە بواری ڕۆژنامەنووسیی و ڕاگەیاندندا بەکار دێت.

ئەم سێ ئاستە لە هەموو کۆمەڵێکی مرۆیی دا هەیە. (**54: ل 84**)

(جان جبران کرم) تایبەتییەکانی زمانی ڕۆژنامەنووسیی بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان کردووە: (**35: ل 78**)

## 1-2-3-1 زمانی ڕۆژنامەنووسیی زمانێکی کارەکییە:

زمانی ڕۆژنامەنووسیی زمانێکی ئەدەبی یان زانستی ڕووت نییە، جگە لەو بلاۆکراوانەی، کە پسپۆری ئەو بوارانەن، بەڵکو زمانێکی کارەکییە. مەبەست لەو زمانەیە، کە خەڵکی زاراوە و وشە و پێکهاتە و شێوازەکەی لە کۆڕو کۆبوونەوە و ژیانی ڕۆژانەیان دا بەکاری دەهێنن، لەو وشە و زاراوانەی کە سیاسەتناسان و کۆمەڵناسان و پسپۆرانی پەروەردە، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی خۆیاندا بە کاریان دەهێنن، ئەمڕۆ بۆتە بەشێك لە زمانی ڕۆژانەی خەڵك و لەلایەن جەماوەرەوە لە گفتوگۆی ڕۆژانەی خۆیاندا بەکاریان دەهێنن. ئەمەش لە ئەنجامی چوونە دەرەوەی ئەو وشە و زاراوانەیە لە چواچێوەی داخراو و دەستنیشان کراوی خۆیاندا بۆ خەڵکانی تر لە ڕێگای هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە، چونکە (زمانی ڕۆژنامەنووسیی زمانی پێوەندی کردنی جەماوەرییە و زمانێکی نەرم و بە جووڵەیە، ئەمەش لە توانای بۆ وەرگرتنی دەستکەوتەکانی شارستانی و گیانی زانست و واقیعی کۆمەڵی نوێدا دیارە). (**53: ل 238**)

ئەمڕۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردیش، بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی کاریگەری بە سەر زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی چین و توێژێکی زۆری کۆمەڵی

کوردەواریدا هەبێت و دەیان وشە و زاراوە و دەستەواژە بێنە ئاراوە و جێگای خۆیان لەناو زمانی بەکارهاتووی ڕۆژانەی خەڵکدا بکەنەوە.

**2-3-2-1 سادە و ساکاری:**

پەیامی ڕۆژنامەنووسیی لە ڕێگای ڕەمزە هاوبەشەکانی نێوان نێرەر و وەرگر دەردەکەوێ و ئاشکرا دەبێ، ئۆگدن و ریتشاردز، لە پێناسەی ڕەمزەکانی زماندا دەڵێن: بریتین لەو هێمایانەی، کە خەڵکی لە نێوان خۆیاندا بۆ پێوەندی کردن و گەیاندنی زانیاری بە کاری دەهێنن، ئەم ڕەمزانەش لە دەرەوەی ئەو ژینگەیەی کە لێیەوە هاتۆتە کایەوە هیچ واتایەکی نییە. (**43: ل 19**)

پەیامی ڕۆژنامەنووسیی ئاراستەی هەموو جۆرە خەڵکێك دەکرێت، جیا لە پیشە و ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییان، بۆیە پێویستە پەیامنێر، پەیامەکەی لە ئاستێکی زمانی وادا بنووسێتەوە، هەموو ئەو چەشنە خەڵکانە تێی بگەن.

بۆ دەستەبەرکردنی ئەم سادە و ساکارییە، پێویستە نێرەر لە ڕەوانبێژی و بابەتەکانی (توانج پۆشی و ڕەگەزدۆزی و جوانی بایس ...... هتد) هەروەها لە لێڵی واتایی دوور بکەوێتەوە، چونکە جێگایان لە پەیامە ڕۆژنامەنووسییەکانی ئەمڕۆدا نابێتەوە، جەماوەری ئەمڕۆ ئەو ماوە و کاتەی نییە گوێ لە قسەی ڕازاوە و وشە و دەستەواژەی نەخشێنراو بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بگرێت، یان بخوێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە هۆڵەکانی ڕۆژنامەنووسیی جیهانیدا گوتەیەکی باو هەیە دەڵێ:

(سادە و ساکاری هەنگاوێکی کاریگەرە بەرەو ڕوونبێژی). (**50: ل 16**)

### 1-2-3-3 وردی و بەرجەستە کردن:

واتە وردی لە هەڵبژاردنی کەرەسەکانی زماندا، لە وشە و زاراوە و دەستەواژە و ڕستە بۆ مەبەستی داڕشتنی پەیامێکی ڕۆژنامەیی، تاکو ڕۆژنامەنووس ڕووبەڕووی درێژدادڕی و سەر لێ شێوان نەبێت. لەم ڕووەوە نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی (Jonathan Swift) دەڵێ (وشەی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو). بۆیە هەواڵنووسی ڕۆژنامەیی پێویستی بە پەرەپێدانی زمانەکەی هەیە، تاکو سامانی وشە و زاراوە و گوتە لەلای گەشە بکات. ئەو ڕۆژنامەنووسەی لاوازە لە بەکارهێنانی زمان و زاراوە و وشە بە وردی، ناتوانێ وا لە چیرۆکە هەواڵ بکات ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکان بێت. (**79: ل 98**)

هەروەها بەکارهێنانی زمان و زاراوە و وشە بە وردی، وا دەکات هەست کردن بە وشە و زاراوەکان لەلای ڕۆژنامەنووس گەشە بکات، واتە هەست کردن بە چۆنیەتی بەکارهێنانیان لەلایەن ئەو خەڵکانەی، کە زمانەکە بەکاردەهێنن، چونکە هەندێ جار وشەکان لە واتای فەرهەنگی لادەدەن، لەم بارەوە نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ (بریدجمن)، دەڵێ: (پێویستە واتای دروستی هەندێ وشە و زاراوە، لەو واتایانە هەڵێنجین، کە خەڵك دەیدەنە پاڵ ئەو وشە و زاراوانەنەك واتای فەرهەنگییان) (**79: ل98**)

لەپاڵ وردی، بەرجەستە کردنیش پێویستە، چونکە وا لە بابەت یان مادە وەسفکراوەکە دەکات، زیاتر هەستی پێ بکرێت، بە تایبەتی لە چوارچێوەی ئەو شتانەی، کە ڕۆژانە بەکاردێن و لەبەر چاو و گوێی خوێنەر و بیسەرن، بۆ نموونە، لە هەواڵێکدا باس لە زانیارییەك دەکات: (ڕووبەری فلانە دەوڵەت یەك ملیۆن و نیو کم$^2$ ) ئەم زانیارییە گوێگر یان خوێنەر تا ڕادەیەك بە خێرایی وەری ناگرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو هەواڵەکە دەستەواژەی (یان بیست جار ئەوەندی ڕووبەری کوردستانە) ی بۆ زیادکرا ئەو کاتە بە

هۆی کۆبوونەوەی وردی و بەرجەستە کردن بەیەکەوە، وەرگر زانیارییەکان زۆر بە خێرایی تر وەردگرێت.

## 4-3-2-1 گیان بەبەردا کردن:

لەوانەیە ڕۆژنامەنووسێك، هەواڵێك یان لێدوانێکی ڕۆژنامەیی یان ڕیپۆرتاژێك بە شێوازێکی ساکار و واقیعی و زمانێکی پاراو بنووسێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی نووسیویەتی سارد و سڕییەکی تێدایە و سەرنج و ئارەزووی خوێنەر بەلای پەیامەکەیدا ڕاناکێشێ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نووسەر نەیتوانیوە گیان بکات بەبەر ڕووداوەکە، تەنها بە شێوەیەکی وشك دایڕشتووە.

یەکێك لە بنەما گرنگەکانی نووسینی ڕۆژنامەیی بە گشتی و هەواڵ بە تایبەتی، کە پێویستە ڕۆژنامەنووس پابەندی بێت (دەرخستن و دەرنەبڕین) ە  **أظهر و لا تخبر-** (Show, Don’t tell) (**79: ل 94  95**)، واتە وا لە هەواڵەکە بکات، کە خۆی قسە بکات، نەك هەواڵنووس باسی لێوە بکات. لەم بارەوە (تۆڵستۆی) لە وەسف کردنی شاکارەکەی (جەنگ و ئاشتی) دا دەڵێ: (من ڕووداوەکە ناگێڕمەوە، بەڵکو دەیخەمە ڕوو و شرۆڤەی دەکەم و وا دەکەم، کە کەسەکانی ناو بابەتەکەم قسەم لەگەڵدا بکەن). بۆیە پێویستە ڕۆژنامەنووس ڕووداو یان بابەت بخاتە ناو چوارچێوەیەکی زیندووەوە، هەوڵی ئەوە بدات جووڵە بخاتە ناو هەموو ڕەگەزەکانی زمان و بە شێوەیەکی وا بیخاتە ڕوو وەرگر وا هەست بکات، کە ڕووداوەکە بە چاو دەبینێ و بە هەموو هەستەکانی درکی پێ دەکات، هەموو ئەمانە لە ڕێگای دروست هەڵبژاردنی ئەو وشە و زاراوانەوە دەبێ، کە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا نزیکن و بەکاردێن.

وێڕای ئەمە ڕۆژنامەنووس هەندێ جار (لە ڕێگای بەکار هێنانی سیستەمی ناوێزە یان نامۆوە لە بەکار هێنانی ڕەگەزەکانی زماندا) (**78: ل 24**) سەرنجی وەرگر (خوێنەر یان بیسەر) بەلای پەیامەکەیدا ڕادەکێشی، چونکە دەرکەوتووە لە کاتی خوێندنەوە یان بیستنی دەقێك لەلای وەرگر (ڕەگەزە پێشبین نەکراوەکان سەرنج ڕاکێشترن لە ڕەگەزە پێشبین کراوەکان) (**75: ل 116**)

## 5-3-2-1 دوورکەوتنەوە و بەکارنەهێنانی زاراوە و گوزارشتە تەقلیدییەکان:

ویست و ئارەزووی زمانی ڕۆژنامەنووسیی بۆ کورت بڕی و خێرایی، هانی ڕۆژنامەنووسانی داوە هەندێ وشە و دەستەواژەی نموونەیی بەکار بهێنن، کە گوزارشت لە ناوەڕۆکێکی دیاری کراو دەکەن، بۆ نموونە:

- بازاڕی ڕەش، واتە ئەو بازاڕەی، کە خەڵکی مامەڵەی تێدا دەکەن بە تایبەتی ئەوانەی پابەندی نرخی فەرمی نین.
- سێ گۆشەی سوننی، ئەو ناوچانەی، کە زۆربەی دانیشتوانی سونین لە عێراقدا و هەڵکەوتی شوێنی جوگرافییان لە سەر نەخشە شێوەیەکی سێگۆشەی پێك هێناوە.
- هێزی چەکوشی ئامادە، مەبەست لەو هێزە سەربازییەیە، کە پێکهاتەیەکی تایبەتی هەیە و توانای جووڵەی خێرای هەیە، کە لە لەشکرێکی نیزامیدا ئەم تایبەتمەندییە بەدی ناکرێ.

جگە لەمە زمانی ڕۆژنامەنووسیی پێویستی بەوە هەیە هەندێ لایەنی زمانیی، لە پیادە کردنی ڕێنووس بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و شارەزا بوون لە یاسا و ڕێساکانی ئەو زمانەی پەیامەکەی پێ دەنووسرێ لە ڕووی ڕێزمانییەوە پیادە بکرێت. هەروەها خاڵبەندیش لایەنێکی زۆر گرنگە لە نووسیندا و دەبێ ڕەچاو بکرێت.

### 1-2-3-6 بابەتی:

بابەتی پێچەوانەی خودییە، واتە گوزارشت کردن لەو بابەتانەی، کە ڕۆژنامەنووس دەیەوێت بیگەیەنێتە جەماوەر بەبێ ئەوەی بیر و بۆچوون و سۆز و ئەندێشە و مەیلە خودییەکانی کاریگەرییان بە سەرەوە هەبێت، چونکە ڕۆژنامەنووسی ڕاستگۆ ئەو کەسەیە، کە لە کاتی داڕشتنی هەواڵ، یان چاوپێکەوتن یان سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەدا، چاو پۆشی لە هەموو بیروڕا ڕامیاری و کۆمەلایەتی و حەز و ئارەزووەکان دەکات.

لەم ڕووەوە هەندێ لە ئاژانسە گەورەکانی دەنگ و باس لە بەریتانیا و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، ئاگاداری پەیامنێرەکانیان دەکەن، کە پابەندی ڕێنمایی و زانیارییەکانی ئەم لایەنە (بابەتی) بن، کە (ڕاپۆرتە هەواڵ و گواستنەوەی زانیارییەکانە و نابێت پەیامنێر هیچ زیادەیەکی بخاتە سەر واتە دوور بێت لە لایەنگری. ئاژانسی دەنگو باس بێ لایەنە لە ململانێ و دژە بۆچوونی نێوان گەل و نەتەوە و پارتە سیاسییەکان، ئەرکی ئاژانسی دەنگ و باس بڕیاردان نییە، بەڵکو کۆکردنەوەی ڕاستییەکانە) (**49: ل 99-100**)، بۆ ئەوەی بە ئەمانەتەوە بخرێتە بەر دەستی خوێنەر و گوێگر.

## 1-2-4 سەرچاوەکانی زمانی ڕۆژنامەنوسیی:

ئەگەر زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی ڕێکخراو بێت و لە پرۆسەی پێوەندی کردندا بەکاربێت و ڕۆژنامەنووسیش یەکێك لە هۆکارەکانی جێبەجێ کردنی پێوەندی کردن بێت بەهۆی دەنگ یان وشە یان ئاماژە کردنەوە، ئەمە وا دەکات، کە لە زمانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسی بکۆڵرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە توێژینەوە ڕاگەیاندنییەکاندا دوو بیر و بۆچوون لە ئارادایە:

یه کێکیان وای دەبینێ، کە زمانێکی ڕۆژنامەنوسیی خاوەن تایبەتمەندی و بە سەر هەر پەیامێکی ڕۆژنامەنووسیی و دەرچووی هەچ هۆکارێکی ڕاگەیاندن بێت پیادە بکرێ، ئەم جۆرە زمانە بوونی نییە. دووەمیشیان وای دەبینێ، کە سەرەڕای هەبوونی جیاوازی لە شێوازەکانی داڕشتنی پەیامی ڕۆژنامەنووسیدا، هەندێ ڕێگای دیاری کراوی خاوەن تایبەتمەندی گشتی هەیە، کە دەتوانێ هەچ دەقێکی ڕۆژنامەنووسی لە دەقی ئەدەبی یان زانستی یان فەلسەفی یان فێرکاری جیا بکاتەوە.

هەرچەند ئەم دوو بیر و بۆچوونە لەگەڵ یەکتردا جیاواز بن، بەڵام ڕاستییەك هەیە، کە ئەویش ئەوەیە، وێڕای هەبوونی جیاوازی لە نێوان سروشتی هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا، هەندێ تایبەتمەندی هاوبەش لە نێوان دەقە ڕۆژنامەنووسییەکاندا هەیە، بە مەرجێك گونجانی نێوان سروشتی پەیامی ڕۆژنامەنووسی و هۆکاری ڕاگەیاندن لە بیر نەکرێت. **(35: ل 24)**

بۆ زمانی ڕۆژنامەنووسی سێ سەرچاوە دەستنیشان کراوە، کە بریتین لە: **(50: ل16)**

- زمانی ستاندارد
- زمانی گشتی
- وەرگێڕان

## 1-2-4-1 زمانی ستاندارد:

دیالێکتێك لە دیالێکتەکانی زمانێك بۆ زانست و ئەدەب بەکار دێت و لە نێوان دیالێکتەکانی تری زمانەکە پلە و پایەیێکی تایبەت و بەرز بە دەست دێنێ و بە چاوێکی وا سەیر دەکرێ، کە وردتر و ڕاستترە لە دیالێکتەکانی تری ئەو زمانە. هەروەها دیالێکتی ستانداریشی پێ دەوترێ. **(71: ل 167)**

(موحەمەدی مەحوی) زمانی سەردەمی بەرامبەر بەکارهێناوە و دەڵێ: (زمانی سەردەم بۆ زمانی باڵا و نووسین و زمانی ئەدەبیی و زمانی کولتوور و زمانی یەکگرتوو دانراوە و بەکار براوە. ڕەنگە زاراوەی زمانی سەردەم لە زمانی ئینگلیزییەوە (Standard Language) خواسترا بێت و بێت و بڵاو بووبێتەوە). (**24: ل 12**)

هەروەها (علي عبدالواحد وافي) دەڵێ: (ئەو دیالێکتەی لە ناو نەتەوەیەکدا کاتێ بواری سەرکەوتنی بۆ دەڕەخسێ بە سەر دیالێکتەکانی هاو زمانی خۆی، دەبێتە زمانی دەوڵەت یان پێی دەوترێ زمانی نەتەوەیی یان زمانی ستاندارد یان زمانی نووسین). (**58: ل 184**)

بەڵام ئەو هۆیانە چین، کە وا دەکەن دیالێکتێك لە ناو هەموو دیالێکتەکانی زمانێك ببێتە هەوێنی دروست بوونی زمانێکی ستاندارد؟:

1- سەپاندنی دیالێکتێك بە سەر گەلێکدا.

**2-** لە خۆوە دروست بوونی شێوەیەکی ئەدەبی، کە بەم ڕێگایانەی خوارەوە دروست دەبێت:

أ- کتێبێکی ئایینی بەو دیالێکتە بنووسرێتەوە.

ب- ژیاندنەوەی ئەدەبیات بە تاقە دیالێکتێکی زمانێك و لە سنوورێکی یەکجار فراواندا.

ج- خزمەت کردنی زانست بە تەنیا دیالێکتێك، بە تایبەتی لە وڵاتێکدا، کە زانستگە و کتێبی زانستانە و ڕۆژنامەی زۆر و زەبەندی هەر بە یەك دیالێکت بێ و بە دیالێکتەکانی تر نەبێ.

د- هەندێ جار جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی و پێوەندی بازرگانی و ئابووری، دەبنە هۆی دروست بوونی دیالێکتێکی ئەدەبی (زمانی ستاندارد).

3- هەوڵدانێکی ڕێکخراوی زانستانەی لە سەر خۆ بۆ هێنانە دی بەرهەمی زمانێکی ئەدەبی. (**4: ل 8**)

4- بە دەست هێنانی دەسەڵاتی ڕامیاری یەکێك لە دیالێکتەکان. (**87: ل 143**)

بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕوونتر بکێشین بۆ ئەو ئاستە زمانییەی، کە ڕۆژنامەنووسیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، وا چاکە ئاماژە بۆ ئەو چوار جۆرە بەکار هاتووەی زمان بکەین، کە بریتین لە: (**50: ل 17**)

- گشتی Colloquial
- تایبەت بە چینێك Slang
- فەرمی Formal
- نا فەرمی Informal

لە بەکارهێنانی ڕۆژنامەیی دا، ڕۆژنامە نوسیی دوور دەکەوێتەوە لە بەکار هێنانی زمانی فەرمی، کە لە بۆنە تایبەتییەکاندا بەکار دێت، وەکو نووسراوی فەرمی و پەیامی سەرکردەکان و زمانی دبلۆماسی بەکار هاتوو لە لایەن باڵوێز و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان ........ هتد.

هەروەها ڕۆژنامەنووسیی هەوڵی ئەوە دەدات تا ڕادەیەکی زۆر زمانی گشتی و زمانی تایبەت بە چینێك کەم بەکار بهێنێ، تەنها لە کاتی زۆر پێویستدا نەبێت، بە تایبەتی بۆ ڕوون کردنەوەی واتا، کە ئەمەش لە ڕۆژنامە ئاست بەرزەکاندا بەدی دەکرێت، بەڵام ڕۆژنامە میللییەکان، زاراوە و وشەی ئەم دوو جۆرە زمانە زۆر بەکار دەهێنن و بە پێی ئاستی خوێندەوارانیان کار دەکەن.

بە گوێرەی زمانی کوردی دەکرێ بڵێین تا ئەمڕۆ زمانێکی ستاندارد دروست نەبووە، کە لە هەموو پارچەکانی کوردستان بۆ نووسین بەکار بێت، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ

نەبوون و نەڕەخسانی ئەو هۆیانەی کە لە پێشتردا ئاماژەمان بۆ کرد. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە، کە هەردوو دیالێکت (دیالێکتی سەروو، دیالێکتی ناوەڕاست) بە شێوەیەکی فراوان لە بوارە جیاجیاکانی نووسیندا بە کاردێن، ڕۆژنامەنووسیی کوردیش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە نزیك کردنەوەی ئەم دوو دیالێکتە لە یەکتری و دانانی بناغەیەك بۆ زمانی ستانداردی کوردی، چونکە (هەنگاونان بەرەو ستاندارد، هەنگاونانە بەرەو یەکێتی و ڕۆشنبیرکردنی نەتەوە، لە کاتێکدا هەنگاونان بەرەو زمانی گشتی بە پێچەوانەیە) (**54: ل 250**)، هەروەها زمانی ستاندارد نیشانەی بوونی جۆرێکە لە بوونی قەوارەی سیاسی، کە کورد تا ئێستا بە دەستی نەهێنانەوە).

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بوترێ، کە هەر شێوازێك یان زمانێکی قسە پێکراو بیەوێت گەشە بکات و ببێتە زمانی نەتەوەیی لە پێوەندییەکاندا، (پێویستی بە زۆر گۆڕانکارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە، بگرە هەتا لە سەردەمی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی و ئەو گەیاندنە بەر بڵاوانەدا هێشتا زۆربەی زۆری زمانەکان لە جیهاندا نە گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی، کە زمانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بن، چونکە ئەوە سەلمێنراوە گەیشتن بەو ئاستە گەلێك زەحمەتترە لەوەی، کە زمانەکە لە ئاستی زمانی نووسیندا بێت) (**14: ل 288**)

## 1-2-4-2 زمانی گشتی:

مەبەست لە زمانی گشتی، هەموو ئەو دیالێکت و شێوەزارانەی زمانێکی تایبەتە، کە هاوزمانانی قسەی پێ دەکەن.

ئاسایی یە لە ئەنجامی گەلێك هۆ، هەر زمانێك چەند دیالێکتێك و شێوەزارێکی ناوچەیی جیاجیای هەبێت. زمانەوانان ئەم جۆرە دیالێکتانەیان ناوناوە دیالێکتە ناوچەییەکان. (**58: ل 179**)، هەندێك سێ ئاست بۆ زمانی گشتی دەستنیشان دەکەن:

- زمانی گشتی ڕۆشنبیران (**المثقفين**)
- زمانی گشتی ڕووناکبیران (**المتنورين**)
- زمانی گشتی نەخوێندەواران (**الاميين**)

لە ناو زمانی گشتیدا دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکانیش هەن، کە دیالێکتی چینی ئەرستوقراتی، یان سەربازی، یان پیشەیی، یان وەرزشوانی ..... هتد، دەگرێتەوە.(**58: ل188**).

بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازی لە نێوان زمانی ستاندارد و زمانی گشتی، دوو بیرو ڕا لە ئارادایە: (**36: ل 60**)

کۆمەڵێك وای دەبینن، کە زمانی گشتی زمانێکی هەژارە لە ڕووی وشە و بنەما و پێکهاتە و شێوازییەوە، بە کەڵکی ئەوە نایەت، کە ببێتە زمانی زانست، یان هونەر، یان ئەدەب، ئەو شتەی کە ئەو زمانە جێبەجێی دەکات تەنها کار و باری ڕۆژانەیە. زمانی گشتی زمانی بازاڕ و شەقام و ماڵە، بەڵام زمانی ستاندارد لە ڕووی وشە و بنەما و پێکهاتە و شێوازەوە دەوڵەمەندە، بۆیە بەکەڵکی زانست و ئەدەب و هونەر دێت.

کۆمەڵەی دووەم وای دەبینن، کە زمانی ستاندارد لە ڕووی تایبەتمەندی زمانییەوە، لە گوزارشت کردندا وردتر و جوانتر نییە لە زمانی گشتی.

لە ڕووی ئەرکەوە زمانی ستاندارد هەندێ ئەرك جێبەجێ دەکات لەوانەیە زمانی گشتی نەتوانێ بیکات، لە هەمان کاتیشدا زمانی گشتی، بە هەندێ ئەرك هەڵدەستێ، لە وانەیە زمانی ستاندارد ناتوانێ بیکات، هەروەها زمانی ستاندارد لەلای ئەو کەسەی، کە بەکاری دەهێنێ پلە و پایەیێکی تایبەتی هەیە، بەڵام مەرج نییە لەلای ئەو کەسەی زمانی گشتی بەکاردەهێنێ هەمان پلە و پایەی هەبێت.

دەربارەی پێوەندی زمانی ستاندارد بە زمانی گشتییەوە چەند بیروڕایەکی جیاواز هەن:

بیرو ڕایەك هەیە دەڵێ: زمانی ستاندارد، بۆ نمونە وەکو زمانی عەرەبی، زمانە، بەڵام زمانە گشتییەکان هەروەکو لە (میسر و عیراق و مەغریب ....) دیالێکتن. پێوەندی ستانداردیش بە گشتی، پێوەندی گشت بە تایبەتە.

ڕایەکی تر پابەندی دوانەیی زمانیی یە (**الثنائية اللغة**)، کە لە هەر کۆمەڵێکدا دوو ئاستی زمانی بەدی دەکرێت:

ئاستێکی بەرز، کە لە بواری فەرمی و دەقە نووسراوەکاندا بەکار دێت.

ئاستێکی نزم، کە لە گوزارشت کردن بۆ پێویستییەکانی ژیان بەکاردێت.

ئاستی یەکەم، زمانی ستانداردە و ئاستی دووەمیش زمانی گشتییە.

دەربارەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و پێوەندی بەم شێوەیەی زمان، ئەگەر بێتوو چاوێك بە لاپەڕەکانی ڕۆژنامە کوردییەکاندا بخشێنین هەر لە سەرەتای دەرچوونیان تاکو ئەم قۆناغەی دوایی، دەبینین ئەم شێوەیەی زمان تا ڕادەیەك پشت گوێ خراوە، بە تایبەتی لە قۆناغەکانی بەرایدا، زۆربەی نووسینەکانی ڕۆژنامەیی بە زمانێکی تایبەت بە چینی خوێندەوار و ڕۆشنبیر بووە و پابەند نەبووە بە بنەماکانی زمانی ڕۆژنامەنووسیی، تەنها شێوازی ئەدەبی لە نووسینەکانیاندا ڕەچاو کراوە ئەو وشە و زاراوە و دەستەواژانەی، کە لە قۆناغە جیاجیاکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دا بەکار هاتوون، گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن.

بۆ نموونە لە ژمارە (51) ی، (3) ی کانونی ئەوەلی 1925 ی ژیانەوەدا دەربارەی مردنی ناوادارێکی بە تەمەنی خەڵکی سلێمانی نووسراوە: (**27: ل 443**)

(زیاعێکی گەورە، لە موعتەبەرانی وڵات، عەبدولفەتاح چەلەبی، کە عومری درێژی بە زوهد و تەقوا و تاعەت ڕابواردبوو، بەیانی دووشەممە بە ڕەحمەتی خوا چوو. مەرحوم چونکە لە ئەربابی کردەوەی چاکە و خێرات بوو، نیاز ئەکەین کە مەزهەری عەفو و مەغفەرەتی ئیلاهی بێت. بۆ ئەفرادی عائیلەیی و بیلخاسە بۆ کوڕانی موحتەرەمی سەبر و سکون تەمەنا، وە فاتیحا بۆ رۆحی ئیتحاف ئەکەین).

بەڵام لەگەڵ بەرە و پێش چوونی ڕۆژگار، ئەم شێوە زمانە لە مێژووی قۆناغەکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا گۆڕانی بەسەر داهاتووە و تا ڕادەیەك ساکارتر بووە، لە هەمان کاتدا هەوڵی بەکار هێنانی وشەی کوردی پەتی دراوە لەپاڵ بەکار هێنانی زمانی گشتیدا، هەروەکو لەم نموونەی خوارەوەدا دیارە: (**27: ل 514**)

لە ژمارە 7 ی گۆڤاری روناکی ساڵی 1935 دا، لە ژێر سەردێری (زایعاتێکی گەورە لە هەولێردا) باسی کۆچی دوایی یەکێ لە کەسایەتییە ناسراوەکانی هەولێر دەکا و نووسیویێتی: (لە گەورە ئەشراف و سەرهاتی مەملەکەتەکەمان حاجی سەعید ئاغا کوری تەها ئاغای گەورە، ئێوارەی شەممە بە یەزدانی خودا شادبوو بە ڕاستی جێگەی ئەسەف و عاجزیە، خودا سەبور و شەکیبایی بدا بە برا و برازا و خزم و کەس و کار و عائیلە و ئەولادی مەرحوم. ئێمە بە دڵێکی پڕ غەمەوە، ئیشتراکی حوزن و ماتەمی کەس و کاری مەرحوم دەکەین).

هەر دەربارەی هەمان مەبەست پیرەمێردی نەمر بە بۆنەی مردنی ساڵح زەکی بەگ لە ژمارە 769 ی 28 ی کانونی یەکەمی 1944 دا لە ڕۆژنامەی (ژین) دا ئەم هەواڵەی بلاْو کردۆتەوە: (**27: ل 488**) (شیوەن و ماتەم: شیوەنێکی وا کە بە هیچ نەشیدە و گریانێك داخی خۆش نابێتەوە و کوڵی گریان نانیشێتەوە. ساڵح بەگی ساحیبقران ڕۆیی، کۆچی

کرد، هەوارگەی خێڵی سلێمانی وێران بوون، ئەو شوێنە پڕ نابێتەوە، ئای چ برینێکی بە ئێشە. سەرخۆشی لە هەموو شاری سلێمانی ئەکەین، لە پێشدا لە خۆم).

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە، کە ئەو شێوە زمانەی کە لەم پەخشانە هەواڵەدا بەکارهاتووە، زمانەکەی زۆر جیاوازە لەگەڵ زمانی قۆناغەکانی پێش خۆی و زۆر ڕەوان و پاراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای (پیرەمێرد) ی شاعیر و ڕۆژنامەنووس لە شارەزایی بۆ وشە و زاراوە و زمانی کوردی، دەتوانین بڵێین تا ئەمڕۆش هەر هەمان شێوازی نووسین و هەمان وشە و زاراوە بۆ ئەم جۆرە هەواڵانە بەکاردێت، هەروەکو لەم هەواڵانەی خوارەوەدا دیارە، کە لە قۆناغی جیاجیادا نووسراون:

لە (ژین) ی ژمارە 1263 ساڵی 30 ، 1955/9/1 دا هاتووە:

پرسە:

لە خانەدانی زانست وە ئەدەب لە هۆزی (مفتی چاومار) پێشەوا وە شاعیرێکی پایە بەرز و دیندار (ملا محمودی مفتی) کە بە (بێخود) بەناوبانگ بوو ئەژدەهای مەرگ بێخودی کرد و ژاری لە ئەدەبی کورد کار کرد، خوا بی بەخشێ وە پایەی ئەوە لە دنیای بەرز کا وە سەبووری بە کەس و کاری هەمووان بدا.

هەر بۆ هەمان مەبەست لە (ژین) ی ژمارە 23 ساڵی 1971/5/20 دا هاتووە:

کۆچی دوایی .....

(لە ڕۆژی دووشەممە 1971/5/17 لە شاری سلێمانی دا زانای بەناوبانگی ئایینی (شێخ مستەفا شێخ نجیب قەرەداغی) کۆچی دوایی کرد لە دەست چوونێك بوو، بۆ ئاینی اسلام و موسڵمانان.

زانای کۆچ کردوو ئێجگار پایەدار بوو لە گشت زانیارییەکی ئیسلامی دا لێ هاتوو نەترس بوو لە مەیدانی حەق پەرستی دا...... بەخشندە و میهرەبان و بەرز کردار بوو. ئەوەی

که هەرگیز وەنابێ ئەوەیە کە بە سەدان زانای ئاینی لە دەریای روشەن بیری ئەوا بەهرەوەر بوون و سوودیان لێ وەرگرتووە. ئەم زاتە بە ناونیشانی پاکەوە سەری نایەوە ... لە خوا ئەخوازین کە بەهەشتی بەرین ئارامگەی بێت).

هەروەکو ئاماژەمان پێ کرد لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگار شێوازی داڕشتن و وشە و دەستەواژەکان گۆڕانیان بە سەر داهاتووە و هەوڵدراوە زمانێکی پاراو و وشە و دەستەواژەی کوردی بەکار بهێنرێت، بۆ نموونە لە سەرەتای هەواڵەکان، هەردوو هەواڵی (ژیانەوە و ڕوناکی) وشەی (زیاع و زایعات) بەکارهاتووە، بەلاّم لەگەڵ هەنگاونانی ڕۆشنبیرانی کورد بۆ نووسین بە کوردیەکی پەتی و دوور کەوتنەوە لە وشە و زاراوەی بێگانە و بە کوردی کردنی ئەم جۆرە وشە و زاراوانە، داڕشتنەکە پاراوتر و نزیکتر بووە لە زمانی خەڵك، لە جیاتی ئەم وشە عەرەبییە، وشەی (شیوەن، ماتەم، پرسە و کۆچی دوایی) بەکارهاتووە.

هەروەها هەریەك لە وشە و دەستەواژە عەرەبییەکان، وشە و دەستەواژەی کوردی بۆ بەکار هاتووە، بۆ نموونە:

موعتەبەرانی ولاّت ← پێشەوا و پایە بەرز
گەورە ئەشراف ← زانای ئاینی بەناوبانگ

بە ڕەحمەتی خوا چوو ← کۆچی دوایی کرد

نیاز ئەکەین لە مەزهەری عەفوو ← لە خوا ئەخوازین کە بەهەشتی
مەغفەرەتی ئیلاهی بێت ← بەرین ئارامگەی بێت

## 1-2-4-3 وەرگێڕان:

گرنگی و پێویستی وەرگێڕان لەم سەردەمەی ئێستادا کارێکی پێویستە و بووەتە یەکێك لە پێداویستییەکانی ژیانی هزری هاوچەرخ، چونکە زۆر ئاستەمە کۆمەڵێك بە تەنیا و دوور

لە کۆمەڵانی تری جیهان بژی، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو ئارەزووی گەیشتن بوو بە ئاستی پێشکەوتنی شارستانییەتی مرۆیی.

وەرگێڕان لەو دەمەوە پەیدا بووە، کە زمان پژاوە و ئەوەندەی کۆنی شارستانێتی و نووسراوە بنەڕەتییەکان کۆنە. لە دێر زەمانەوە ئادەمیزاد هەستی بە گرنگی وەرگێڕان کردووە بۆ گواستنەوەی زانستەکان و فەلسەفە و ئەدەبیات .... هتد، لە کۆمەڵ و شارستانیەتەکانی ترەوە بۆ نێو کۆمەڵەکەی خۆی. کۆنترین دەقی نووسراوی وەرگێڕدراو، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان، وەرگێڕانەکەش لە شێوەی فەرهەنگ دایە و بریتییە لە چەند وشەیەك لە سەر پارچە قوڕ بە زمانی سۆمەری نووسراونەتەوە، واتاکانیشیان بەرانبەریان بە زمانی ئەکەدی نووسراونەتەوە. بەناو بانگترین وەرگێڕان لە سەردەمی کۆنەوە مابێتەوە و گەیشتبێتە ئێمە (بەردی ڕەشید) ە، کە لە ساڵی 1799 دۆزراوەتەوە. لە سەر ئەم بەردە دوو دەق بە دوو زمان نووسراونەتەوە: دەقی یەکەم بە زمانی هیرۆگلیفی (میسری) و دەقی دووەم وەرگێڕانەکەیەتی بە زمانی گریکی. (**29: ل 5**)

وەرگێڕان لقێکە لە لقەکانی زانستی زمان و پێوەندییەکی پتەوی بە زمانەوە هەیە، بۆ هەر لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیەکی ئەم لایەنە (وەرگێڕان) دەبێت سوود لەو لایەنانە وەربگیرێت، کە زمانەکان پۆلێن و شی دەکەنەوە، واتە وەرگێڕان دەبێت پشت بە تیۆری زمان ببەستێت، (**39: ل 5**). بۆیە وەرگێڕان لە زووەوە جێی گرنگی و بایەخی زمانەوانان بووە و بە دیاردەیەکی زمانی ئادەمیزادیان لەقەڵەم داوە، وەرگێڕان لە لایان واتایەکی فراوانتری هەیە لەو واتا ئاساییەی، کە لە نێو خەڵکی دا باوە. بەناو بانگترین کەس کە ئەم ڕایەی هەبوو بێ (ڕۆمان جاکۆبسن) ی زمانەوانە. (جاکۆبسن) بۆ چەسپاندنی ئەم ڕایە پەنا دەباتە بەر تیۆری نیشانەکانی زمان و گەیاندنی واتا، دەڵێ: لە بنەڕەتدا شێوەی تێگەیشتنمان دەربارەی شت دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینەوەی نیشانەکانی زمان بە نیشانەکانی

دیکە. ئەم گۆڕینەوەیە لای (جاکۆبسن) وەرگێڕان دەگەڕێتەوە و پێی وایە کە لە هەموو جۆرە هەست کردنێکدا پەنا دەبرێتە بەر وەرگێڕان.

(جاکۆبسن) سێ جۆرە وەرگێڕان دەستنیشان دەکات: (**29: ل 17  18**)

1- گۆڕینەوەی نیشانەکانی زمان لە زمانێکدا بە نیشانەی دیکە لە هەمان زماندا.

2- گۆڕینەوەی نیشانەکانی زمانیی زمانێك بە نیشانەکانی زمانێکی دیکە.

3- گۆڕینەوەی نیشانەکانی زمان بە نیشانەی نا زمانی، وەکو بەکار هێنانی وێنە و ڕەنگ و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ، بۆ دەربڕینی واتایەکی تایبەت.

لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا دیاردەی وەرگێڕان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە دەستی پێکردووە و تا ئێستاش بەردەوامە.

ڕۆژنامەنووسی کوردی لە ڕێگای وەرگێڕانەوە خزمەتێکی زۆری زمانی کوردی کردووە و هەوڵی داوە بۆ گەلێك زاراوە و دەستەواژەی گونجاو دابتاشن، یان بە پێی واتای فەرهەنگی و پێوانەیی بۆیان بدۆزنەوە، بۆ نموونە: (**28: ل 42**)

- بۆسنە و هەرسك و پاکسازی نەژادی.

لە جیاتی (**التطهير العرقی**)

- دانوستانی ئاشتی بەردەوامە.

لە جیاتی (**تفاوظ**) یان (**مفاوظات**)

- تێکشکاندنی چەکە بە کۆمەڵ کوژەکانی عێراق.

لە جیاتی (**اسلحة الدمار الشامل**)

- داوا دەکەین هێزی چەکوشی ئامادە لە تورکیا بمێنێتەوە.

لە جیاتی (**قوة المطرقة**)

- هەوڵدان بۆ بەرقەراری ئاگر بەست.

لە جیاتی (**وقف اطلاق النار**)

- هەردوو ناوچەی دژە فڕین لە عێراق دەمێنن.

لە جیاتی (**منطقة حذر الطيران**)

- پرۆسەی ئاشتی ئێرلەندای باکوور.

لە جیاتی (**عملية السلام**)

- شاندێکی حکومەتی سوید گەیشتە کوردستان.

لە جیاتی (**وفد**)

## 5-2-1 زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسین:

زۆربەی زمانە سروشتییەکانی جیهان، لە ڕووی بەکار هێنانەوە دوو شێوەی دیاری کراوی هەیە: شێوەی درکێنراو، شێوەی نووسراو. لە کۆنەوە تاکو ئەم دواییەش باوەڕ وابوو، کە زمانی نووسین ڕەنگدانەوەی زمانی ئاخاوتنە. بەڵام لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی (کۆزمانەوانی) هاوچەرخ ئەوەی ئاشکرا کرد، کە هەر زمانێك لەم دوو شێوە زمانە پێکهاتە و کەسایەتی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە لە یەکترییان جیا دەکاتەوە. (**67: ل 481**)

زمان زیاتر گوتنە تا نووسین، واتە زمانەوانان بە گشتی باوەڕیان وایە، کە قسە یان گوتن بنچینەی زمانە، نووسین بریتییە لەو هەوڵەی کە مرۆڤ داویەتی بۆ تۆمار کردنی قسە، تاوەکو مێژوو و میراتی تری لە فەوتان بپارێزێ. نووسین زمان نییە، بەڵکو لەگەڵ قسەکردندا دوو شێوەی زمانن. (**23: ل 178**)

لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا گرنگی و بناغەی زیاتری زمانی ئاخاوتن لە زمانی نووسین دەخەینە ڕوو: (**31: ل 179  180**)

1- زۆر لە پێش داهاتنی نووسین، مرۆڤ شێوەی قسە کردنی بەکار هێناوە. زۆر زمان هەن تا ئێستاش شێوەی نووسینیان نییە.

2- منداڵی ساوا پێش ئەوەی فێری نووسین بێت، فێری قسە کردن دەبێت

3- قسە یان گوتن دەورێکی باڵاتر دەبینێت لە ژیانماندا، بە واتای ئەوەی، کە ئێمەی مرۆڤ زۆرتر کاتمان بە قسە کردن بە سەر دەبەین وەك بە خوێندنەوە و نووسین.

4- شێوەی نووسین تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانین بیگۆڕین بە قسە یان گوتن بێ ئەوەی شتێکی لێ بفەوتێت، بە پێچەوانەی ئەمەوە، کاتێ قسە تۆمار دەکەین هەندێك شت لە ناو دەچێت، وەك: هێز، ئاواز، وەستان ...... هتد.

وەك دەرکەوت ئەم دوو شێوەیەی زمان لە زۆربەی زمانانەدا هەن، بە پێی باری بەکار هێنانیان لە یەکتری جیاوازن و پلەی جیاوازییەکەشیان بە گوێرەی هەر زمانێك بە پێی گرنگییان دەگۆڕێت.

زمانی نووسین لە بنەڕەتدا بۆیە هێنراوەتە کایەوە، چونکە بۆ گفتوگۆکردن و لە یەك گەیشتن لە نێوانە دوورەکاندا پشتی پێ بەستراوە، بە تایبەتی بۆ نووسراوی یاسایی و ئاینی و بازرگانی، (**25: ل 27**). هەموو ئەمانە وایان کردووە، کە زمانی نووسین لە زۆربەی کولتوورەکاندا، لە زمانی قسە کردن شێواز بەندتر بێت و شکۆ و هەیبەتی گەورەتر بێت، ئەمە بە لایەنی کەمەوە تا ئەو کاتە بەم شێوەیە بووە، کە هێشتا ڕێبازی نوێباوی تۆمارکردنی دەنگی تێدا نەدۆزرابووەوە و نەهاتبووە کایەوە.

## جیاوازی لە نێوان زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسین:

1- ئاخاوتن جگە لە قسەکەر پێویست بە کەسێکی دی دەکات، ئەگەرچی هەندێ جار مرۆڤ هەر خۆی قسەکەر و بیسەرە، لە کاتێکدا دەکرێ زمانی نووسین

ئاراستەی کەسێکی نادیار بکرێت، بۆیە ئەو جووڵە و هێمایانەی دەست و سەر و دەم و چاو، کە لە باری یەکەمدا بەکاردێت، ناکرێت لە باری دووەمدا (زمانی نووسین) بەکار بێت.

2- زمانی ئاخاوتن لە زمانی نووسین زیاتر گەشە دەکات. (**76: ل 153– 154**). گومانی تێدا نییە، کە زمان وەکو بوونەوەرێکی زیندوو بە بەردەوامی پێش دەکەوێ و وەستانی نییە، زانستی زمان ئەوەی سەلماندووە، کە زمان هەمیشە لە گۆڕاندایە. (مێشکی مرۆڤ بەر پرسیارە بەرامبەر بە گۆڕان و زیاد کردن و لەناو چوونی دەنگ و سەر هەڵدانی وشەی نوێ و ئەو دەستەواژە تازانەی، کە لە زماندا دروست دەبن. ئاخاوتنیش کە مەڵبەندی ئەم جۆرە گۆڕانەیە، بۆیە دەبێ لە نووسینەوەدا پەیڕەوی بکرێ). (**16: ل 206**)

3- توانای ماسوولکەیی بەکار هاتوو لە زمانی نووسیندا گرنگترە لەوەی، کە لە زمانی ئاخاوتن دایە. (**67: ل 482**)

4- هەندێ تایبەتی نووسین هەیە لە گوتندا دەرناکەوێ، وەك بەکار هێنانی هێڵی خوار و تۆخ و پان و گەورە یان پەرەگراف، بەڵام هەندێ تایبەتی گرنگتر هەن، کە لە نووسیندا دەرناکەوێ، وەك: ئاواز، هێز، درێژی دەنگ..... هتد. (**23: ل 178**)

5- ئاستی قووڵ و بنەڕەت بۆ زمانی نووسین تەرخان کراوە، بە دەگمەن ئاستی ڕووکەش بۆ زمانی نووسین بەکار براوە. (**24: ل 4**)

لە نووسینەوە و ئاخاوتندا دوو ئاستی جیاواز هەیە و بە پێی دەستووری گواستنەوە بە یەکەوە دەبەسترێن، یەکێکیان پێی دەوترێ ئاستی ژێرەوە، ئەوی تریان ئاستی سەرەوەی پێ دەوترێ. لە نووسینەوەدا زۆرتر ئاستی ژێرەوە بەکار دەهێنرێ، چونکە مرۆڤ لە نووسینەوەدا بیرکردنەوەیێکی قوڵتر بەکار دەهێنێ و هەمیشە دەیەوێ زیاتر بیرەکەی ڕوون

بکاتەوە، چونکە کەس بەرامبەری ناوەستێ و تەنیا خۆی و کاغەزەکەی بەر دەستی بەشداری دەکەن. بەلاّم لە قسە کردندا زیاتر ئاستی سەرەوە بەکار دەهێنرێ، چونکە ئەوەی پێویستە دەوترێ و ئەوەی پێوەندی بە ئاستی ژێرەوەیە لە قسە کردندا لە مێشکی قسەکەر و بیسەردا لەیەك دەدرێتەوە. بەشێك لە ئاستی ژێرەوە ڕاستەوخۆ بەستراوە بەو ڕووداوە، کە قسەکەر و بیسەر باسی لێوە دەکەن و هەندێکی تریشیان بە لەش، یان بە بزواندنی دەست و سەر و شان ... هتد دەردەبڕدرێن. (**16: ل 207**)

ئاشکرایە کە زمانی ڕۆژنامەنووسیی بریتییە لەو ڕووبەرە بەرینەی، کە (زمانی نووسین) ی تێدا پەروەردە دەکرێت، بۆیە دەبێت ئەو زمانە بریتی بێت لە سیستەمێکی یاسادار. واتە زمانی ڕۆژنامەنووسیی دەبێت ڕێزماندار بێت و لە هەموو ڕستەیەکدا یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکان پیادەکرابن و هەموو کەرەسەکانی ئاستی ژێرەوە لە کاتی نووسیندا دەربکەون، بۆ نموونە لەم ڕووەوە ڕۆژنامەنووسان زۆر جار دووچاری هەڵە دەبن و لە یاسا ڕێزمانییەکان لادەدەن، لەوانەیە لە جێیەکدا بنووسرێت (دەبێتە مامۆستا)، لە دێڕێکی پاشتردا بنووسرێت (دەبێت بە مامۆستا). (**10: ل 304**)

بێ گومان ئەو جۆرە هەلاّنە لە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا زۆرن و نووسەران هەستیان پێ ناکەن، ئەگەر هەستی پێ بکەن، هەموو نموونەکان یەك دەخەن و لە ئەنجامدا سیمای یەکبوون دەقە نووسراوەکە دادەپۆشێت.

ئەوەش شتێکی ئاشکرایە و بارێکی دروستە ئەگەر ئێمە لە یەك جودا ببینەوە بە ئاخاوتن، بەلاّم بە هیچ جۆرێك بارێکی دروست نییە بە نووسین لە یەك جودا ببینەوە، (**8: ل 6**). لەم ڕوانگەیەوە هەندێك لە ئێمە، کە ناتوانین ڕێزمانەکە دابین بکەین، زمانەکە بە کەم دەزانین و لە زمانی نووسینی ڕێزماندار قەڵس دەبین، بە بیانووی ئەوەی، کە (زمان بەرەو ئاسانکاری دەچێت). بەڵێ ئەمە لە ئاخاوتندا ڕاستە، بەلاّم مەرج نییە هەر

لادانێکی ناوچەیی بریتی بێت لە ئاسانکاری، با لە پەرەسەندنی زمان خەراپ تێ نەگەین و بە دەستی خۆمان زمانەکە تێك بدەین، ڕاستە زمان پەرە دەسێنێت و دەجوولێت. بەلاّم ڕێزمانی نووسراویش هەر هەیە و مەرجیش نییە هەر لادانێکی پارچەیی، یان ناوچەیی شایستەی ئەوە بێت، کە بگات بە زمانی نووسین. بێ گومان جۆرە بڕیاری ئاوها لەلای تاکە کەس نییە، بەڵکو لەلای دەزگا بالاّکانی زمانە. (**9: ل 16**)

# بەشی دووەم

## پێوەندی کردن و پێوەندی کردنی جەماوەری

# 2- پێوەندی کردنی جەماوەری

## 1-2 چەمك و پێناسەی پێوەندی کردن:

پێوەندی کردن لایەنێکی گرنگی ئەرکەکانی زمانە، لەو گریمانانەی کە باس لە پەیدابوونی زمان دەکەن، زمانەوانان پێوەندی کردن بە یەکێك لە گریمانە گرنگەکانی پەیدابوونی زمان لە قەڵەم دەدەن، بەوەی کە مرۆڤ خۆی لە خۆیدا بوونەوەرێکە هەر لەگەڵ پەیدابوونیدا، ئارەزووی پێوەندی کردنی بە دەوروبەرەکەیەوە هەبووە، لە ئەنجامی ئەمەدا زمانی پژاوە و فێری ئاخاوتن بووە.

وشەی پێوەندی کردن، لە زمانی ئینگلیزی دا (Communication) ی بۆ بەکار دێت، وشەکە لە بنەڕەتا لە زاراوەی لاتینی (Commmunis) واتا (شتی هاوبەش) ە، کارەکەشی (Communicare)، واتە (پەخش دەکات، یان بلاوی دەکات) ەوەیە، (**60: ل15**). لە زمانی عەرەبیشدا (**الاتصال**) ی بۆ دانراوە.*

زاراوەی پێوەندی کردن بە واتا گشتییەکەی ئاماژە بۆ ئەو پرۆسەیە دەکات، کە بە هۆیەوە پەیامێك، یان کۆمەڵە پەیامێك (Messages) لە نێرەرەوە بۆ وەرگر دەگوازێتەوە. بەلاّم زاراوەی پێوەندی کردنی جەماوەری (Mass Communication)، بە واتا دیاری کراوەکەی واتای گواستنەوەی پەیام دەگەیەنێ بە هۆی هۆکارە هونەرییە جەماوەرییەکان (Mass Media). وەکو: (ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ...... هتد) کە ئەمانە یارمەتی نێرەر (تاکێك یان کۆمەڵە کەسێك) دەدەن بۆ گەیشتن بە وەرگر یان جەماوەر (Audience)، جا خوێنەر، یان بینەر، یان بیسەر بن. (**44: ل 129**)

---

* ئێمە وشەی (پێوەندی کردن) مان بە چاك زانی بەرامبەر بە (**الاتصال**)، ئەگەرچی هەندێ لە نووسەران وشەی (گەیاندن) بەکار دەهێنن، بەلاّم گەیاندن لە عەرەبی دا (**ایصال**) بەرامبەریەتی نەك (**الاتصال**). هەروەها هەندێك (پەیوەندی بەستن) یش بەکار دەهێنن.

پرۆسەی پێوەندی کردن لە نێوان کۆمەڵانی مرۆڤدا، پرۆسەیەکی بناغەییە بۆ تێگەیشتنی دەورو بەر و هەموو ئەو شت و خەڵکانەی، کە لەو ژینگە و دەورو بەرەدا دەژین، کە لە ڕێگای پێوەندی کردنەوە دەتوانین مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و کاریگەرییان بە سەر یەکدا دەریخەین. (**34: ل 21**)

ئێمە کاتێ، پێوەندی لەگەڵ یەکتردا دەکەین، هەوڵی دروست کردنی جۆرە تەبایی و گونجان و ڕێککەوتنێك لەگەڵ خەڵکانێك دەدەین، واتە هەوڵی بەشداری کردنی زانیاری و بیر و بۆچوونی خۆمان دەدەین لەگەڵ زانیاری بیر و بۆچوونی خەڵکانی تر، کە پێوەندی کردن نێرەر و وەرگر دەخاتە سەر یەك شەپۆلی ڕووبەڕوو بوونەوەی پەیامێکی دیاری کراو.

زۆربەی نووسەران لە نووسینەکان و لێکۆڵینەوەکانی خۆیاندا، هەوڵی ئەوەیان داوە چەمکی پێوەندی کردن ڕوون بکەنەوەوە و بیناسێنن و لایەنە نادیارەکانی ئاشکرا بکەن. لەبەر ئەوەی پێوەندی کردن وەکو کۆڵەکەیەکی هاوبەش وایە لە نێوان پیشە و بواری جیاجیادا، بۆیە لێکۆڵینەوەکانیان بۆ ئەم بابەتە تەنها لە چوارچێوەی پیشەیەکی دیاری کراودا نەبووە و هەر یەکە لە بواری پسپۆری خۆیدا تەماشای بابەتەکەی کردووە، بۆ نموونە ئەوانەی گرنگییان بە لایەنی پەروەردە داوە، لەم ڕوانگەوە باسییان کردووە، یان لایەنی کارگێڕی یان ڕێنمایی کردن..... هتد، بە جۆرێك لێیان کۆڵیوەتەوە، کە لەگەڵ بواری کارەکەیان و ئەو ئامانجەی کاری بۆ دەکەن پیادە بێت و بگونجێت. ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی جیاوازی و لێکچوون لەو پێناسانەی، کە ئەو نووسەرانە خستوویانەتە ڕوو. (**68: ل 5**)، هەروەکو لەم پێناسانەی خوارەوەدا دیارە:

- پێوەندی کردن بریتییە لە پرۆسەی کارلێك کردن لە نێوان دوو لایەن تاکو ئەو کاتەی شارەزایی هاوبەش لە نێوانیاندا دروست دەبێت. (**68: ل 7**)

- پێوەندی کردن پرۆسەیەکە یەکێك پێی هەڵدەستێ بە مەبەستی گواستنەوەی پەیامێك، کە زانیاری، یان بیر و ڕا، یان هەست و سۆزێکی هەڵگرتووە بۆ خەڵکانی تر لە پێناو ئامانجێك، لە ڕێگای ڕەمزەوە ئەنجام دەدرێت. (**46: ل 11–12**)
- پێوەندی کردن بریتییە لە پرۆسەی بە ڕەمز کردن، واتە نێرەر لە پرۆسەی پێوەندی کردندا پشت بە ڕەمز دەبەستێت بۆ گوزارشت کردن لە واتا، لە هەمان کاتدا وەرگر ڕەمزەکانی پەیامەکە بۆ ئاشکرا کردنی واتاکانیان، شییان دەکاتەوە، (**84: ل7**). ئەو ڕەمزانەش بەرامبەر شتێك یان واتایەك دانراون، بە بێ ئەوەی هیچ پێوەندیەك هەبێت لە نێوان ڕەمزەکە و ئەو شتەی بۆی دانراوە. ئەو ڕەمزانەش هەندێکیان گوتەیینن وەکو وشە چاپکراوەکان، هەندێکی تریشیان لە ڕێگای نمایشەوەن، وەکو ئاماژە و جووڵەی دەست و دەم و چاو..... هتد. (**84: ل 8**)
- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زانای کۆمەڵناس (تشارلز-ر-رایت) وای دەبینێ، کە پێوەندی کردن بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی واتا یان ناوەرۆك لە نێوان خەڵکدا. (**60: ل 16**)
- پێوەندی کردن پرۆسەیەکە یەکێك پێی هەڵدەستێ بە مەبەستی گواستنەوەی پەیامێك، کە زانیاری، یان بیر و ڕا، یان بۆچوون، یا هەستی ئەو کەسەی تێدایە بۆ خەڵکانێکی تر، لە پێناو ئامانجێك لە ڕێگای چەند ڕەمزێکەوە، جگە لەو شێواندنە، یان واژە واژەی (**تشويش**) دووچاری پەیامەکە دەبێت، ئەم پێناسەیە چەند ڕەگەزێك لە خۆ دەگرێ. (**45: ل 13– 14**)

1- پێوەندی کردن پرۆسەیە، واتە زنجیرە کردارێك و ڕوو داوێکی بەردەوامە بەرەو ئامانجێك. کەواتە پێوەندی کردن شتێکی وەستاو و نەگۆڕ نییە لە جیهانی شوێن و

کاتدا، بەڵکو پرۆسەیەکی دینامیکییە بۆ گواستنەوەی واتا و بەها کۆمەڵایەتییەکان و شارەزاییە هاوبەشەکان بەکار دێت.

2- پێوەندیکەر (**المتصل**): پرۆسەی پێوەندی کردن ئەوە دەگەیەنێ، کە یەکێك هەیە بە کاری پێوەندی کردن هەڵدەستێت، ئەویش پێوەندیکەرە (Communicator)، ئەو کەسە لەوانەیە کەسێکی ئاسایی بێت، یان مەعنەوی (دەزگا، دامەزراو، وەزارەت ..... هتد) بێت، کە ئەو لایەنەیە بە پێوەندی کردن هەڵدەستێ و پەیامی خۆی ئاراستەی کەسێك، یان کۆمەڵە کەسێك دەکات.

3- پەیام: لێرەدا مەبەست لە پەیام، ئەو زانیاری و سۆز و بیرو بۆچوونانەیە، کە پێوەندیکەر لە ڕێگای ڕەمزەکانەوە حەز بە گواستنەوەیان دەکات بۆ خەڵکانی تر، ئەو ڕەمزانە لەوانەیە دەنگی بن، وەکو: ئاخاوتن، یان وێنەیی بن، وەکو: نووسین، یا جووڵەیی بن، وەکو: ئیشارەت کردن، یان تێکەڵاو لە هەموو ئەو جۆرانەی ئاماژەمان پێیان کرد.

4- وەرگر: ئەو کەسەیە، کە پەیامەکە وەردەگرێ، لەوانەیە ئەو وەرگرە تاکە کەسێك، یان کۆمەڵێك، یان جەماوەرێکە. وەرگرتنەکەش بەهۆی بیستن، یان بینینەوە دەبێت.

5- مەبەست (ئامانج): ئەو کەسەی بە پرۆسەی پێوەندی کردن هەڵدەستێت، کارەکەی لە پێناو مەبەستێك، یان ئامانجێکە، لەوانەیە بۆ ئەوە بێت کار لە بیر و سۆز و بۆچوونی وەرگرانی پەیامەکە بکات.

6- گواستنەوەی پەیام (هۆکار): هەموو پەیامێك لە ڕێگای هۆکارێکەوە دەگوازرێتەوە، لە پێوەندی کەسی دا بەهۆی زارەوە دەگوازرێتەوە، لە باری پێوەندی کردنی

جەماوەریدا بە هۆی کتێب، یان گۆڤار، یان ڕۆژنامە، یا ڕادیۆ، یان تەلەفزیۆن، یان سینەماوە دەگوازرێتەوە.

7- شێواندن  واژە واژ- (**التشويش**): پرۆسەی پێوەندی کردن هەچ جۆرێك، یان لە هەچ ئاستێك دا بێت، ئەگەری ئەوە هەیە دووچاری شێواندن بێت، ئەمەش کار لە سەرکەوتنی پرۆسەی پێوەندی کردن دەکات.

تیۆری پێوەندی کردن گرنگی و بایەخ بە پابەند بوونی خۆی دەدات لە کەم کردنەوەی تێچوونە مادییەکان، لە ڕێگای دیاری کردنی ڕەگەزە دووبارە بووەکان و لابردنیان، لە هەمان کاتدا لابردن و نەهێشتنی هەموو شێواندنێك (واژە واژ Noise)، کاتێ ئەگەری ڕوودانی هەبێت لە پرۆسەی پێوەندی کردندا. (**76: ل 59**)

8- ئەو بارو دۆخەی، کە پرۆسەی پێوەندی کردنی تیادا ئەنجام دەدرێ: پێوەندی کردن لە بۆشاییدا ئەنجام نادرێ، بەڵکو لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری ..... هتد ئەنجام دەدرێ.

## 2-2 جۆرەکانی پێوەندی کردن:

پێوەندی کردن لە زۆربەی پێناسە و واتاکانیدا، واتای گوێزانەوەی بیر و ڕا و زانیاری لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگەیەنێ و چەند جۆرێکی هەیە، هەندێکیان پێوەندییان بە ئاستەوە هەیە، هەندێکی تریان پێوەندییان بە دەربڕینەوە (**الاداء**) هەیە، لە پاش پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆگیا، چەمکی پێوەندی کردنیش پێشکەوت و وای لێهات، کە پێوەندییە نێو دەوڵەتییەکانیش بگرێتەوە.

### 2-2-1 پێوەندی کردن لە ڕووی ئاستەوە:

ئەم پێوەندی کردنە چەند جۆرێکی هەیە، وەك ئەمانەی خوارەوە:

## 2-2-1-1 پێوەندی کردنی خودی (Intrapersonal Communication):

بریتییە لەو پرۆسەیەی پێوەندی کردن، کە لە خودی مرۆڤ خۆیدا جێگە دەگرێ، واتە ئەو شێوەیەی پێوەندی کردنە، کە لە ناخی خودی خۆماندا ئەنجام دەدرێت، لەو کاتانەی، کە مرۆڤ خۆی لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات (**91: ل 3**)

ئەگەر بێت و لە خۆمان وردبینەوە، هەست دەکەین، کە ڕۆژانە چەندین جار ئەم جۆرەی پێوەندی کردن بەکار دەهێنین، بۆ نموونە: کاتێك، کە سەرزەنشتی خۆمان دەکەین لەوەی بۆچی ئەو کارەمان کرد؟ یان بۆچی لەگەڵ فلانە کەس قسەمان کرد؟ یان لە خۆ ئامادە کردن بەر لە چاوپێکەوتنی بەر پرسێك، بۆ ئەوەی گیروگرفتەکانی خۆمانی لا باس بکەین ..... هتد.

ئەم جۆرەی پێوەندی کردن لە ڕووی بەکار هێنانی ڕەمزەوە جیاوازی لەگەڵ پێوەندی کردنی نێوان کەسان، یان کەسی دا نییە، چونکە لە هەردوو جۆردا هەمان ڕەمزی پێوەندی کردن بەکاردێت. (**47: ل 14**)

## 2-2-1-2 پێوەندی کردنی کەسی (Interpersonal Communication):

بریتییە لە پێوەندی کردنی ڕاستەوخۆ، هەروەها بە پێوەندی کردنی بەرامبەریش ناسراوە و بە شێوەی ڕوو بە ڕوو لە نێوان دوو کەس، یان زیاتر ئەنجام دەدرێت و دەتواندرێت هەر پێنج هەستەکان تیایدا بەشداری بکەن و چاکترین جۆری پێوەندی کردنە، چونکە باشترین هەل بۆ پێوەندیکەر دەڕەخسێنێ تاکو بزانێ تا چ ڕادەیەك پەیامەکەی کاریگەری بە سەر پێوەندی پێکەرەوە (**المتصل به**) هەبووە، ئەمجا لە پاشاندا پێوەندیکەر دەتوانێ پەیامەکەی بە پێی پێویست ڕاست بکاتەوە و بە شێوەیەك ئاراستەی بکات، کە کاریگەرییەکەی و لایەنی باوەڕ پێ هێنانی بەهێزتر بێت. (**46: ل 13 14**)، بۆ نموونە: قسەکەرێك لە کۆبوونەوەیەك یان ئاهەنگێکدا، کاتێك گوێگرانی بە دەنگییەوە

دەچن، ئەویش بە بەردەوامی بە دەنگیانەوە دەچێت و دەتوانێت بە دەنگ و ڕوخسار و ئاماژە و جووڵەی خۆی کاریان تێ بکات، لە کاتێکدا ئەم کارتێکردنە لە ڕادیۆدا کەم دەبێتەوە، هەروەها لە خوێندنەوەی چاپکراوەکان، بۆ نموونە: ڕۆژنامەکان، کەمتر دەبێتەوە.

کەواتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە هەر چەند شێوەی کەسی، یان بەرامبەری زیاتر وەکو هۆکارێکی پێوەندی کردن بەکار هات، توانای گەیاندنی پەیام باشتر دەبێت، لە ڕووی باوەڕ پێ هێنانیش ژمارەیەکی زۆرتر لە وەرگران (المستقبلین) دەگرێتەوە. (**41: ل 158 - 159**).

## 2-2-1-3 پێوەندی کردنی ناوەندی (Medio Communication):

لە بەر ئەوەی دەکەوێتە نێوان دوو جۆری پێوەندی کردن، کە پێوەندی کردنی کەسی یان ڕوو بە ڕوو و پێوەندی کردنی جەماوەرییە، بۆیە پێی دەوترێ پێوەندی کردنی ناوەندی (**الوسطي**) ئەم جۆرەی پێوەندی کردنەش تەلەفۆن و تەلکس و ڕادیۆ و ڕادار و ئینتەرنێت دەگرێتەوە. (**46: ل 14**)

## 2-2-1-4 پێوەندی کردنی جەماوەری (Mass Media Communication):

ئەو جۆرەی پێوەندی کردنە، کە لە ڕێگای بەکار هێنانی هۆکارە جەماوەرییەکانی ڕاگەیاندنەوە جێبەجێ دەبێت. (**46: ل 15**)

هۆکارەکانی پێوەندی کردنی جەماوەری (Mass Media)، بریتین لەو هۆکارانەی، کە توانای گواستنەوەی پەیامە جەماوەرییەکانیان هەیە لە نێرەرەوە بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵك، وەکو ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و سینەما و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن. (**47: ل 25**)

هەروەها لە پێناسەیەکی تردا هاتووە:

بریتییە لە پەخش كردنی پەیامە واقیعی و ئەندێشەییەكان بۆ ژمارەیەكی زۆری خەڵك، كە لە ناوچە جیاجیاكاندا بڵاو بوونەتەوە و لە ڕووی ئابووری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕامیاری جیاوازییان لەگەڵ یەكتردا هەیە. (93: ل 6)

مەبەست لە پەیامە واقیعییەكان، ئەو كۆمەڵە هەواڵ و زانیاری و ڕێنماییانەن، كە دەربارەی ڕووداوەكانن و ڕۆژنامەكان بڵاویان دەكەنەوە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەكانیش پەخشیان دەكەن. پەیامە ئەندێشەییەكانیش بریتین لە چیرۆك و نمایشكردن و گۆرانی و گەلێ بەرهەمی هونەری تر، كە پشت بە واقیع دەبەستن و لە وێوە وێنە هونەرییەكان دروست دەبن، لەوانەشە هەندێ جار ئەو وێنانە لە خەیاڵەوە داڕێژرێن.

پێشكەوتنی زانست توانی یارمەتی ئەو كەسانە بدات، كە بەكاری پێوەندی جەماوەری هەڵدەستن، بۆ ئەوەی لە یەك كات و لە شوێنی جیاجیادا پێوەندی بە ژمارەیەكی زۆری خەڵكەوە بكەن. بۆیە دەكرێ پێشكەوتنی تەكنۆلۆگی بە یەكێك لە فاكتەرە هەرە گرنگەكانی گەشەكردن و پێشكەوتنی هۆكارەكانی پێوەندی جەماوەری لە قەڵەم بدرێت.

پێوەندی كردنی جەماوەری لە ڕووی تایبەتمەندییەوە جیاوازە لەگەڵ هەرسێ جۆری تری پێوەندی كردن (خودی و كەسی و ناوەندی)، جیاوازییەكەش لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەرچاو دەكەوێت:

1- ئەم جۆرەی پێوەندی كردن (جەماوەری)، یەك ڕێڕەوی هەیە، ئەویش بریتییە لە ناردنی پەیام لە سەرچاوەوە (نێرەر) بۆ وەرگر، بەبێ ئەوەی سەرچاوە (نێرەر) بگۆڕێ بۆ وەرگر، هەروەكو لە پێوەندی كەسیدا ( Interpersonal Communication) بەدی دەكرێت، كە وەرگر (خوێنەر، گوێگر) ئەو بوارەی

نابێت بە ئاسانی پرسیار، یان ڕوون کردنەوەیەك لە سەر ئەو پەیامەی، کە ئاراستەی کراوە بدات. (**84: ل 9**)

هەروەها پێوەندی کردنی جەماوەری ناتوانێ دەستکاری پەیامەکەی نێوان خۆی و گوێگر بکات و کەم و کوڕییەکانی چاك بکاتەوە، بەڵکو لە ڕێگای ئەنجامدانی ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی، کە بۆ زانینی بیر و بۆچوونی جەماوەر دەیکات، دەتوانێ کەم و کوڕییەکانی داپۆشێ، جگە لەمەش بایەخ بە شیکردنەوەی نامەی گوێگر و بینەر و خوێنەران دەدات. (**41: ل161**)

2- پێوەندی کردنی جەماوەری بۆ ناردن و ئاراستە کردنی پەیامەکەی پشت بە هۆکارە جەماوەرییەکان (ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن ..... هتد)، دەبەستێت. (**37: ل 43**).

3- پێویستی بە سیستەمێکی چاودێری و چاکسازی (Gate keeping) زانیارییەکان هەیە لە پێش بلاوکردنەوەیان، یان ناردنیان، ئەم کارە لە بێژینگ دانیشی پێ دەوترێ. (**46: ل 27**)

4- بە دەنگەوە هاتن لە پێوەندی کردنی جەماوەریدا دەم و دەست نییە، بەڵکو دوا دەکەوێ، تەنها لەو کاتانەدا نەبێ، کە بەنارمەیەکی ڕاستەوخۆی ڕادیۆیی، یان تەلەفزیۆنی کاتێك داوا لە جەماوەر دەکرێت لە ڕێگای پێوەندی تەلەفۆنی، یان فاکسەوە بیر و ڕای خۆیان دەربڕن. (**37: ل 43**)

5- پێوەندی کردنی جەماوەری لە چوار چێوەیەکی ئاڵۆزی کۆمەلایەتیدا کار دەکات، چونکە کار لێکردنێکی بەردەوام لە نێوان پەیامەکانی پێوەندی کردن و کۆمەڵدا هەیە، بۆ نموونە: ڕۆژنامە، کە هۆکارێکی پێوەندی کردنی جەماوەرییە، بە دیاردەیەکی ئابووری و کۆمەلایەتی کۆمەڵ لە قەڵەم دەدرێت و هێزێکی سەرەکییە

له دروست کردنی ڕای گشتی له جیهاندا و له هەمان کاتیشدا کاریگەریەکی زۆری به سەر هەوڵە نیشتمانییەکاندا هەیه له پێناو پێشخستنی ئابووری و لێکگەیشتنی جیهانیدا. (**37: ل 43–44**)

## 2-2-2 پێوەندی کردن له ڕووی دەربڕینەوه:

له ڕووی دەربڕینەوه پێوەندی کردن دابەشی ئەم جۆرانەی خوارەوه دەبێت:

### 2-2-2-1 پێوەندی کردنی گوتەیی، یان زاری (Verbal Communication):

بریتییه لەو جۆرەی پێوەندی کردن، که له ڕێگای بەکار هێنانی زمانی درکێنراوەوه ئەنجام دەدرێ. ئەم شێوازە له گەیاندنی پەیامدا ڕەمزی دەنگی و گوتەیی درکێنراو بەکار دەهێنێ.ئەم جۆرەی پێوەندی کردن چەند شێوەیەکی هەیه: (پێوەندی کردنی نێوان دوو کەس، کۆمەڵێك، چەند کۆمەڵێك، پێوەندی کردنی گشتی، یان جەماوەری). (**84: ل 8**)

له پێوەندی کردنی کەسی (نێوان دوو کەس) دا، بازنەیەکی پێوەندی کردنی دوو لایەنی دروست دەبێت، که دان و وەرگرتنی نێوان دوو کەسی تێدایه، واته نێوان قسەکەر و گوێگر، وێڕای جیاوازیی ڕۆڵی هەر یەکێکیان، گوته و بیستن له چوارچێوەی مامەڵە کردن لەگەڵ هێما دەنگییه هاوبەشەکاندا، هەردووکیان به یەکەوه دەبەستێتەوه، له مێشکیشدا دەربڕینی دەنگ و بیستن پێی دەوترێ هاو پێوەندی دەنگی (Correlation phonetique). شایانی باسه له بواری ناردن و بیستن دا، گوتن گرنگی و بایەخی بنەڕەتی خۆی هەیه، له بەرامبەریشدا به هەمان شێوه له بواری وەرگرتندا، هەمان گرنگی بنەڕەتی بەدی دەکرێت. گونجانه واتاییەکانی نێوان هۆشی گوێگر و قسەکەر هاو پێوەندی واتایی (Correlation semantic) پێ دەوترێ. (**76: ل 49**)

### 2-2-2-2 پێوەندی کردنی ناگوتەیی (Non verbal Communication):

زاراوەی پێوەندی کردنی ناگوتەیی بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەو کردە پێوەندییانە بەکار دێت، کە لە قسە کردن و نووسین بەدەرن.

ئەم شێوازەی پێوەندی کردن (زمانی بێ دەنگ) یشی پێ دەوترێ. بە پێی بۆچوونی (ڕاندالْ هاریسۆن)، دیاردەیەکی زۆر فراوانە و ئەم شێوانەی خوارەوە دەگرێتەوە: (46:ل41)

**أ- کۆدە نمایشکراوەکان:**

ئاماژە ناگوتەییەکان دەگرێتەوە، وەکو: جووڵەی لەش (گوزارشتەکانی دەم و چاو). هەروەها هەندێ لەو دیاردانەی، کە بە (پارا زمان) ناسراون، وەکو: هەندێ جۆری دەنگ و قاقا و پێکەنین و کۆکین ... هتد.

**ب- کۆدە دروستکراوەکان:**

دەکرێ ئاماژە ناگوتەییەکان لە ژێر کۆنترۆڵی خۆماندا بێت، وەك بەکار هێنانمان بۆ جل و بەرگ، کەرەسەکانی ئارایش کردن، کەل و پەل و ئەو ڕەمزانەی پلە وپایەی مرۆڤ دەردەخەن ..... هتد.

**ج- کۆدە ئیعلامییەکان:**

لە کاتی بەکار هێنانی کۆدە ئیعلامییەکان لە ئەنجامی توانا و تەکنیکییان بە هۆی هەڵبژاردن و ڕێکخستن هەندێ ئاماژەی ناگوتەیی سەر هەڵدەدەن، بۆ نموونە: سەرنووسەر دەتوانێ وێنەیەکی ڕەش و سپی، یان ڕەنگاو ڕەنگ، یان دەستکرد هەڵبژێرێت. لە سینەما دەرهێنەر دەتوانێ گرتەیەکی (**لقطة**) نزیك، یان دوور هەڵبژێرێ. هەروەها دەتوانێ مۆسیقا و کاریگەرە دەنگییەکانی بۆ زیاد بکات.

**د- کۆدەکانی بارودۆخ:**

لە ئەنجامی بەکار هێنانی شوێن و کات هەندێ ئاماژەی ناگوتەیی سەرهەڵدەدەن. لە نموونەی کات، وا لە یەکێك بکەیت بۆ ماوەیەکی درێژ چاوەڕێت بکات. نموونەی شوێنیش، یەکێك دەیناسی، بەلاّم تۆ لە دووری ئەو دابنیشی و پشتی تێ بکەی، یان ڕیزکردنی خەڵکانێك لە شوێنێك بە پێی پلە وپایەیان.

لەم دوو جۆرەی پێوەندی کردندا (گوتەیی و ناگوتەیی)، لە هەندێ باردا، بە تایبەتی لە پێوەندی کردنی ڕوو بە ڕوودا، نێرەر هەردوو جۆر ئاوێتەی یەکتر دەکات بۆ ئەوەی مەبەست و واتاکان بە شێوەیەکی چاکتر بگوازێتەوە بۆ گوێگر، بە تایبەتی لەم دۆخانەی خوارەوەدا (**91**: **ل 107** ‍ **108**):

(جەخت کردن- Accenting، تەواوکاری یان تەواوکردن- Complementing، ڕێکخستن یان کۆنترۆڵ کردن- Regulating، دووپات کردنەوە- Repeating، جێگرتنەوە- Substituting).

## 3-2 زمان لە پرۆسەی پێوەندی کردندا

زمان گەلێك ئەرکی جۆراو جۆری هەیە، ئەرکی پێوەندی کردن سەرچاوەی هەموو ئەرکەکانی تری زمانە، واتە ئەگەر بێت و لە ئەرکە جیاجیاکانی زمان وردبینەوە، دەبینین، پێوەندی کردن هاوبەشی هەموو ئەرکەکانی ترە و زمانیش ڕۆڵی بالاّی تێدا دەگێڕێ. زمان لە بەکارهێنانی ڕۆژانەیدا، ئامێرێکە مرۆڤ بۆ جێبەجێ کردنی پرۆسەی پێوەندی کردن لە نێوان خۆی و ئەندامانی ژینگەکەی بەکاری دەهێنێ، پێوەندی زمانیش برتییە لە گواستنەوەی واتاکان بە هۆی ڕەمزە دەنگییەکانەوە (**76**: **ل 47**)، لە ڕێگای ئاخاوتن و نووسین و خوێندنەوەوە.

پرۆسەی پێوەندی کردن بە چەمکە سادەکەی سێ ڕەگەز دەگرێتەوە:

نێرەر  Sender

پەیام  Message

وەرگر  Receiver

لە بارەی پێوەندی کردنی جەماوەرییەوە (Mass Communication) ڕەگەزی چوارەمی دێتە سەر، ئەویش هۆکارەکانە وەکو (ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن .... هتد).

لە پرۆسەی پێوەندی کردنی زمانیی دا، دوو لایەن ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، ئەوانیش (قسەکەر و گوێگر) ن. قسەکەر ڕۆڵی نێرەر دەبینێ و گوێگریش ڕۆڵی وەرگر. لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵی قسەکەر لە واتا هۆشییەکانەوە دەست پێ دەکات، لە گۆکردن بە دەنگکۆتایی پێ دێت. بەلاّم ڕۆڵی وەرگر لە گوێگرتن لە نێرەر و تێگەیشتنی واتا هۆشییەکان. (**76: ل 49**)


هەروەکو ئاماژەمان پێ کرد، کە پرۆسەی پێوەندی کردنی زمانی پشت بە ئاخاوتن و نووسین و خوێندنەوە دەبەستێت بۆ جێبەجێ کردنی زانیارییەکان و گواستنەوەیان، بۆیە پێویستە پێوەندیکەر (نێرەر) بە چاکی لە شێوازی پێوەندی کردنی زمانیی بگات.

لێرەدا دەبێ نێرەر پەیامەکەی لە شێوەی چەند ڕەمزێك، یان چەند وشەیەکی دیاری کراودا بخاتە ڕوو، ئەم وشانەشە پێویستییان بە هۆکارێك هەیە بۆ گەیاندنیان، سروشتی هۆکاریش کاریگەری بە سەر ڕەمزە زمانییەکانەوە هەیە، چونکە هۆکار هەر تەنها پەیامەکانی پێوەندی کردن ناگوێزێتەوە، بەڵکو لە چوار چێوەی زماندا درك کردن بە واقیع دروست دەکات، بۆیە هۆکار بە زمانەوە بەستراوەتەوە لە بەر ئەوەشە هەندێك کەس زمان دەدەنە پاڵ هۆکارەوە و هەر بە ناوی هۆکارەکەوە ناوی دەبەن، وەکو: زمانی ڕۆژنامەنووسیی، یان زمانی ڕادیۆ، یان سینەما، یان نووسین ....... هتد. (**84: ل 27**)

پێوەندی کردن ڕاستییەکی بناغەیی بوونی مرۆیی و پرۆسەی کۆمەڵایەتییە، هەموو ئەو ڕێگایانە دەگرێتەوە، کە یەکێك کار لە یەکێکی تر دەکات یان کاریگەریی بە سەردا دەبێت، ئەو ڕێگایانەش ڕاستەوخۆ و کەسی بن، یان ناڕاستەوخۆ بن، پێوەندی کردنیش ئەم لایەنانە لە خۆ دەگریّ:

گۆڕینەوەی کارلێککردنەکان: کارلێککردنی یەکەم لە ناردن و وەرگرتنی پەیامدایە، دووەمیان لە دەرکردن تێگەیشتنی ئەو پەیامە دایە، سێیەمیشیان بەشداربوون و هاودەنگی پەیامەکەیە. (**53: ل 176**)

تەنها هاوزمانیی نێوان نێرەر و وەرگر بەس نییە بۆ تێگەشتنی پەیامێك، واتە بەو زمانەی، کە هەردوو لا دەیزانن، بەڵکو پێویست بە شارەزایی هاوبەشیش دەکات بۆ نموونە: گویّ گرتن لە وانەیەکی بیرکاری بە کوردی لەلایەن کوردی زانێکەوە، تەنها زانینی زمانەکە بە فریای ناکەویّ بۆ تێگەیشتنی ناوەرۆکی بابەتەکە، ئەگەر هاتوو زانستی بیرکاری نەخوێند بیّ و شارەزایی پێشتری نەبێت، واتە پێویستە شارەزایی هاوبەش لە نێوان نێرەر و وەرگردا هەبێت، ئەم شارەزاییەش کاتێك دێتە کایەوە، کە نێرەر و وەرگر سەر بە هەمان ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بن، کە ئەمەش پێویست بە بوونی چوارچێوەیەکی واتایی هاوبەش دەکات لە نێوان نێرەر و وەرگردا، واتە هەتاکو نێرەر و وەرگر لە چواچێوەیەکی واتایی هابەشدا لە یەك بگەن، ڕێژەی تێگەیشتن زیاتر دەبێت، هەروەك لەم هێلکارییە دیارە: (**53: ل 181**)



لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ، کە وەرگری (أ) چونکە کەوتۆتە ناو چوارچێوەی واتاییەوە لە هەموو شتەکان دەگات، بەلاّم وەرگری (ب)، کە بەشێکی لە ناو چوارچێوە واتاییەکەیە، ئەوە دەگەیەنێ، لە هەندێ شت دەگات، بەلاّم لە هەندێکی تریان ناگات، وەرگری (ج) یش لە هەموو ئەو شتانە ناگات، کە نێرەر قسەیان لە سەر دەکات، چونکە دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوە واتاییەکەوە.

پێوەندی کردنی ورد و تەواو و بێ کەم و کوڕی، کارێکە کەم دەستەبەر دەبێت، لە هەچ پرۆسەیەکی پێوەندی کردندا لە وانەیە جۆرە بەر بەستێك بێتە پێشەوە و کاریگەریەکی سەلبی بە سەر پرۆسەی پێوەندی کردنی نێوان نێرەر و وەرگردا هەبێت و کار لە ڕوونی و ئاشکرایی پەیامەکە بکات، ئەم بەر بەستەش پێی دەوترێ (ژاوە ژاو Noise). (**46:ل26**)، کە دوو جۆری هەیە یەکێکیان پێوەندی بە کەناڵەوە هەیە، کە لە کاتی گواستنەوەی پەیامەکە لە ڕێگای هۆکارەوە ڕوو دەدات و پێی دەوترێ ژاوە ژاوی کەناڵ (Channel Noise)، ئەوی تریان لە ئەنجامی بەکار هێنانی زمان دێتە کایەوە و پێی دەوترێ واژەواژی واتایی (Semantic Noise)، هەردووکیان لە کاتی گواستنەوەی پەیامدا گۆڕانی واتایی دروست دەکەن. (**84: ل 34**)

ژاوە ژاوی تایبەت بە کەناڵ، لە ناوەوە، یان لە دەرەوەی کەناڵدا دەبێت، نموونەی تایبەت بە ناوەوەی کەناڵ، وەکو: هەڵەی چاپ، وشەی سڕاوە، شێوانی وێنە لە تەلەفزیۆندا، واژەواژی ڕادیۆ ... هتد.

نموونەی ژاوە ژاوی دەرەکیش، وەکو: کاریگەری ڕادیۆیەك بە سەر ڕادیۆ یەکی تردا لە ڕێگای شەپۆلەکانی پەخش کردندا، دەنگە دەنگی منداڵان لە کاتی سەیر کردن و گوێ گرتنمان لە تەلەفزیۆن، یان دابڕانمان لە خوێدنەوەی کتێبێك لە کاتی هاتنی میوانێك .... هتد. (**46: ل 27**)

بەلاّم ژاوە ژاوی واتایی لە ئەنجامی سەر نەکەوتن لە گەیاندنی واتاوە دێتە کایەوە، بە تایبەتی لەکاتێکدا نێرەر هەندێ وشە و دەستەواژە بەکار دەهێنێ لەلای گوێگر ئاشکرا نیە و تێی ناگات، گرنگترین دیاردەکانی ئەم جۆرەی ژاوە ژاو بریتییە لە:

1- هەبوونی جیاوازی لە پاشخانی ڕۆشنبیری بەشداربووانی پرۆسەی پێوەندی کردن بە هۆی جیاوازی شارەزاییان دەربارەی زمان و کۆمەڵ.
2- تێگەیشتنی پەیامەکە لەلایەن گوێگرەوە بە واتای جیاوان.
3- لادانی دەنگی.
4- بەکار هێنانی هەندێ وشە و دەستەواژە، کە لە واتایەك زیاتر دەبەخشن. (**84: ل34**)

هەروەها هەموو بارو دۆخێکی ژیانی و دەروونی و کۆمەلاّیەتی و شارستانی دەبنە هۆی سەرهەلّدانی جیاوازیی واتایی لە نێوان نێرەر و وەرگر، لە ئەنجامدا لەیەك نەگەیشتن دروست دەبێت، هەروەها بوونی جیاوازی لە ئاستی زیرەکی و زمان و زاراوە و تەمەن و ڕەگەز و چین و کەمی کارامەیی پێوەندی کردن لەلای نێرەر، یان وەرگر، هەموو ئەمانە دەبنە بەربەست لەبەر دەم گەیاندنی پەیام بە شێوەیەکی ڕێك و دروست.

پێوەندی کردن پرۆسەیەکی سەربەخۆ نییە، بەلّکو بەستراوەتەوە بە جۆرێك لە نیشانە و هێما و ڕێکخستنی زمانییەوە، کە دەکرێ بە بوارێکی بناغەیی هەلّێنجانی پەیام لە پرۆسەی پێوەندی کردن لەقەلّەم بدرێ، تێگەیشتنی واتا جیاجیاکانی پەیامەکانیش لە ژێر ڕۆشنایی ئەم لایەنانەدا دروست دەبێت. (**41: ل 154**)

## 4-2 زمان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن:

زمان کرۆکی بابەتەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیرییە، مەبەستی ڕاگەیاندن گەیشتنە بە لایەنە شاراوە و نادیارەکانی خوێنەر، یان گوێگر، یان بینەر، ئەمجا کارکردنە سەر بیر و باوەڕ و پێکهاتەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییان.

زمان ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنی ڕۆشبیری و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییە. سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ڕاگەیاندنی نوێ بە هۆکار و شێوازی تازەیەوە، ڕۆڵی زمانی گرنگتر کرد نەك هەر تەنها بۆ گوزارشت کردن لە بیرو ڕاکان، بەڵکو بۆ دروست کردنی بیرو ڕاش. (**41: ل 95**)

ئاشکرایە، بێ بوونی زمان زۆر ئاستەمە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هیچ ڕۆڵێکیان ببێت، پێوەندی نێوان زمان و ڕاگەیاندن پێوەندییەکی ئۆرگانییە، زمان وەکو خاکێکی بە پیت وایە بۆ ڕاگەیاندن و ئەو بوارەیە، کە هەموو چالاکییەکانی خۆی تێدا ئەنجام دەدات و بیرو ڕاکانی خۆی بە هۆیەوە دەگوازێتەوە. هەروەها زمانیش ناتوانێ دەستبەرداری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بێت، چونکە هەموویان ئامراز و کەرەسەی پێوەندی کردنن لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵدا، یارمەتی زمان دەدەن بۆ گەشە کردن.

گرنگی و بایەخ پێدانی مرۆڤ بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندن دایە، بۆیە ئەوەی ئەم هۆکارانە لە ڕووی ناوەرۆکەوە پێشکەشی مرۆڤی دەکەن، کاریگەرییان بە سەر شێوازی قسە کردن و وشە و واتا و .... هتد هەیە.

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە دوو ڕێگاوە کار دەکەنە سەر گۆڕینی چالاکییەکانی پێوەندی کردنمان: (**74: ل 367**)

یەکەمیان: کاریگەری کردنە سەر شێوازی قسە کردنمان، بۆ نموونە: لە ڕووی دەربڕین، ڕێزمان (وشەسازی و ڕستەسازی ...... هتد).

دووەمیان کاریگەری کردنە سەر زمان بە شێوەیەکی گشتی، بە تایبەتی لە ڕووی فراوان بوون و زۆر بوونی ژمارەی ئەو وشە و زاراوانەی، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکار دێن، بە تایبەتی لە دوای ئەوەی ڕۆژنامەکان وەکو دیاردەیەکی باو لە ناو خەڵکدا دەرکەوتن، ئەم ئەرکەیان لە زمانی نووسیندا گرتە ئەستۆ.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە ئەو زمانەی لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا بەکار دێت، زادەی ئەو سەردەمە مێژووییە و بارو دۆخە ڕامیاری و شارستانییەی کۆمەڵە، کە تیایدا دەژین. (**41: ل 113**)

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن توانییان کاریگەرییەکی گەورە بکەنە سەر بنەمای زمانی بەکارهاتوو، ئەم کاریگەرییەش بە پێی سروشتی هۆکاری بەکارهاتووەوە دەگۆڕێ، چونکە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن زۆر و هەمە جۆرن، هەر یەکێکیان شێواز و زمانی کاریگەری خۆی هەیە جیایە لەگەڵ هۆکارێکی تر. (**53: ل 27**)

کەواتە دەتوانین بڵێین: هەر هۆکارێك زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، واتە هەر یەکێك بە پێی تایبەتمەندی خۆی زمانێکی تایبەتی پێویستە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، کە جیایە لە هۆکارێکی تر، بۆ نموونە: ڕادیۆ کاریگەرییەکی زۆری بە سەر دەروونی گوێگرانەوە هەیە، چونکە ئەو تایبەتمەندییەی هەیەتی جیاوازە لەگەڵ هۆکارەکانی تر، بەهۆی ئەوەی کە دەگاتە ناو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ و هەتا کۆمەڵە سەرەتاییەکانیش بەهۆی ئاسانی پەخش کردنی پرۆگرامەکان، هەروەها سانایی دەست کەوتن و بەکار هێنانی لەلایەن ئەو کۆمەڵانەوە. زمانەکەشی تەنها پشت بە بەهێزی وشە و دەستەواژە و دەربڕینی ورد دەبەستێت، چونکە لاوازی ئەم لایەنانە دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن و دور خستنەوەی سەرنجی گوێگر لە بیرۆکەکە. (**77: ل 46**)

بەڵام هۆکارێکی تری وەك تەلەفزیۆن، سنووری کاریگەرییەکەی کەمترە، ئەویش بە هۆی سنوورداری ئەو ناوچە و کۆمەڵانەی، کە پێیان دەگات.

هەروەکو ئاماژەمان پێ کرد، کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئامرازێکی گرنگی گواستنەوەی پەیامەکانی ڕاگەیاندنن و سەرەکی ترینیان هەواڵە، بۆیە تاکو شێوازی پەیامی ڕاگەیاندراو لەلایەن جەماوەرەوە ئاسان و تێگەیشتوو بێ باشە، چونکە نووسەری پەیام بەم کارەی یارمەتییەکی زۆری جەماوەر دەدات لە وەرگرتنی هەموو ئەو زانیاری و بیرو ڕایانەی، کە پێوەندییان بەم پەیامەوە هەیە. لەبەر ئەوەیە نووسەری بە توانا ناتوانێ ڕۆڵی زمان لە نووسینی پەیامی ڕاگەیاندندا لە بیر بکات، چونکە زمان ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە بۆ سەر جەماوەر لە تێگەیشتنی پەیامی ئیعلامیدا.

بە پێی ئەم بنەمایە پایە و کاریگەری و گرنگی زمان لە تیۆری نووسینی ئیعلامیدا دەردەکەوێت، کە چەند ڕەگەزێك لە خۆ دەگرێت: (**53: ل 305  306**)

1- سەرچاوە (نێرەر): لەوانەیە لەلایەن کەسێك یان چەند کەسێکەوە بێت و لە پشت نووسراوەکە یان پەیامەکەوە مەبەستێك یان هۆیەك هەبێت، ئەم نووسراوەش چەند بیر و ڕایەکی لە خۆ گرتووە بۆ وەرگر. کەواتە نووسین بەشێکە لە پرۆسەی پێوەندی کردن، بەبێ وەرگر جێبەجێ نابێت.

2- پەیامی ڕۆژنامەنووس: ناوەرۆکی پرۆسەی نووسینە و گوزارشت لە مەبەست و ئامانجی نێرەر، یان سەرچاوەکە دەکات، کە بیر و ڕا و خواست و مەبەستی وەردەگێڕێتە سەر شێوەیەکی ڕەمزی، ئەم شێوە ڕەمزییەش لە وانەیە زمانێکی درکێنراو (**منطوق**)، یان نووسراو، یان بە شێوەی وێنەیی، یان مۆسیقا .... هتد بێت.

3- نووسەر (ڕەمزدانەر): ئەو کەسەیە، کە هەوڵی وەرگێڕانی بیرو بۆچوون و مەبەستی سەرچاوە (نێرەر) دەدات، تاکو بیکاتە شێوەی ڕەمزی زمانی، کە لەمەوە پەیامی ڕۆژنامەیی دێتە بەرهەم.

لە تیۆری نووسینی ڕۆژنامەییدا، زمان لە کەناڵ، یان هۆکاری ڕاگەیاندن جیانابێتەوە، چونکە بە هۆیەوە پەیامی ڕاگەیاندراو دەگوازرێتەوە و وەکو پێناوێك وایە، بۆیە بە مەبەستی گواستنەوەی پەیامەکە بە سەر کەوتوویی، پێویستە ئەو هۆکارە زۆر بە وردییەوە دەستنیشان بکرێت.

جیاوازی شێوازی نووسین لە هەر هۆکارێك لەم هۆکارانە بە شێوەیەکی ئاشکرا دیارە، بە تایبەتی لە خستنە ڕووی بابەتێك لە ڕادیۆ یان ڕۆژنامەدا، کە بۆ هەر یەکێکیان شێوازێکی تایبەت پێویستە.

ئەوەی لە پەیامی ڕۆژنامەییدا گرنگ بێت ئەوەیە، پێویستە گونجاو بێت لەگەڵ توانای هۆش و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو کەسانەی کە وەریدەگرن، تاکو پەیامەکە کاریگەری خۆی بە سەریاندا جێ بهێڵێ، چونکە زمان و شێوازی زمانیی، کە نووسەر پشتیان پێ دەبەستێت، بە ڕەگەزێکی گرنگ دەژمێردرێت لە داڕشتنی پەیامدا. (**53: ل 306**)

کەواتە هۆکاری سەرەکی ڕاگەیاندن زمانە، بەو واتایەی، کە هۆکار ئەو پرۆگرامەیە بە هۆیەوە پەیام لە نێرەرەوە لە ڕێگای کەناڵەکانی پێوەندی کردنەوە بۆ گوێگر دەگوازێتەوە. ئەم هۆکارانەش: زمان، هێما، ئاماژە دەگرێتەوە، واتە زمانی ئاخاوتن و جووڵە و هێما و وێنە و پەیکەر .... هتد، هەموویان هۆکارن بۆ گواستنەوەی پەیام. (**53: ل 323  324**)

به پێی ئەو زانیارییانەی، کە لە پێشەوە باسکران، دەکرێ بوترێ زمان لە نووسینی ڕاگەیاندندا بە هۆی هۆکارەکانییەوە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئاستی زمانیی لە تەکنۆلۆگیای هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دانابڕێ، چونکە شێواز و چۆنیەتی دارشتنی زمان لە هەر یەکێك لەم هۆکارانە کاریگەرییان بە سەر ناوەڕۆکی هەر یەکێك لەم هۆکارانەدا هەیە و هەروەها بە پێچەوانەش.

یەکێك لەو ئاستە زمانییانەی ڕۆڵی گرنگییان لەم بوارەدا هەیە، ڕێزمانە، چونکە پێوەندی بە پەیامی ڕاگەیاندنەوە هەیە و دروستکەری ئەو بنەمایانەیە، کە دەستنیشانی هەڵە و ڕاستی پێکهاتە زمانییەکان دەکات، لەم بارەوە (چۆمسکی) دەڵێ: شوێنی ڕێزمان بە گوێرەی زمان، وەکو دڵ وایە لە لەشی مرۆڤدا. (**81: ل 229**)

# بەشی سێیەم

# هەواڵ

## 3- هەواڵ

### 3-1 چەمك و پێناسەی هەواڵ:

هەواڵ بە گرنگترین شێوەکانی نووسینی ڕۆژنامەیی و لایەنی بایەخ پێدانی خوێنەر لە قەڵەم دەدرێت، بۆیە ڕۆژنامەی هاوچەرخ بە ڕۆژنامەی هەواڵ دەناسرێ.

گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیارییەکان لە داهاتوودا بە هەر شێوەیەك بن، پێشبینی ئەوە ناکرێ، کە ڕۆژگارێك دابێت ئەو کەسانە نەمێنن کاتی خۆیان بۆ زانینی ڕووداوەکان و گواستنەوەی زانیاری بۆ خەڵکانی تر تەرخان نەکەن، وێڕای شرۆڤە کردنێکی گونجاو بۆ واتا و ناوەرۆکی ئەم زانیارییانە. (66: ل 11)

ڕۆژانە و بە بەردەوامی ئێمەی مرۆڤ گوێمان لە (هەواڵ) دەبێت و زۆر بە سادەییەوە پێشوازی لێ دەکەین و بێ بەها هەڵیدەسەنگێنین، بێ بایەخانە سەیری دەکەین، بێ ئاگا لەوەی، کە بیستن و وەرگرتن و شیکردنەوەی هەواڵ بە هەموو جۆرەکانییەوە بەشێکی سەرەکی و گرنگ لە سەرجەم بوارەکانی ژیان پێك دێنن. پەیام گەیاندن و ڕووداو گواستنەوە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ژیانەوە، وەك پێویستییەکی بەردەوام بوونی ژیان سەریان هەڵداوە و کاریگەری ئایەتی و نایەتییان بە سەر گشت کایەکانی ژیانەوە هەبووە. (6: ل 141)

شارەزا بوون و ناسینی مرۆڤ بۆ هەواڵ، هەروەکو کۆنی کۆمەڵانی مرۆڤە. ناکرێ هیچ کۆمەڵێك بەبێ بوونی پێوەندی کردن لە نێوان ئەندامەکانی دا گەشە بکات، پێکهێنانی کۆمەڵێکی تەواو پێویستی بە سیستەمێکی پێوەندی کردنی دیاریکراو هەیە. بۆیە مرۆڤ پێویستی بە بەڵگەی زۆر نییە بۆ سەلماندنی گرنگی هەواڵ بۆ خەڵك، هەواڵ شێوەیەکە لە شێوەکانی پێوەندی کردن لەناو خەڵکدا. (41: ل 169)

هەواڵ مادەیەکی بنەڕەتییە لە ڕۆژنامەدا، لە پشت هەموو مادەیەکی ترەوەیە، بە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری دەژمێردرێ و کار لە هەڵویستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزری و ڕۆشنبیری و دەسەڵات و سەرجەم توێژەکانی خەڵك دەکا و هۆشیاریش بە هەموو چەشنەکانییەوە بە هۆی هەواڵەوە فراوانتر و قووڵتر دەبێ. (**7**: ل **13**)

هەواڵ یەکەم ئەرکی ڕۆژنامەنووسییە، ئەم ئەرکە مێژوویەکی کۆنی هەیە، هەروەکو ئاماژەمان پێی کرد، کە پەیام گەیاندن و ڕووداو و گواستنەوە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ژیانەوە وەك پێویستییەکی بەردەوام بوونی ژیان سەریان هەڵداوە، ئەو نەخش و نیگارانەی لە سەر بەرد و دیواری ئەشکەوتەکاندا کراون، نموونەی دیار و بەرچاوی شێوازی دێرینی هەواڵ گەیاندنن.

هەواڵی ڕۆژنامەیی هەر تەنها وەسف کردنی ڕووداوێکی ئاسایی نییە، بەڵکو بۆتە پیشەیەکی دیار و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەم پیشە ڕۆژنامەیی یە چەند فاکتەرێك ئاوێتەی بووە، کە بەشدارییان لە پێشکەوتنی شێواز و هۆکار و ڕێبازەکانی گەیاندنیان بۆ جەماوەر کردووە.

پرۆسەی کۆکردنەوە و ئامادەکردن و دابەش کردنی، چۆتە قۆناغێکی تری پێشکەوتن، کە شان بە شانی شۆڕشی پێوەندی کردن و زانیارییەکان ڕێی کردووە. بەم جۆرە دەبینین، کە پرۆسەی هەواڵ بە گوێرەی ئەم جیهانە پڕ لە ململانێیەی جیاوازی ئایدۆلۆگیا و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیارییە، ئاڵۆزتر بووە و کاریگەری ئاشکرای بە سەر ئەم پرۆسەیەدا جێ هێشتووە. (**51**: ل **13**)

هەموو ئەو شتانەی کە باسکران وایان کردووە، کە هەواڵ ڕۆڵی سەرەکی هەبێت لە دروست کردنی ڕای گشتیدا و بایەخی تایبەتی پێ بدرێت، وەك بەشێکی گرنگی کاری ڕاگەیاندن سەیر بکرێ و بناغەیەکی هونەری و زانستی بۆ دابڕێژرێت و لە ئەنجامیشدا

پشت بە زانستەکانی دەروونناسی ببەسترێت، تاکو کاریگەری زیاتری بە سەر هەست و دەروونی وەرگرەوە (بینەر، گوێگر، خوێنەر) دا هەبێت.

ئەو پێناسانەی کە بۆ دیاری کردنی ناسنامە و سروشت و تایبەتمەندی هەواڵی ڕۆژنامەنووسیی بەکار دێن، زۆر و جۆراو جۆرن، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ:

1- جیاوازی قوتابخانە ڕۆژنامەنووسییەکان (گەلێك تیۆری جیاواز هەن، پێناسەی جۆراوجۆر بۆ هەواڵ پێشکەش دەکەن).

2- جیاوازی جۆری ڕۆژنامەکە (ڕۆژنامەنووسیی هەواڵی "**الصحافة الخبرية**"، پێناسەکەی بۆ هەواڵ جیاوازە لە ڕۆژنامەنووسیی وروژێنەر).

3- جیاوازی لە جەخت کردنە سەر بەهاکانی هەواڵ، شایانی گوتنە چەند بەهایەك هەن، کە پێویستە لە هەواڵدا هەبن، جەخت کردنە سەر یەکێك لەو بەهایانە، دەبێتە هۆی دروست بوونی پێناسەی جیا جیا. (**32**: **ل 73**)

بۆیە لێکۆڵینەوە لە هەواڵی ڕۆژنامەیی و دەستنیشان کردنی پێناسە بۆی، کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەو شتەی ئەمڕۆ هەواڵە، لەوانەیە ڕۆژی پاشتر لە ڕووی کارەکییەوە لە بیر بکرێ و وەلاوە بنرێ. لە بەر ئەوە گەلێك زانا و پسپۆری ئەم بوارە لێی ورد بوونەتەوە، وێڕای هەبوونی جیاوازی زۆر لە بیر و بۆچوونیان بۆ (هەواڵ) و ئەو ئەرکانەی جێبەجێیان دەکات، هەوڵیان داوە پێناسەیەکی سەراپایی بۆ دابنێن. (**41**: **ل 171**)

دەکرێ بە دەیان پێناسە لە ناو ئەو کتێبانەی، کە دەربارەی (هەواڵی ڕۆژنامەنووسیی) یان نووسیوە، بدۆزینەوە، کە دەتوانرێ بە پێی ئەم بنەمایانەی خوارەوە پۆل بکرێن: (**32**: **ل73**)

1- ئەو پێناسانەی، کە ڕۆڵی کۆمەلایەتی تیایاندا ڕەنگ دەداتەوە، وەك:

- هەواڵ بابەتێکی ڕۆژنامەییەو ڕووداوە تازەکان دەگوێزێتەوە، کە پرۆسەی بنیاتنان و دووبارە گۆڕینی سەردەم لە بەرژەوەندی جەماوەرێکی فراوان، تیایدا ڕەنگ دەداتەوە.

- هەواڵ بابەتێکی ڕۆژنامەییە، هەموو ئەو ڕووداو و دیاردانە و گۆڕانکارییانە لە خۆ دەگرێ، کە پێوەندییان بە ژیان و پێویستییە ڕاستەقینەکانی مرۆڤەوە هەیە.

- هەواڵ بە وردی باسکردنی ڕووداوەکانی مرۆڤایەتییە، هەروەها ئاشکراکردنی ئەو ڕاو بۆچوونانەیە، کە جێی بایەخی خەڵکییە و کاریان تێ دەکات. (**15: ل 7**)

- هەواڵ هەندێ جۆری چالاکی مرۆڤە، کە ڕای گشتی بایەخی پێ دەدات و سوودی لێ وەردەگرێ و زانیاری پێ زیاتر دەبێت. (**15: ل 7 - 8**)

- هەواڵ بریتییە لە پیشاندانی ڕووداوە سەیرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی بیر و ڕای گشتی. (**21: ل 17**)

2- ئەو پێناسانەی، کە جەخت لە سەر یەکێ لە بەهاکانی هەواڵ دەکەن:

**أ- تازەیی و هەنووکەیی**

- ڕۆزە کلۆس، مامۆستای (مەڵبەندی توێژینەوەی هونەریی بڵاوکراوە گشتییەکان)، لە زانکۆی برۆکسل، لە کتێبی (هەواڵەکان) دا، دەڵێ:

هەواڵ گواستنەوەی سادە و وردی ڕووداوە هەنووکەییەکانە. (**21: ل 17**)

- هەواڵ بابەتێکی ڕۆژنامەییە، کە زانیاری نوێ لە خۆ دەگرێ، پێشتر لەلای توێژێکی زۆری خەڵك نەزانراوە. (**32: ل 74**)

- هەواڵ بریتییە لەو شتەی، کە دوێنێ پێت نەزانیوە. (**53: ل 378**)

**ب- بابەتی:**

- هەواڵی ڕۆژنامەنووسی بریتییە لە پیشاندانی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی بابەتییانە و گواستنەوەی بە شێوەیەکی بێ لایەن.

- لێژنەی ڕاوێژکاری تایبەت لە ڕادیۆی بەریتانیا (BBC) لە پێناسەی هەواڵدا دەڵێ: هەواڵ بریتییە لە زانیاری نوێ، کە بە وردی و ئەمانەتەوە ڕووداوە هەنووکەییەکان دەگوازێتەوە، جا ئەو ڕووداوانە هەر جۆرێك و لە هەر شوێنێکی جیهاندا بن. **(50: ل 84)**

**ج- گرنگی:**

- هەموو ڕووداوێك هەواڵ نییە، بەڵکو هەواڵ ئەو ڕووداوەیە، کە جێگای بایەخ و گرنگی کۆمەڵ و توێژێکی فراوانە.
- ئەو ڕووداوە گرنگانەی، کە لە ڕۆژنامەکاندا چاپ دەکرێن و لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییان لێ دەکرێ، هەواڵە. **(21: ل 16)**

**د- سەیرو سەمەرەیی:**

- هەواڵ ئەو بابەتەی ڕۆژنامەیە، هەموو ئەو ڕووداوانە دەخاتە ڕوو، کە ئاسایی نین و ناوێزە و سەیرن.
- هەواڵ ئەو شتەیە، کە لە چوارچێوەی ژیانی ئاسایی بچێتە دەرەوە، جێگای باسی گشت و تایبەت بێت.

**هـ- بەدەست هێنانی قازانج:**

- هەواڵی ڕۆژنامەیی بریتییە لە ڕاپۆرتێك دەربارەی ڕووداوێکی دیاری کراو، ڕۆژنامە وای دەبینێ، کە بلاّو کردنەوەی هۆکارێکە بۆ قازانجی مادی.
- هەواڵ، ئەو تاکە شتەیە، کە یارمەتی فرۆشتنی زیاتری ڕۆژنامە دەدات.

بەم جۆرە، دەبینین هەموو ئەو پێناسانەی، کە خراونەتە ڕوو، وێڕای بوونی لێکچوون و نزیک بوونەوە لە هەندێك خاڵدا، لە هەمان کاتیشدا جیاوازی لە بیر و ڕا و شێوازی هەر یەکێکیان لەگەڵ ئەوانی تردا لە بارەی ئەم بابەتەدا دیارە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە دابەش کردنی ئەم پێناسانە بە پێی ئەو خالأنەی، کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن، خۆی لە خۆیدا بوونی ئەم جیاوازییە پیشان دەدات. بۆیە ناکرێ ئەم پێناسانە گوزارشتێکی ورد و سەراپایی چەمکی ئەم بابەتە بن.

بەم پێیە نابێ هەواڵی ڕۆژنامەیی هەر ئەوە بێ، کە لایەنی کۆمەلأیەتی تیایدا ڕەنگ بداتەوە، یان تەنها لایەنی تازەیی و هەنووکەیی لە ڕووداوێکدا بە تەنها بەس بێ بۆ ئەوەی ڕۆژنامەیەك بیکاتە هەواڵ و بلأوی بکاتەوە. کەواتە دەکرێ بلێین لەوانەیە پێناسەی گونجاو بۆ هەواڵی ڕۆژنامەیی ئەوە بێ، کە: هەواڵ نووسراوێکی یان ڕاپۆرتێکی بابەتییە دەربارەی ڕووداوێکی دیاری کراو، بە مەرجێك هەموویان یاخود زۆربەی بەهاکان لە خۆ بگرێ.

## 2-3 جۆرەکانی هەواڵ

هەروەکو لە پێشەوە چەند پێناسەیەکی جیاجیای هەواڵی ڕۆژنامەییمان خستە ڕوو، کە هەر یەکێکیان گوزارشت بوو لە بیر و بۆچوونی دانەرەکانیان بۆ ئەم بابەتە و تا ڕادەیەك لەگەڵ یەك جیا بوون، بۆ جۆرەکانی هەواڵیش بە هەمان شێوە چەند بیر و ڕایەك هەیە لە دابەش کردن و پۆل کردنیان، یەکێك لە دابەش کردنەکان بەم جۆرەی خوارەوەیە، کە لە سەر سێ بنەما دابەش کراوە. (**41: ل 178**)

- بنەمای یەکەم: دابەش کردنی جۆری، کە هەواڵی سادە و ئالۆز و تایبەت دەگرێتەوە.
- بنەمای دووەم: دابەش کردنی جوگرافی، هەواڵی ناوخۆ و دەرەوە دەگرێتەوە.

- بنەمای سێیەم: دابەش کردن بە پێی کات، یان کاتی، کە هەواڵی خولاو (**دوري**) و هەواڵی کت و پڕ دەگرێتەوە.

**1- دابەش کردنی جۆری:**

أ. هەواڵی سادە: ئەم جۆرەیان پوختەی هەواڵیشی پێ دەوترێ بۆ ئامادەکردن و لێکدانەوەی کۆششێکی کەمی دەوێ، کە هەواڵی کەسی و نەخۆشی و مردن و ئاگرکەوتنەوە و کەشناسی و کاتی دەرچوون و گەیشتنی شەمەندەفەر و فڕۆکە و شانۆ و سینەما دەگرێتەوە.

ب. هەواڵی ئاڵۆز: ئەم جۆرەیان بەو سادەیی یەی پێشووتر نییە، بەڵکو ئاڵۆزە، زۆر جار پێویستی بە لێکدانەوە هەیە، ڕۆژنامەنووس پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت، کە هەیەتی، نموونەی ئەم جۆرەی هەواڵ بریتییە لە: دواندەری، گوتەی ڕۆژنامەیی و کۆمەلایەتی و بۆنەی تایبەت و دادگاییەکان و لایەنی پێوەندیدار بە کارو دارایی.

ج. جۆری تایبەت: بریتییە لە هەواڵی چەند زانیارییەکی تێکەلاو، ئامانجی بلاوکردنەوەی ئاگاداری و وتارە بۆ مەبەستێکی دیاری کراو، هەروەها ئەو بابەتانەی، کە باس لە پێشکەوتنی کۆمەڵی مرۆڤ دەکەن و ئەو زانیارییانە دەگرنە خۆ، کە سوودیان بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەر هەیە.

**2- دابەش کردنی جوگرافی: ئەمەشیان بۆ دوو بەش دابەش دەبێت:**

أ- هەواڵی ناوخۆیی: لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەدا، ڕووداوەکانی ناوخۆ بابەتی گرنگ بوون تیایدا (**56: ل 119**)، ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە، کە لە ناوەوەی سنووری ولاتدا ڕوو دەدەن و نزیکترین بەشی ڕۆژنامەیە بۆ خوێنەر، چونکە ڕووداو و گیرو گرفتەکانی دەور و بەری خوێنەر دەگرێتە خۆ و کاریگەری بۆ سەر ژیانیان هەیە.

بەشی هەواڵی ناوخۆ لە ڕۆژنامەدا بۆ خوێنەر بە (ڕۆژنامەی بچووك) لە قەڵەم دەدرێ، چونكە هەواڵی ڕامیاری و ناوچەیی و ئابووری و ڕۆشنبیری و شانۆ و وەرزش و هونەر و جەژن و بۆنەكانی هەرێم دەگرێتە خۆ.

ئەم بەشەی هەواڵ هەوڵی دروست كردنی ڕای گشتی ناوچەیی دەدات، ئەویش بە گرنگی دان بە ڕووداوەكانی ناو هەرێم وێڕای ئاوڕ دانەوە لە دەنگ و نامەی هاوڵاتیان و بڵاو كردنەوە و گەیاندنی گیر و گرفتەكانیان بۆ شوێنی پێوەندیدار، یا خود هەندێ جار ڕووداوەكان لە دەرەوەی سنوور ڕوویانداوە بەڵام بابەتەكانی پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە هەرێمەوە هەیە، بۆیە بە هەواڵی ناوخۆ لە قەڵەم دەدرێن. (**32: ل 79**)

ب- هەواڵی دەرەكی: هەموو ئەو هەواڵانە دەگرێتەوە، كە باس لەو ڕووداوانە دەكەن، كە لە دەرەوەی هەرێم ڕوویان داوە و پێوەندییان بە هەرێمەوە نییە، كە بە هەواڵی نێو دەوڵەتی ناسراون، ڕۆژنامەكان هەوڵ دەدەن لە ڕێگای ئاژانسە جیاجیاكانی دەنگ و باس بە دەستی بێنن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی بابەتییانە پیشانی بدەن و بڵاویان بكەنەوە، یا خود ڕۆژنامە گەورەكان لە ڕێگای پەیامنێرەكانیانەوە لە ناوچە جیاجیاكانی جیهان هەواڵ بە دەست دێنن و بڵاویان دەكەنەوە. (**41: ل 180**)

3- **دابەش كردنی كاتی (زمني):** ئەم جۆرەشیان ئەم بەشانەی خوارەوە دەگرێتەوە: (**15: ل 28**)

أ- ڕابردوو: ئەو ڕووداوانەی، كە ڕوویان داوە و ئەنجامەكانیان دەركەوتووە.

ب-بەردەوام: ئەو ڕووداوانەی، كە دەستیان پێ كردووە، بەڵام هێشتا كۆتاییان پێ نەهاتووە.

ج- داهاتوو: ئەو ڕووداوانەی كە لە ئایندەدا ڕوو دەدەن، ئەمەشیان دوو

جۆره:

- هەواڵی پێشبینیکراو: ئەو ڕووداوانەن، کە ڕۆژنامەنووس پێشتر زانیاری دەربارەیان هەیە و لە یاداشتنامەکەی خۆیدا دەینووسێ و خۆی بۆ ئامادە دەکات، وەك هەواڵی کۆبوونەوەی پەرلەمان، یان دادگاییەکان و پێشبڕکێ وەرزشییەکان .... هتد.
- هەواڵی پێشبینی نەکراو (کت و پڕ): ئەو هەواڵانەن، کە پێشتر بە ڕوودانیان نازانرێ و پێشبینی ڕوودانیان ناکرێ، وەکو هەواڵی ڕووداوە سروشتییەکان و کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە و ئاگر کەوتنەوە و هەڵگیرسانی شۆڕش و کۆدەتا و بوومە لەرزە ... هتد. ئەم جۆرە هەواڵانە، هەواڵی تازە یان هەواڵی زیندووشیان پێ دەوترێ.

دابەش کردنێکی تری جۆرەکانی هەواڵ بەم شێوەیەی خوارەوەیە: (**41: ل 181**)

- هەواڵی ڕامیاری.
- ئەو هەوالانەی سیمایەکی مرۆڤایەتییان هەیە.
- هەواڵی تاوان کردن.
- هەواڵی ئەدەبی.
- هەواڵی هەمە جۆر و ڕەنگا و ڕەنگ

یان بە پێی ئەم پێوەرانەی خوارەوە دابەش کراوە: (**32: 79  81**)

1- بە پێی قەوارە:

- هەواڵی کورت.
- هەواڵی درێژ.

2- بە پێی سەرچاوە:

- هەواڵی دەرەکی.
- هەواڵی ناوخۆیی.

3- بە پێی بابەت:

- هەواڵی ڕامیاری، ئابووری، ڕۆشنبیری و هونەری، وەرزشی، زانستی کۆمەلایەتی، هەمەڕەنگ.

جۆرێکی تری دابەش کردنی جۆرەکانی هەواڵ: (**15: ل 29**)

1- هەواڵ لە ڕووی ئامادە کردنەوە:

- هەواڵی ئامادە.
- هەواڵی داهێنراو.

2- لە ڕووی ناوەرۆکەوە:

- هەواڵی ڕووت.
- هەواڵی شرۆڤەیی.

3- لە ڕووی بابەتییەوە:

- هەواڵی بابەتی.
- هەواڵی دەستکاری کراو

4- لە ڕووی تەواوی و ناتەواوی:

- هەواڵی بە پەلە.
- هەواڵی تەواو.

## 3-3 سەرچاوەکانی هەواڵ:

مەبەست لە سەرچاوە، ئەو چاوگەیە، کە هەواڵەکەی لێ وەردەگیرێ. ئاشکرا کردنی سەرچاوە بە نسبەت کاری پەیامنێران زۆر گرنگە و هەروەها بنەمایەکی زێڕینە بۆ پاراستنی ڕەوشتی ڕۆژنامە و دوور خستنەوەی لە کێشە یاساییەکان. هەروەها لە مەرجە بنەڕەتییەکانی متمانەدانە بە ڕاستگۆیی بەهێز بوونی ڕووداوەکە، هەر هەواڵێك بێ سەرچاوە بوو، هەواڵێکی لاواز دەبێ و جێگای باوەڕ و متمانەی وەرگر نابێ، بە پێچەوانەشەوە چەند سەرچاوەکە بە هێز بێت پتر باوەڕی پێ دەکرێ، چونکە "چاکترین هێزی باوەڕ پێ هەبوونی وەرگر، کە ڕۆژنامە بەدەستی دێنێ بۆ هەواڵ، ڕەوشتی گشتی و ڕاستگۆییەتی". (**66: ل 162**)

ئاشکراکردنی سەرچاوە بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە:

1- بۆ ئەوەی خوێنەران، یان گوێگران بتوانن بڕیار لە سەر ڕاستی زانیاریەکان بدەن.

2- بۆ پاراستنی ڕەوشتی ڕۆژنامەکە، یان هۆکاری هەواڵەکە لە کاتی لێپرسینەوە و بەدواداچوونی یاساییدا. (**51: ل 31 - 32**)

سەرچاوە لە ڕەگەزە گرنگەکانی متمانە دانە بە هەواڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هاتوو سەرچاوەکە نەیویست ناوەکەی ئاشکرا بێت، لە بەر هەر هۆیەك بێت، بە تایبەتی لە بەر هۆی ئەمنی، یان وەزیفی، ئەوا نابێ ناوی ئاشکرای سەرچاوەکە بهێنرێ، لەو حاڵەتەشدا لە شێوەی (سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویست ناوەکەی ئاشکرا بکەین ....) ئاماژەی پێ دەکرێ، بەڵام لە کاتی پێویستدا لە بەردەم دەزگا پێوەندداره‌کان بە تایبەتی لە بەردەم دادگا نابێ سەرچاوەکە بشاردرێتەوە. (**15: ل 35**)

### 1-3-3 جۆرەکانی سەرچاوە:

سەرچاوە چەند جۆرێکی هەیە و بە پێی ئەم بنەمایانەی خوارەوە دابەش دەبێت:

### 3-3-1-1 لە ڕووی پێوەندی بە میدیاکەوە:

1- سەرچاوە خودییەکان (زاتییەکان):

ئەوانەن، کە لەناو دەستەی دەزگاکە دان و هەواڵەکان پەیدا دەکەن، وەك: پەیامنێران و هەواڵنێران، (ئەو هەوالانە بریتین لە هەواڵی شوێن، یان شاری دەرچوونی ڕۆژنامەکە، یان هی شارەکانی تری هەمان وڵات، یان پەیامنێرانی دەرەوەی وڵات، کە سەر بە ڕۆژنامەکەن. (**21: ل 40**)

2- سەرچاوە دەرەکییەکان: ئەو سەرچاوانەن، کە لە دەرەوەی دەستەی میدیاکەن، لە بەدەست هێنانی هەواڵدا پشتیان پێ دەبەسترێ، وەك: ئاژانسەکانی دەنگ و باس و ئەنسات و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکە و بەڵگەنامە ... هتد.

### 3-3-1-2 لە ڕووی گرنگییەوە:

1- سەرچاوە بنەڕەتییەکان: ئەو سەرچاوانەن، کە ڕۆژنامەنووس ڕاستەوخۆ هەواڵەکەی لێ وەردەگرێ، وەك: گەورە بەرپرسان، شایەدەکان، کەسە پێوەندداڕەکان و کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکان.

2- سەرچاوە لاوەکییەکان: ئەو سەرچاوانەن، کە یارمەتی هەواڵنێر دەدەن هەواڵەکەی دەست بکەوێ، وەك: ئەو داوەتنامەیەی پێشتر دەگاتە هەواڵنێرەکە، یان دەزگاکەی، یان ساڵنامە، کە مێژووی ڕووداوەکان و یادەوەرییەکانی لە سەر تۆمار کراوە.

هەروەها ئاگادارییەکان و ناوی خوێنەران و گوێگران، کە دەزگاکە لە بابەتەکان و مەسەلەکان ئاگادار دەکەنەوە و یارمەتییان دەدەن بۆ ئەوەی بە دوای ڕووداوەکان و مەسەلەکاندا بچن.

**3-1-3-3 لە ڕووی بەهێزی و لاوازییەوە:**

1- سەرچاوە بەهێزەکان: ئەو سەرچاوانەن، کە زۆر لە هەواڵەکەوە نزیکن، یان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان پێوە هەیە، وەك: سەرچاوە ڕەسەنەکان، یان شایەدە بە چاو دیتەکان، یان دیداری ڕاستەوخۆ، یان کەسی سەرچاوەکە خۆی بابەتی سەرەکی هەواڵەکەیە. ئەم جۆرە سەرچاوانەش لە هەواڵدا گرنگییەکی تایبەتییان هەیە و پێیان دەوترێ (سەرچاوەی باوەڕپێکراو).

2- سەرچاوە لاوازەکان: ئەو سەرچاوانەن، کە جێگای متمانە نین، یان لە ڕووداوەکە دوورن، یان ئەگەری ئەوەیان لێ دەکرێ مەبەستی دیکەیان هەبێ لە بلاوکردنەوەی هەواڵەکە.

لاوازترین سەرچاوەش ئەوانەن، کە ناو ناهێنن، بەم شێوەیەی خوارەوە ڕیز دەبن:

أ- سەرچاوەی ڕێ پێدراو:

ئەو کەسەیە، کە دەسەلاتێکی ڕاستەوخۆ ئەنجام دەدات، بۆ نموونە وەزیری دارایی سەرچاوەیەکی ڕێ پێدراوە بۆ کارو باری دارایی.

ب- سەرچاوەی فەرمی:

ئەو سەرچاوەیەیە لە ڕێگای لایەنە فەرمییەکانەوە زانیارییەکان بە دەست دێنێ.

ج- سەرچاوە دەستنیشان کراوەکان، وەکو:

- سەرچاوە دیبلۆماسییەکان.
- سەرچاوە هەواڵگرییەکان.
- سەرچاوەیەك لە کۆنگرەیەکدا.
- سەرچاوەیەك لە وەزارەتی ....... (51: ل 33 – 34)

## 3– 4 ڕەگەزەکانی هەواڵ:

ڕاگەیاندن و باسکردنی ڕووداوە سەرنج ڕاکێشە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوورییەکان ..... هتد، کاتێك بە باشی سەر دەگرێ، کە بە شێوەیەکی تەواو هۆکار و ڕەگەزەکانی هەر ڕووداوێك بخرێتە ڕوو. ئەگەر شارەزایان و زانایانی ئەم بوارە لە سەر دانانی پێناسەیەك بۆ هەواڵ رێك نەکەوتبن بە هۆی جیاوازی تێڕوانینیان و تێگەیشتنیان لە هەواڵ، بەلاّم بە شێوەیەکی گشتی لە سەر هەندێ مەرج رێککەوتوون، کە بناغەی هەواڵ پێك دەهێنن و بەبێ بوونی ئەم مەرجانە هەواڵ دروست نابێ (**15: ل 16**)، مەرجی سەرەکیش لە هەواڵدا ئەوەیە، وەلاّمی ژمارەیەك پرسیاری تێدا بێت، چونکە دەربڕینی هەواڵ بە ڕستەیەکی ڕووت، چەندین پرسیار لە گیانی خوێنەر، یان گوێگردا دەهێڵێتەوە، بۆ نموونە: کاتێك دەنووسرێ (پیاوێك بریندار بوو) ئەم ڕستەیە لە ڕووی ڕێزمانەوە کەم و کوڕی تێدا نییە، بەلاّم لە ڕووی بوونە هەواڵ کەم و کوڕی تێدایە، چونکە پێناسەی کەسەکە و کات و شوێنی ڕووداوەکە و چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکە ئاشکرا نییە (**21:ل23**)، بۆیە مەرجی سەرەکی لە هەواڵدا ئەوەیە، وەلاّمی ژمارەیەك پرسیاری تێدابێت.

فیلیپ گایار، لە کتێبەکەیدا (تەکنیکی ڕۆژنامەنووسیی)، دەڵێ: دەستوورێکی کۆنی ڕۆژنامەنووسیی هەیە دەستنیشانی بنەمای هەموو پەیامێکی ڕاگەیەنراو دەکات، ئەویش زنجیرە پرسیارێکە، چەند سەدەیەك دەبێت (کانتیلیان  Quintilien) دایڕشتووە، کە بریتین لە: کێ؟ چی؟ لە کوێ؟ کەی؟ چۆن؟ بۆچی؟، کە هەر هەواڵ و زانیارییەك وەلاّمە بۆ ئەم شەش پرسیارە. (**35: ل 46**)

ئاشکرایە بە لەبەر چاو نەگرتنی هەر یەکێك لەو ڕەگەزانە لەلایەن نووسەری هەواڵ، هەواڵەکە بە ناتەواوی و بێ مانایی دەخاتە ڕوو، بۆیە پەیامنێر ناچارە هەردەم لە خۆی

بپرسیٚ! کیٚ لە ڕووداوەکەدا بەشداری کردووە؟ کەی ڕووداوەکە ڕووی داوە؟ شوێنی ڕووداوەکە لە کویٚ یە؟ جۆری ڕووداوەکە چییە؟ چۆن ڕووی داوە؟ بۆ ڕووی داوە؟. لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە دەسکەوتی هەواڵ لە خودی پرسیارەکاندایە. (**21: ل 23–24**)

لە سەر ئەو شەش ڕەگەزانەی کە باسیان لێوەکرا، ئەم ڕوون کردنەوانە پێویستن:

1- کیٚ؟: ئەو کەس، یان ئەو کەسانەی، کە بکەری ڕووداوێکن، یان بە هەر شێوەیەك دەستیان لە ڕووداوەکەدا هەیە، دیاری دەکات. زۆر جار گرنگی دان بە (کیٚ)، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسە لە سەر بنەمای پلە و پایەی ئاینی، یان ڕەگەزی، یان تەمەنی .... هتد، یان لە سەر بنەمای ژمارەی ئەو کەسانەی، کە گلاونەتە ڕووداوەکەوە. (**66: ل 101**)

2- کەی؟: لە وەڵاٚم دانەوەی ئەم پرسیارەدا، کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە دەستنیشان دەکرێت، ئەم دەستنیشان کردنەش، لەوانەیە بە وردی و درێژی بێت، یان گشتگیرو سەراپایی بێت. (**35: ل 45**)

لێرەدا دەبیٚ ئەوە بزانین، لە بەر ئەوەی لە سەرەوەی ڕۆژنامەکاندا مێژووەکە دیاری دەکرێت، زۆر جار لە دەقی هەواڵەکەدا، دوێنیٚ یان ئەمڕۆ دەنووسریٚ، بەلاٚم گومان لەوەدا نییە، ئەگەر هاتوو ڕووداوەکە چەند ڕۆژێك پێشتر ڕووی دا بێت، بەلاٚم تازە ئاشکرا بوو بێت، پێویستە سەعات و ڕۆژ، یان هەفتە و مانگەکانیش باس بکرێت.

3- لە کویٚ؟: ئەو شوێنەی، کە ڕووداوەکەی لیٚ ڕوویداوە، یان ڕوودەدات، وەلاٚمە بۆ ئەم پرسیارە. لەو هەوالاٚنەی کە ڕوویان نەداوە، یان پێشبینی ڕوودانیان دەکرێت، ئەوانەی پێوەندییان بە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و یارییە وەرزشییەکان ... هتد، هەیە، پێویستە لە کویٚ؟ واتە شوێنەکە زۆر بە وردی دەستنیشان بکرێت. بەلاٚم لە هەواڵە ناوخۆییەکاندا مەرج نییە هەموو کاتێك پێویست بەوە بکات ناوی شار، یان

ناونیشانی شەقام باس بکرێ، (**66: ل 103**). واتە ئەم دیاری کردنەی شوێن لەوانەیە زۆر بە وردی و فراوانی دیاری بکرێت، لەوانەشە یە گشتی و بە کورتی بێ، بە پێی ئەو بارودۆخەی، کە پێوەندییان بە بڵاو کردنەوەی هەواڵەکەوە هەیە.

4- چی؟! چی ڕوویدا؟: وەڵامەکەی لە وەسف کردنی ڕووداوەکە دایە. گرنگترین پرسیار لە هەواڵدا پرسیاری (چی) یە یە، چونکە ئەرکی سەرەکی هەواڵ ئاگادار کردنەوەی خەڵکییە لەوەی کە ڕوویداوە و کراوە، یان ڕوودەدات و دەکرێ، (**15:ل16**). پێشەکی ئەو هەواڵەی، کە دەربارەی ڕەگەزی (چی) یە یە، بە (کێ) دەست پێ دەکات، وەك ئاسانترین شێوازی ڕاگەیەنراو، یان لە پێناو جەخت کردنە سەر سەرچاوەوە.

5- بۆ؟: هۆی ڕوودانی ڕووداوەکە دیاری دەکات، هەندێ جار وەڵامدانەوەی پرسیاری (بۆ؟) لە سەرەتای ئامادەکردنی هەواڵەکەدا ئامادە نییە. بۆ دۆزینەوەی دەبێ کاتێکی زیاتر تەرخان بکرێ، تاکو بتوانرێ هۆیە ئاشکرا و نا ئاشکراکانی ڕوودانی کاری هەواڵ دەستنیشان بکرێت.

6- چۆن؟: واتای شرۆڤە کردن و ڕوون کردنەوەی زیاتر دەربارەی ئەو شتانەی ڕوویان داوە، بە تایبەتی لەو کاتانەی، کە هەندێ لایەنی ڕووداوەکە شاراوە بێت. بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە ئاگاداری ئەوە بین، کە زێدە ڕۆیی نەکەین لە بەکار هێنانی وشە. (**66: ل 104**)

## 5-3 ئەرکەکانی هەواڵ:

هیچ کۆمەڵێکی مرۆیی بەبێ بوونی پێوەندی کردن لە نێوان ئەندامەکانیدا نایەتە کایەوە و بەردەوام نابێ، چونکە پێوەندی کردن وەکو دیاردەیەکی سەرەکی دروست بوونی کۆمەڵ پێویستە، ئەگەر ئەو کۆمەڵە سەرەتایی ترین کۆمەڵیش بێت. هەواڵیش شێوەیەکە لە شێوەکانی پێوەندی کردن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا. مرۆڤ هەر لە کۆنەوە گەلێك رێگا و رێبازی جیاجیای بۆ ئەم مەبەستە بەکار هێناوە، وەکو بەکار هێنانی ئاگر و دووکەڵ بۆ هەواڵێکی دیاری کراو، کە ئەمەیان دەچێتە شێوازی (هەواڵی بینراو)، یان نووسین و هەڵکەندنی وێنە لە سەر بەرد و دیواری ئەشکەوتەکان، یان لێدانی تەپڵ (هەواڵی بیستراو). هەموو ئەمانە گرنگی هەواڵ دەردەخەن لە رەوتی ژیانی مرۆڤایەتیدا هەر لە کۆنەوە تاکو ئەمرۆ.

بۆ ئەمرۆش هەواڵ لە ناو هەموو چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بلاّو کردنەوە و پەخش کردنی لە ئەرکە سەرەکییەکانی رۆژنامەنووسییە، چونکە ئەرکی گرنگی رۆژنامەنووسی، گواستنەوەی کار و کردەوە و زانیای و رووداو و ...هتد، بۆ نەوەکانی کۆمەڵ.

لە دوای ئەوەی رۆژنامەنووسیی بووە هۆکارێك بۆ گواستنەوەی رووداوەکان و ئاگادارکردنی جەماوەر لە هەموو ئەو رووداوانەی کە لە جیهانی دەرەوە و کۆمەڵی ناوخۆدا روو دەدەن، ئەرکەکانی رۆژ بە رۆژ جۆراو جۆر تر و زۆرتر بوون.

هەروەها رۆژنامەنووسیی هەر ئەوە نییە، کە تەنها هۆکارێك بێت بۆ گواستنەوەی رای گشتی، بەڵکو بۆتە ئامێرێك بۆ دروست کردنی رای گشتی و گۆڕینی بیر و بۆچوونەکان و پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری زۆر گرنگ بۆ کۆمەڵ. هەواڵیش وەکو بەشێکی گرنگ لە

ڕۆژنامەنووسییدا، کۆمەڵێك ئەرکی جیاجیا بەجێ دەهێنێ، وەکو: (ئەرکی ڕامیاری، ئابووری، مرۆیی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، سەربازی، تەرفیهی ... هتد). (**16: ل 36**)

## 3 -5-1 ئەرکە سیاسییەکان:

هەواڵ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە ناساندنی سیاسەتی دەسەڵاتداران و هێزە سیاسییەکان بە جەماوەر و ڕای گشتی. لەم ڕووەوە گەلێك کارو باری دیاری کراو هەیە، کە هەواڵ دەیانخاتە ڕوو و باسیان لێوە دەکات، وەکو: کارو باری ئەنجومەنی نیشتمانی، دەسەلاتداران (وەزیرەکان و بەرپرسانی ولات)، کارو باری دارایی، بودجەی دەولەت، باج و داهات، پڕۆژە و پرۆگرامی نوێ، گۆڕانکاری لە پرۆگرام سیاسەت ... هتد. (**42: ل 290**)

## 3-5-2 ئەرکە کۆمەلایەتییەکان:

کارو باری کۆمەلایەتی پانتاییەکی گەورە لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا داگیر دەکات، تیایدا هەواڵی کۆمەڵ بلاو دەکرێتەوە، هەموو ئەو هەواڵە گرنگانە دەگرێتەوە، کە تایبەتن بە پێوەندییە کۆمەلایەتییەکانی خەڵك. دەبنە هۆی دروست بوونی گۆڕین لە بواری کۆمەلایەتیدا و مرۆڤ شارەزای ژیانی تازە دەبێت و پێوەندییەکانی لە سەر بناغەی تازە لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵەکەی و کۆمەلانی دیکە دادەمەزرێنێ، ئەو بەهاو نەریتانە فڕێ دەدات، کە وادەیان بە سەر چووە، بە سوود بینین لە ئەزموونی گەلان فێری شتی تازە دەبێت و تەنانەت هەواڵ لە وتار زیاتر ڕۆڵ دەبینێ لە گۆڕینی کۆمەڵێکی دواکەوتوو، بەرەو کۆمەڵێکی مەدەنی. (**42: ل 324**)

### 3-5-3 ئەرکە فیکری و ڕۆشنبیرییەکان:

لە ڕێگای هەواڵەوە مرۆڤ ئاگاداری نوێترین داهێنانی مرۆڤایەتی و جۆری بیر کردنەوەی خەڵکی دەبێت و دەتوانێت ڕا و بۆچوونی هەبێت دەربارەی ڕووداوەکان و درک بە ئەنجامی سلبی و ئیجابییەکانی ڕووداوەکان بە سەر ژیانی کۆمەڵەکەی بکات، پێش ئەوەی ڕووداوەکە ڕوو بدات، یان پێش ئەوەی دەرەنجامەکانی دەربکەون.

### 4-5-3 ئەرکە مرۆییەکان:

ئاگادار کردنەوەی خەڵکی لەوەی چی لە دەورو بەری ڕوودەدات، خۆی لە خۆیدا ئەرکێکی مرۆییە. چونکە مرۆڤ ئامادە دەکات پێشوازی لە کار و پێشهاتە چاك و ئیجابییەکان بکات، خۆیشی بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی خراپەکان ئامادە بکات. سەرباری ئەوەش بە هۆی هەواڵەوە مرۆڤ ئاگاداری ئێش و ئازار و مەینەتەکانی خەڵکی لێقەوماو دەبێت، جا ئەو لێقەماوانە بە هۆی کارەساتی سروشتییەوە بێت، وەك: بوومە لەرزە و نەهاتی و بلاوبوونەوەی برسییەتی، یان بە هۆی کارەساتی دەستکردی مرۆڤەوە بێت، وەك: شەڕ و شۆڕ و زوڵم و چەوساندنەوە، کە ئەم ئاگادار بوونە مرۆڤ هان دەدا بە هانای لێقەوماوانەوە بچێت و دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکات.

## 6-3 بەهاکانی هەواڵ

لە کاتێکدا پسپۆڕان لە سەر پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ هەواڵ ڕێك نەکەوتوون، بەڵام لە هەمان کاتدا چەند فاکتەرێکیان دەستنیشان کردووە وەك پێکهێنەری بەهای هەواڵ، کە مەرجە هەموویان، یان هەندێکیان لە نێو ڕووداوێکدا هەبن تاکو ببن بە هەواڵ و شایانی بلاّو کردنەوە بن.

سەرەڕای ئەوەی، کە لایەنی ڕامیاری فاکتەرێکی گرنگە، لە هەڵسەنگاندنی هەواڵ و بڕیار دان لە سەری، ڕۆژنامە و هۆکارەکانی تری پێوەندی جەماوەری، لەگەڵ ئەوەی جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام پێوەری لێکچوونیان هەیە بۆ دیاری کردنی گرنگی هەواڵ و جیاکردنەوەی هەزارەها ڕووداو، بۆ ئەوەی ڕۆژانە دەستنیشانی ئەوانە بکەن کە بۆ بلاّو کردنەوە دەست دەدەن. (**66: ل 91**)

پرۆسەی داهێنانی ڕۆژنامەیی بە قۆناغە جیاجیاکانییەوە لە سەر چەند بنەمایەکی نەگۆڕ و چەسپیو هەنگاو دەنێ و هەوڵی ئەوە دەدات، کە پابەندی ئەو مەرج و ڕێسایانە بێت، کە هەواڵی ڕۆژنامەیی دەوڵەمەنتر و کاریگەرییەکەی زیاتر دەکەن، ئەم بنەما و مەرجانە پێیان دەوترێ (بەهاکانی هەواڵ  **القيم الاخبارية**)، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن. (**32: ل 75**)

### 1-6-3 هەنووکەیی و تازەیی:

زۆربەی ڕۆژنامەنووسان ئەو ڕاستییە دەزانن، کە دەڵێ: (هیچ شتێك لە ڕۆژنامەی دوێنێ مردووتر نییە، بۆ ئەمڕۆش ئەو هەواڵە ئێزگەیی یە، یان تەلفزیۆنییەی، کە پێش سەعاتێك پێشکەش کراوە) (**66: ل 92**)

هەروەها گوتەیەکی باو لە ژوورەکانی نووسینی هەواڵدا هەیە، دەڵێ:

"هەواڵی دوێنێ بۆ ئەمڕۆ هەواڵ نییە" (**51: ل 92**)

هەواڵ وەك میوە و سەوزە وایە، ئەگەر لە کاتی خۆیدا نەخرێتە بازاڕەوە دەگەنێ و کڕیاران نایکڕن. هەر لە بەر ئەمەشە ڕاگەیاندنەکان هەوڵ دەدەن تازەترین زانیاری لە سەر ڕووداوەکانی ڕۆژ، پێش ئەوەی لە شوێنێکی تردا بلاو بکرێتەوە لای خۆیان پەخشی بکەن. (ئادرین هیرارد)، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (LETEMPS)، کە لە پێش جەنگی جیهانی دووەم لە فەڕەنسا دەردەچوو، بە هاوکارانی دەوت: (دەبێ بزانن پێویستە ڕۆژنامەیەك لە ماوەی 24 سەعاتدا ئامادە بکرێت و بفرۆشرێت و بخوێندرێتەوە و فەرامۆشیش بکرێت). (**21: ل 42**)

هەنووکەیی تازەیی لە هەواڵدا لە سێ ڕووەوەیە:

تازەیی لە ڕووی کاتەوە، لە ڕووی زانیاری خستنە سەر، شێواز و جۆری باسکردن. (**35: ل 33-34**)

لە ڕووی کاتەوە، واتە لە نزیکترین کاتدا ڕووی دابێت، بۆ ڕۆژنامەی بەیانیان ئەو هەوالانە تازەن، کە دوێنێ تا بەرەبەیان ڕوویان داوە، بۆ ڕۆژنامەی ئێوارانیش ئەو هەوالانە تازەن، کە سەر لە بەیانی ئەو ڕۆژە ڕوویان داوە، بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیش ئەو هەوالانە تازەن، کە ئەو ڕۆژە تا کاتی پێشکەش کردنی هەواڵەکان ڕوویانداوە. بۆ ڕۆژنامە و گۆڤاری هەفتانەش، ئەو هەوالانە بە تازە دادەنرێن، کە لە ماوەی ئەو هەفتەیە ڕوویانداوە و شایانی بلاو کردنەوەن. (**15: ل 10  11**)

تازەیی لە ڕووی زانیارییەوە، واتە باس کردنی زانیاری نوێ و تازە، کە هێشتا دەربارەی هەر ڕووداوێك باس نەکرابێت، هەتا ئەگەر ئەو ڕووداوە ماوەیەکیش بووبێت ڕوویدابێت، بە تایبەتی ئەگەر ئەو زانیارییە تازانە کار لە ڕای گشتی بکەن و گۆڕان بە سەر هەڵویستیاندا بهێنێ.

تازەیی لە ڕووی شێواز و جۆری باسکردنەوە، واتە هەڵبژاردنی گۆشە نیگایەکی نەزانراو، کە هەواڵنووس لێیەوە هەواڵەکە بۆ خوێنەران ئاشکرا بکات، بە تایبەتی لەو بابەتانەی کە باس کراون و بلاو بوونەتەوە و لەلایەن زۆربەی خەڵك زانراون، بۆ نموونە لە کاتێکدا ڕۆژنامەکان لە ڕووی ڕامیارییەوە گرنگی بە هەواڵی سووتانی کەشتییەکی نەوت هەڵگر دەدەن لە ئەنجامی بۆردوومان کردنییەوە، لەوانەیە هەمان هەواڵ جۆرە تازەییەك بە خۆیەوە ببینێ ئەگەر هاتوو جەختی لە سەر لایەنە مرۆییەکە کرد بە خستنە ڕووی ئەو بارە ناخۆش و ناهەموارەی، کە سەرنشینانی کەشتییەکە لە کاتی سووتانیدا تیایدا ژیاون. (**35: ل 35**)

لە بەر ئەو گرنگییەی، کە خێرایی پەخش کردنی هەواڵ هەیەتی، دەتوانرێ بوترێ هیچ شتێك لە دونیادا بە قەد ڕۆژنامەنووسیی پێویستی بە خێرایی نییە.

## 3-6-2 نزیکی (نزیکی شوێن و کات):

واتە چەند هەواڵەکە لە خوێنەرەوە نزیك بێت لە ڕووی (شوێن، ناوچە پسپۆری، بایەخ پێدانی خوێنەر) ئەوەندە خوێنەر زیاتر بایەخی پێ دەدات. نزیکیش چەند جۆرێکی هەیە: (**15: ل 12**)

**أ- نزیکی لە ڕووی جوگرافییەوە:**

شتێکی ئاساییە، کە جەماوەری خولیاو بە دواداچووی هەواڵ گرنگی و بایەخ بەو هەواڵانە بدەن، کە دەربارەی وڵات و شار و گەڕەکەکەیانە. بۆیە پێویستە ڕۆژنامە گرنگییەکی پێویست بەم بەهایەی هەواڵ بدات، چونکە خوێنەران زیاتر بایەخ بە ناوی ئەو کەس و شوێنانە دەدەن کە لەلایان ناسراوە، هەروەها ئەو هەڵوێست و

ڕێبازانەی، کە کاریان تێ دەکەن و دەیانەوێ پێش هەموو شتێك ئەوە بزانن، کە چی لە ناو کۆمەڵەکەی و ناوچەکەیدا ڕوو دەدات. (**66: ل 93**)

**ب- نزیکی لە ڕووی دەروونییەوە:**

هەر ڕووداوێك لە شوێنێك دا ڕوو بدات جێ بایەخی ئەو کەسانەش دەبێت، کە لە ڕووی دەروونییەوە لێیانەوە نزیکە، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی جوگرافییەوە مەسافەیەکی زۆریش لێی دوور بێت.

**ج- نزیکی لە ڕووی بەرژەوەندییەوە:**

بەرژەوەندی ئابووری دەتوانێ ماوەکان کورت بکاتەوە، ئەو ڕۆژنامانەی، کە لە شارە پیشەسازی و بازرگانییەکان دەردەچن، پێویستە گرنگی بە هەواڵی دارایی و ئابووری بدەن. ڕۆژنامە دەرچووەکانی ناوچە کشتوکاڵیەکانیش پێویستە بایەخ بە نرخی کەل و پەلی کشتوکاڵی و سیاسەتی میری لە بواری کشتوکاڵدا بدەن. (**79: ل 45**)

## 3-6-3 ململانێ:

لە ناو کۆمەڵانی جیهاندا ململانێی جۆراو جۆر هەیە و زۆربەیان جێگای بایەخ و گرنگی هەواڵی ڕۆژنامەنووسین. هەموو ململانێیەك لە نێوان خەڵك و کۆمەڵ و وڵاتان، جێگای گرنگی و بایەخی خوێنەرە، چونکە ئەوەی زۆر گرنگ و پێویستە ئەوەیە، کە ئارامی و ئاسایش باڵی بە سەر ژیانی مرۆڤدا بکێشێ. (**52: ل 71**)

ئەو هەواڵانەی، کە شێوازێکی درامییان هەیە و پێوەندییان بە ململانێی مرۆڤەوە هەیە، دژ بە شەڕ و دواکەوتوویی و نەخۆشی و سروشت، هەموویان هەواڵی پڕ بایەخن

(32: ل 75)، چونکە ژیانی ڕۆژانە خەریکە شێوازی ململانێ بە خۆوە دەگرێ، بۆ ئەم مەبەستە هەندێ لە نووسەران وای بۆچوونە، کە ژیان ململانێیە و مێژووش گەواهیدەری ئەم گوتەیە.

تەنها چاو خشاندنێکی خێرا بە ناو چەند ڕۆژنامەیەك لە ماوەی هەفتەیەکدا، ئەوەمان بۆ دەردەخات ژمارەی ئەو هەواڵانە چەندن، کە باس لە ململانێ و پێکدادان دەکەن بە هەموو جۆرەکانیانەوە. بۆ ئەم دیاردەیە لە ژوورەکانی ئامادە کردنی هەواڵدا گوتەیەك هەیە دەڵێ: "ململانێ سەرنج ڕاکێشتر و وروژێنەر ترە، لە ئاسایش و ئارامی". (51: ل 50)

### 3-6-4 ناوبانگ و گەورەیی قەوارەی ڕووداوەکە:

هەواڵەکە چەند پێوەنددار بێت بە ڕووداوێکی گرنگ و گەورەوە، ئەوەندە بایەخ و گرنگی زیاتر دەبێت.

بێ گومان کاتێك کارەساتێك لە شوێنێکدا ڕوودەدات، یەکسەر پرسیاری ژمارەی کوژراو و برینداره‌کان و زیانەکانی دیکە دەکرێت، زیانەکانیش چەند گەورەتر و زۆرتر بن پتر شایانی باسکردن دەبن. هەروەها باسکردنی شتێکی گرنگیش بە هەواڵ لە قەڵەم دەدرێت.

### 3-6-5 سەیرو سەمەرەیی و ناوێزەیی:

واتە ئەو هەواڵانەی، کە لە ڕێچکەی ئاسایی و ئەزموون و ڕێبازی ژیانی ئاسایی لادەدەن، (79: ل 46). چونکە ڕووداوی ئاسایی نابێتە هەواڵ، بەلام ئەگەر ڕووداوەکە نا ئاسایی بوو ئەو کاتە دەبێتە هەواڵ.

شارەزایانی ئەم بوارە دەڵێن: "ئەگەر سەگێك مرۆڤێکی گەست، هەواڵ نییە، بەلاّم ئەگەر مرۆڤێك سەگێك بگەزێ، ئەوە هەواڵە"، یان بۆ نموونە ڕووداوی دزینی بانکێك نابێتە هەواڵێکی سەیر، ئەگەر بە ڕێگایەکی سەیر و ناوێزە نە بێت. (66: ل 97)

## 3-6-6 گرنگی دان بە لایەنی مرۆڤایەتی:

گرنگی دان بە بوونەوەری مرۆیی و ئەو ڕووداوانەی پێوەندییان بە پیاو و ئافرەتەوە هەیە، واتە گرنگی دان بە مرۆڤ و هەموو ئەو شتانەی، کە پێوەندییان پێوە هەیە.

هەواڵ بە پلەی یەکەم بەرهەمی مرۆڤە، بۆیە پێویستە هەڵگری تۆوی مرۆڤایەتی بێت. ئەو هەواڵەی هەڵگری تۆوی مرۆڤایەتییە، بازنەی گرنگی دان پێی فراوان دەبێت و لە چوار چێوە ناوچەییە تەسکەکەی دەردەچێت بۆ چوارچێوە فراوانەکەی مرۆیی بە گشتی. بۆ نموونە هەواڵی برسییەتی لە هەندێ ولاّتانی ئەفریقی، یان لە هیندستان، یان لە هەر پارچەیەکی سەر ڕووی ئەم جیهانە ویژدانی هەموو مرۆڤێك دەهەژێنێ. (35: ل 37  38)

ئەم جۆرە هەوالاّنە شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە، لە بانگ کردنی سۆز و خۆشەویستی و بەزەیی و ترس و خۆبەخت کردن .... هتد.

## 3-6-7 شۆرەت و ناوبانگ:

دیارە هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم زەمینە تارادەیەکی زۆر وەکو یەك خوڵقاون، بەلاّم هەندێ کەس لە بەر شۆرەت و ناودارییان بۆ خۆیان هەواڵن (66: ل 95)، یاخود هەڵس و کەوتی نائاسایی تاکێك لە ناو کۆمەڵدا ئەمەش جۆرە شۆرەت و ناوبانگییەك دروست دەکات.

شایانی باسە ئەوەی بە گوێرەی کەسێك لەم بارەوە گونجاو بێت، شتێکی ئاساییە بە گوێرەی شوێنێك، یان ڕێکخراوێکیش هەمان شت بێت. بۆ نموونە هەواڵی کەوتنەوەی ئاگرێك لە شوێنێکی قەرەباڵغی گەورەدا زاڵە بە سەر هەمان ڕووداو لە شارێکی بچووکی کەم دانیشتوان لە ڕووی شۆرت و ناوبانگیدا.

جگە لەو بەهایانەی ئاماژەمان پێ کرد، چەند بەهایەکی تر هەن، کە پێویستە لە هەواڵدا هەبن، وەکو: (ڕاستگۆیی، ڕوونی، بابەتی، وردی، زمانێکی ساکارو ڕوون، بەڵگەداری ڕووداوەکان، شێوازێکی زانستیانە و کورت و پوخت).

## 7-3 زمانی وێنە لە هەواڵی ڕۆژنامەییدا:

وێنە وەکو دیاردەیەك هەر لە کۆنەوە ڕۆڵی کاریگەری بە سەر ژیان و هەڵس و کەوتی ئادەمیزاد دا هەبووە. وێنە و هێلکارییە ساکارەکان و هێماکان، هۆکاری سەرەتایی پێوەندی کردن بوون لە نێو کۆمەڵانی مرۆڤە سەرەتاکاندا. یەکێك لەو سەرچاوانەی کە توێژەر و لێکۆڵەران لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی خۆیاندا بۆ بە دەست هێنانی زانیاری دەربارەی گەل و نەتەوە کۆنەکان پشتیان پێ بەستووە، ئەو پاشماوە نووسراوانە (هێلکاری، وێنە) بووە، کە لە سەر دیواری ئەشکەوت و پەرستگاکاندا بەجێ ماون.

زانایانی (ئەنترۆپۆلۆگیا)، پێشکەوتنی مرۆڤ لەم ڕووەوە زیاتر بە هەستی بینین دەبەستنەوە وەك لە هەستەکانی تر، گۆڕانی پشت بەستن لە هەستەکانی ترەوە بۆ هەستی بینین هەنگاوێکی گرنگ بوو لە گەشە کردنی پێکهاتەکانی هۆشی مرۆڤ، ئەمەش ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەکات، کە ئێمە لە دوای بینینی شتەکان شارەزاییان لە سەر پەیدا دەکەین. (**48: ل 53**)، بۆیە هەر لە کۆنەوە وێنە و نەخش و نیگار جێگای گرنگی و بایەخی میللەتان بووە. میسرییە کۆنەکان وێنە و نووسین و هێما و پەیکەرەکانیان وەك ئاماژەیەك بۆ خوداوەندەکان و گەورەییان دەکرد، هەر چەندە وێنەکان زیاتر بە مەبەستی تۆمار کردنی ڕووداوەکانی ژیان و بەرز نرخاندنی بیرەوەری فیرعەونەکان کێشراون.

ڕۆمانەکانیش هەستیان بە گرنگی و بەهای هونەری دەربڕینەکانی وێنە و هەڵ کۆڵین کردووە وەکو هۆیەك بۆ پتەو کردنی پێوەندیکردن لە نێوان مامۆستا و قوتابییەکەی، ئەم مێژووە لە کتێبە جۆراو جۆرەکانی فەیلەسووفە ڕۆمانییەکانی سەدەی یەکەمی زاینیدا دیارە.

سیسکا (4 پ.ز 65 ز)، دەڵێت: "خەڵکی زیاتر باوەڕ بە بینین دەکەن وەك لە بیستن، لە فێرکردندا گرنگی بە وێنەی کێشراو لە سەر لم بدەن" (**17: ل 94**)

هەروەها چینییەکان هەر لە کۆنەوە وتوویانە: وێنەیەك کاریگەرییەکەی لە هەزار وشە زیاترە. دیارە تایبەتمەندی و گرنگی وێنەش ئەوەیە، کە خێراو زووتر دەگەیەنرێت و هەرس دەکرێت. زمانی وێنەش ئەو زمانەیە، کە خوێندەوار و نەخوێندەوار، گەورە و بچووك لێی تێدەگەن. هەروەکو دەڵێن هیچ شتێك نییە بە قەدەر وێنە وشە دەوڵەمەند بکات. (**17: ل 99**)

لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم سەردەمەماندا، وێنە یەکێکە لە لایەنە تیبۆگرافییە سەرەکییەکان، چونکە لەگەڵ پیتەکانی مەتن و ناونیشانەکان و ماوەی نێوان بابەتەکان و پانتاییە سپییەکان، ئەمانە هەموویان لە بنیاتنانی جەستەیی ئاسایی لاپەڕەی ڕۆژنامەدا هاوبەشی دەکەن لە بەر ئەوەی وێنەی فۆتۆگرافی سیفەتێکی تیپۆگرافی هەیە، دەرهێنەر سوودێکی گەورەی لێ دەبینێت لە کاتی دەرهێنانی کاری ڕۆژنامەنووسیدا، دانانی وێنەش لە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا وایان لێ دەکات لە شێوەی وەستاو، یان نەجولاوەوە گیانێکی زیندوو و جوولاوەی بە بەردا بکات، ئەو لاپەڕەیەی پڕیەتی لە وشە و مانشێتی وشك و بریقەدار، ئەوا بە هۆی وێنەوە لاپەڕەکە بەرگێکی زیندووی دەبێت. (**17: ل 10**)، کە ئەمە وا دەکات کاریگەرییەکی بە هێزی بە سەر خوێنەردا هەبێت و ڕای گشتی و جەماوەر بەرانبەر بە بە ڕووداو و مەسەلەکان بورووژێنێ، نموونەی ئەم دیاردەیە زۆرە، هەروەکو: کۆچ ڕەوە گەورەکەی کوردان، شەڕەکانی ڤێتنام و بەلقان ... هتد، بینیمان، کە چەند کاریگەرییان بە سەر هەست و دەروونی خەڵکدا هەبووە، نەك هەر لە سەر ئاستی ناوەخۆدا بەڵکو لە سەر ئاستی جیهانیشدا، چونکە بە نسبەت ڕۆژنامە و خوێنەران بە شێوەیەکی گشتی وێنە بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەیە بەتایبەتی ئەو وێنە هەواڵییانەی هەندێ جار دەبنە سەرکەوتووترین هۆکاری ڕاگەیاندن بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی هەواڵێك بەبێ ماندوو بوونی خوێنەر، یان هەندێ جار وێنە لە

چاوتروکانێکدا شتی وا پێشکەش دەکات، کە کتێبێك ناتوانێت بە سەد لاپەڕەش پێشکەشی بکات. وێنە ڕووداو بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە و وا دەکات کە هەندێ وردەکاری ڕووداوەکە پیشان بدات.

وێنەی باش لە هەواڵدا وەکو هەواڵی نووسراو وایە، یان بە لای کەم تەواوکەری هەواڵە، زمانەکەشی (زمانی وێنە) جێگای بەشێك لە ناوەرۆکی هەواڵەکە دەگرێتەوە. (**73: ل 149**)

گرنگی وێنە و هەڵبژاردنی وێنەلە لایەن ڕۆژنامەوان و بەشی وێنە و هونەری ڕۆژنامە بەوەدا دەردەکەوێت زیاتر زمانی وێنە کاریگەر بێت بۆ سەر هەستی بینینی خەڵك و ڕەنگدانەوەی هەبێت لە سەر هەستی جەماوەر. بۆ ئەوەی زمانی وێنە کاریگەر بێت، دەبێت ئەم چوار تەوەرە فەراموش نەکەین، کە هەر یەك لە وێنەکە و لێپرسراوی هونەری ڕۆژنامەکە و وێنەگری ڕۆژنامەکە دەورێکی بالاَ دەبینن، جگە لە دەوری تەکنیکی فیلم و کامێرا. (**17: ل 100**)

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆگیای هۆیەکانی گواستنەوە و چاپکردنی وێنە، وێنەکان لە ڕووی ناوەرۆکەوەش گۆڕانکارییان بە سەردا هات و هەمە چەشن بوون، وەکو: وێنەی هەواڵ و بابەتەکان و گرتە مرۆییەکان (**اللقطات الانسانية**) و وێنەی جوانی و گوزارشتکەر، ڕۆژنامەکان وایان لێ هات بەشێکی تایبەت بۆ وێنە تەرخان بکەن، کە ژمارەیەك وێنەگری لێهاتوو و بە توانا لە خۆ بگرێ، وێرای ئەو وێنانەی کە ڕۆژنامەکە لە ڕێگای ئاژانسەکان و جەماوەر و نووسینگەکانی پێوەندی گشتی و دەستە و دەزگا تایبەتییەکانی میری دەستی دەکەوێت. (**73: ل 151**)

ڕێکەوت ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ بە تایبەتی لە بواری هەواڵدا، بە بلاَوکردنەوەی وێنەیەك، کە لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێکدا گیرابێ، زمانی ئاخاوتنی ئەم وێنەیە زۆر ڕوون و

ئاشکراتر دەبێت لەوەی لێکۆڵینەوە، یان بەدوا داچوونێکی ڕۆژنامەیی دەیکات، بۆ نموونە وێنەی کەشتییەك لە کاتی نقووم بوونیدا، یان پردێك لە کاتی ڕووخانیدا، یان ئۆتۆمبێلێك لە کاتی وەرگەڕانیدا، یان کاتی جێبەجێ کردنی تاوانێکی کوشتن. هەموو ئەم جۆرە وێنانە زمانەکانیان زۆر دەوڵەمەندترن لە زنجیرەیەك لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەیی، چونکە وێنەکە ڕووداوەکە وەکو خۆی بەبێ دەستکاری دەگوازێتەوە، بەوەی کە وێنە درۆ ناکات.

بەڵام ئایا وێنە درۆ ناکات؟

کامیرا خۆی درۆ ناکات، بەڵام وێنەگر هەندێ جار لایەنگری بیر و بۆچوونێکە، ئەوەکەی تر پشت گوێ دەخات و وێنەکە دەشێوێنێ بە لابردنی هەندێك بەشی، یان بە لێکدان و چەسپکردنی بەشەکانی دوو وێنەی لە یەك ترازاو، ئەمە و گەلێك فڕو فێڵی تر، کە ئەمەش دەرچوونە لە ڕەوشتی ڕۆژنامەنووسیی. بۆیە پێویستە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بە ڕاست و دروستی مامەڵە بکرێت.

ڕۆژنامەنووسیی کوردیش، هەر چەندە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی وێنەی فۆتۆگرافی، یان زەنگۆگرافی ئەرکێکی ئابووری یەکجار زۆری هەبووە، نرخی شوشتنەوە و چاپکردنی وێنە زۆر گران لە سەر ڕۆژنامە دەکەوت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشنبیرانی کورد و خاوەن ڕۆژنامەکان ماندوو بوونی زۆریان لەم پێناوەدا کێشاوە بە مەبەستی پڕ کردنەوەی ئەم بۆشایی یە لە هونەری ڕۆژنامەنووسي کوردیدا. لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی)، کە لە (22 ی تشرینی دووەمی ساڵی 1908 ز) لە ئەستەنبۆڵ دەرچووە و (پیرەمێرد) خاوەنی ئیمتیازی و (ئەحمەد جەمیل دیاربەکری) سەرنووسەری بووە، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بووە، کە وێنەی تیادا بڵاو کراوەتەوە و لە پاشاندا بە درێژایی مێژوو ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیری کورد لە هەوڵ و پێشخستنی ئەم بوارەی مەیدانی ڕۆژنامەنووسیی بووە، بە دەیان وێنەی جۆرا و جۆریان لە

سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کردۆتەوە، کە ئەمڕۆ بۆ ئێمە وەك سەرچاوەیەکی بە نرخ و زمانێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ ڕووداو و بە سەرهاتەکانی سەردەمی خۆیان ماونەتەوە. ئەگەر هەر کەم و کوڕییەکیش لەم بوارەدا هەبوو بێت ئەوە زیاتر بۆ هۆی ئابووری و ڕامیاری و تەکنیك و هونەری ڕۆژنامەیی دەگەڕێتەوە. (**18: ل 165**)

بەڵام بە هۆی گونجانی بارودۆخ بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە و نەمان، یان کەمبوونەوەی ئەو هۆ و بەر بەستانەی ئاماژەمان پێیان کرد، وێڕای پێشکەوتنی تەکنۆلۆگیای ڕاگەیاندن لە هەموو ڕوویەکەوە، هەموو ئەمانە وایان کرد کە بڵاو کردنەوەی وێنە لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە کوردییەکان قۆناغ و سەردەمێکی تازە و پێشکەوتوو بە خۆیەوە ببینێ لە چاو سەردەمەکانی پێشتر.

# بەشی چوارەم

## زمانی داڕشتنی هەواڵ

# 4- دارشتنی هەواڵ

ململانێی نێوان هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی هەواڵ لە پێشکەش کردنی چاکترین خزمەت بە ئەندامانی لەم بوارەدا، وای کرد، کە هەوڵی زیاتر بدرێ لە پێناو داهێنانی ڕێگا و شێوازی نوێ بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر.

لەم پێناوەدا پرۆسەی نووسین گۆڕەپانی سەرەکی ئەم ململانێیە بووە، بەم جۆرە هەر ڕۆژنامە و ڕادیۆ و دەزگایەکی هەواڵگری شێوازێکی لە باری گرتۆتە بەر، ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی قاڵبی ڕۆژنامەیی نوێ و زمانی تایبەت بە هەواڵ بۆ ئەم مەبەستە، کە پێویست بەوە دەکات نووسەری هەواڵەکان خاوەنی کارامەییەکی بەرزی زمان بێت لە هەڵبژاردنی وشە و زاراوەی گونجاو بۆ واتای پێویست (**51: ل 233**)، گومانی تێدانییە، کەڕێکخستنی ژێر بێژانە و وردیی بەکار هێنانی زمان، کارێکە ڕەزامەندی خوێنەر بە دەست دێنێ.

نووسەران و ڕۆژنامەنووسان لە زووەوە درکیان بەوە کردووە، کە ڕۆژنامەنووسیی پیشەیەو مادەکەشی نووسینە. بۆیە گرنگی دان بە وشە و زاراوەی هەڵبژێردراو گوزارشتی ڕوون و واتای بەرجەستە کراو و ئاشکرا، وا دەکات، کە ڕستەکانی ناو ڕۆژنامە ئەرکی خۆیان لە گەیاندنی زانیارییەکان بە ڕوون و ئاشکرایی بۆ خوێنەر جێبەجێ بکەن.

نووسینی هەواڵ لە بنەڕەتا پرۆسەیەکی هزرییە، لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و تێگەیشتن بە شێوەیەکی سەراپایی و تەواو و شیکردنەوە و زانینی هۆ و ئەنجامەکانی ڕووداو بنیات نراوە. ئەمانەش هەموو لە ژێر ڕۆشنایی بۆ چوونەکانی ڕۆژنامە و هەڵوێستی بەرامبەر بە ڕووداوەکەدا دەبێت. هەروەها ئەو مەبەستەی کە ڕۆژنامەکە دەیەوێ لە بلاوکردنەوەی ئەو هەواڵەدا جێبەجێی بکات. واتە ئەو کاریگەرییە،

یان بیرۆکەیەی، کە دەیەوێ لە ڕێگای پەیامەکەوە بیگەیەنێتە وەرگر (خوێنەر، گوێگر، بینەر). (**32: ل 82  83**)

هەواڵ یەکەم مادەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بۆیە ڕۆژنامەنووسان بە شێوەیەکی گشتی و پەیامنێران بە تایبەتی، پێویستە بەر لە هەر شتێك (هەواڵ) بناسن و لەگەڵ چەمك و پێکهاتەکانیدا ئاشنابن.

ڕۆژنامەنووسیی لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا ڕووداوەکانی وەکو خۆی تۆمار دەکرد و بە پێی ڕیزبەندی کاتییان، واتە هەواڵ بە گوێرە ریزبەندی کاتی (Chorological Order) دەنووسرایەوە، کە بەکار هێنانی ئەم جۆرە قاڵبەی ڕۆژنامەیی بووە هۆی بێزار بوونی جەماوەر، ئەمەش وای لە نووسەرانی هەواڵ کرد بە دوای شێواز و قاڵبی تردا بگەڕێن بۆ داڕشتنی هەواڵ. (**51: ل 137  138**)

پێویست بوون بە نوێکردنەوە و هەمەچەشنی، هانی نووسەرانی هەواڵ و پەیامنێران دا بەدوای چاکترین هۆکار و شێوازی داڕشتنی هەواڵدا بگەڕێن، بە شێوەیەك کە شان بە شانی ئەو گۆڕانکارییانە بڕوات،کە لە چێژی گشتی خوێنەران و هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسیدا ڕوو دەدەن. لەم بۆچوونەوە شێوازی کۆن دووچاری گۆڕانکاری هات و ڕوو بە ڕووی گەشەکردن و نوێ بوونەوە و هەمەچەشنی بووەوە و شێواز و قاڵب و جۆری نوێ دەرکەوت، کە هەندێکیان داهێنراو و نوێن، هەندێکی تریان شێوەی پێشکەوتووی شێوە کۆنەکانی ترن(**51: ل 138**). هەموو ئەو گۆڕانکارییانەش لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانییەوە هاتۆتە ئاراوە، ئەویش لە ئەنجامی ئەو ئامۆژگارییانەی، کە شارەزایانی بواری خوێندنەوە پێشکەشیان کردبوو. (**66: ل 129**)

## 1-4 بەشەکانی هەواڵ:

لە ڕووی داڕشتنەوە زۆربەی هەواڵ دابەشی سێ بەش دەبێت: (**15: ل 19**)

- مانشێت Headline
- پێشەکی Lead
- جەستە (ناوەرۆك) Body

### 1-1-4 مانشێت:

ڕۆژنامە لە ڕێگای سێ ڕەگەزەوە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشی، ئەویش: (مانشێتی لاپەڕەی یەکەم و وێنە و ڕەنگ)، هەواڵ، یان بابەتی ڕۆژنامەیی بە هۆی سێ شتەوە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشیٚ،کە ناونیشان و ڕێگاکانی دەرهێنان، یان ڕێکخستن (**طریقة الاخراج**) ی ڕۆژنامەکە و ناوی نووسەری بابەتەکەیە. (**73: ل 139**)

دەقەکانی ڕۆژنامە بە تایبەتی هەواڵ لەو دەقانەن، کە زوو کۆن دەبن و لەناو دەچن. زۆربەیان بۆ ڕۆژێك ئامادە کراون و پێشکەشی کۆمەڵێکی فراوانی خوێندەواران دەکرێت. هەندێ لەو خوێندەوارانە زۆربەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە دەخوێننەوە، بەلاٚم هەندێکی تریان، کە زۆربەیانن بەچاو خشاندنێکی خێرا لە لاپەڕەکەیەوە بۆ لاپەڕەیەکی تر باز دەدەن. هەر خوێندەوارێك بە پێی پێویست و ڕووداوی ڕۆژانە شێوازی خوێندنەوەی خۆی دەگۆڕێت. بۆیە گرنگی مانشێت لەوەدا دەردەکەوێت، کە بتوانێت ناوەرۆکی هەواڵ لە خۆ بگرێت و وێنەی هەواڵەکە پێشکەش بە خوێنەر بکات. جگە لەوە (مانشێت هەموو هەواڵەکانی ناو ڕۆژنامە پۆل دەکات و خوێنەرانی دەتوانن بە چاو خشاندنێکی خێرا بەناو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەدا، ئاگاداری هەموو هەواڵەکانی ئەو ڕۆژە بن). (**88: ل 13  14**)

ئەم بەشە گرنگترین بەشی هەواڵ پێکدەهێنێ، چونکە یەکەم پێوەندی لە نێوان وەرگر و هەواڵەکەدا دروست دەکات و هەوڵی سەرنج ڕاکێشانی دەدات بەلای هەواڵەکەوە، (لاوازی مانشێت دەبێتە هۆی مردنی هەواڵ، هەر چەندە ناوەڕۆکی هەواڵەکە بە هێزیش بێت) (**15: ل 19**)، بۆیە مانشێتی گونجاو زۆر پێویستە بۆ هەواڵ و کەسایەتی ڕۆژنامە.

## 1-1-1-4 شێوەکانی مانشێت:

مانشێت چەند شێوەیەکی (**الصيغة**) لە داڕشتندا هەیە، وەك: (**32: ل 83  84**)

- مانشێتی هەواڵی ڕووت: ئەم چەشنەیان جەخت لە سەر ڕاستی و جۆری ڕووداوەکە دەکات، بۆ نموونە:

- لەشکرکێشییەکەی ئەم دوایەی ڕژێم، ئەگەری سووك کردنی سزاکانی لە بار برد. (**كوردستانی نوێ ژمارە 834 لە 1994/11/11**)

- مانشێتی پرسیاری: ڕووداوەکان لە شێوەی پرسیار دەخاتە ڕوو، بۆ وروژاندنی وەرگر و هاندانی بۆ گەڕان بە دوای وەڵامی پرسیارەکە، وەك:

- گەمارۆی ئابووری لە بەرژەوەندی کێ دایە؟

(**ڕێگای كوردستان ژمارە 84 لە 11/23/ 1993**)

- مانشێتی خوازراو: دەستەواژە، یان ڕستەیەکی کەسی سەرچاوەی هەواڵەکە دەکرێت بە مانشێت، وەك:

- کلنتۆن: تەنیا بە جێ بەجێ کردنی تێکڕای بڕیارەکانی UN، کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لە عێراق دڵنیا دەبێ.

(**كوردستانی نوێ ژمارە 995 لە 1995/4/6**)

- مانشێتی وەسفی: ئەم جۆرەیان هەوڵی ئەوە دەدات، کە گوزارشت لە ڕووداوەکە بکات و لە مێشکی وەرگردا بەرجەستەی بکات، وەك:
  - "دوێنێ شارەکانی کوردستان بەرگی سپییان پۆشی".
- ئەو مانشێتەی بەهای کات پیشان دەدات، لە کاتێکدا کە ڕەگەزی کات گرنگییەکی تایبەتی دەبێت، وەك:
  - سوودان: بۆ ماوەی دوو هەفتە ئاگر بەس لە باشوور ڕاگەیەنرا.

**(برایەتی ژمارە 3189 لە 2000/9/23)**

- ئەو مانشێتەی سەیر و سەمەرە پیشان دەدات، وەك:
  - منداڵ بوون لە ژێر ئاودا.

**(برایەتی ژمارە 1851 لە 1994/1/20)**

- ئەو مانشێتەی پرسیار دەربارەی (کێ) پیشان دەدات، وەك:
  - "سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە سکرتێری بلوێزخانەی بەریتانیا لە ئەنقەرە دەکات".

**(برایەتی ژمارە 1875 لە 1994/2/17)**

- ئەو مانشێتەی ئەندێشەی وەرگر دەوروژێنێ، وەك:
  - ئازادی لە دوورگەی ئازادی دا.

**(کوردستانی نوێ ژمارە 834 لە 1994/11/11)**

- ئەو مانشێتەی ڕێژەی بەراورد بەکار دەهێنێ، وەك:
  - گەورەترین مانگرتنی گشتی کرێکاران لە بەلجیکا.

**(ڕێگای کوردستان ژمارە 85 لە 1993/11/30)**

- ئەو مانشێتەی ژمارە پیشان دەدات بۆ دەرخستنی قەبارەی ڕووداوەکە، وەك:

- 67 هەزار هاولاتی لە قەرزی خانووبەرە بەخشران.

**(برایەتی ژمارە 2727 لە 1998/12/2)**

- ئەو مانشێتەی پەند، یان قسەیەکی نەستەق بەکار دەهێنیٚ، وەك:

  - بە پیری دەچێتە بەر هەویری.

**(برایەتی ژمارە 2896 لە 1999/8/9)**

- ئەو مانشێتەی گوزارشت و گوتەی تایبەت بەکار دەهێنیٚ بۆ ڕەنگکردن و ئاراستە کردنی هەواڵ، وەك:

  - فیدراڵی بەرجەستە بوونی ئیرادەی ئەم قۆناخەی گەلەکەمانە

**(کوردستانی نویٚ ژمارە 500 لە 1993/10/4)**

- مانشێتی هۆیی، وەك:

  - گۆڕینی خشتەی دابەشکردنی کارەبا بە هۆی کەمی ئاو لە بەنداوەکان.

- مانشێتی پلەیی لە گشت بۆ تایبەت، وەك:

  - ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان یاسای وەزارەتی یارمەتی و مرۆڤایەتی و هاوکاری هەموار دەکات.

**(برایەتی ژمارە 3197 لە 2000/10/2)**

### 2-1-1-4 مەرجەکانی مانشێتی سەرکەوتوو:

شارەزا و پسپۆرانی هەواڵ بۆ ئەوەی مانشێت سەرکەوتوو بێت، وا بەباش دەزانن ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت: **(15: ل 20)**

- گرنگترین لایەنی ڕووداوەکە لەخۆ بگرێت.
- کورت و چڕ و پڕ و تێر و تەسەل بێت.

- ڕوون بێت و تەم و مژاوی نەبێت.
- شەوقدار و سەرنجڕاکێش بێت، بەلاّم دەبێ دوور بێ لە موبالّەغە.
- بابەتی بێت.
- وەلاّمی بەشێکی زۆری پێنج پرسیارەکەی تێدا بێت.
- ئەگەر دوو دێڕ بوو پێویستە هەر دێڕێك سەر بەخۆ بێت.
- فیکرەکان دووبارە نەکرێنەوە.
- گوزارشت لە بابەتەکە بکات.
- ئەو وشانە بەکار بهێنرێت، کە توانای گەیاندنی فیکرەکەیان هەیە.
- نابێ ڕا و بۆچوون بخرێتە ناو مانشێتەکەوە.
- بە زۆری مانشێت وەلاّمدانەوەی پرسیاری (چی) لە خۆ دەگرێت.
- باشتر وایە بە شێوەی ڕانەبردوو بنووسرێ، تاکو وەرگر هەست بکات لەگەلّ ڕووداوەکەدا دەژیت.
- کەسایەتی ڕۆژنامەکە بەرجەستە بکات.
- بیرۆکەیەکی سەرەتایی لە مێشکی خوێنەردا دروست بکات.

### 4-1-1-3 ئەو خالاّنەی پێویستن لە کاتی نووسینی مانشێتدا ڕەچاو بکرێن:

نووسەری مانشێت لە کاتی نووسینی مانشێتدا پێویستە ڕەچاوی ئەم خالاّنەی خوارەوە بکات: (**51: ل 246**)

- لابردنی نیشانەکانی خالّبەندی.
- دورکەوتنەوە لە بەکار هێنانی وشەی سواو.
- بەکار هێنانی کاری ئاشکرای تایبەت، کە زانیاری دروست دەدەن بە دەستەوە.

- زانیاری زۆر لە مانشێتدا کۆنەکرێتەوە.
- دوورکەوتنەوە لە بەکار هێنانی وشە و زاراوە کورت کراوەکان.
- بەکار نەهێنانی جێناو، بەڵکو ناوی کەس بەکار بێت.
- دوورکەوتنەوە لە پرسیار.
- بەکار نەهێنانی ناوی شوێن، تەنها ئەگەر زۆر گرنگ بوو.
- دوورکەوتنەوە لە تەم و مژی و نادیاری.
- بەکار نەهێنانی ناونیشانی ترس ئامێز.

وێڕای ئەمانە بەکار هێنانی وشەی کورت، کە لە ڕۆژنامەنووسیدا بە گشتی و مانشێت بە تایبەتی کارێکی باوە، هەروەها نووسەری مانشێت ئەوە دەزانێ، کە مەرج نییە مانشێت ڕستەیەکی تەواو بێت، بەڵکو هەندێ جار ڕستەیەکی ناتەواوە، بەڵام واتایەکی تەواوی هەیە. بۆ دەمکاتیش زیاتر کاتی ئێستا بەکار دێت بۆ باسکردنی ڕووداوێك، کە دوێنێ ڕوویداوە، وەك:

(سەرۆکی حکومەت پێشوازی لە کۆمەڵێك مامۆستا دەکات)

## 4-1-1-4 زمانی مانشێت

مانشێت زمانێکی تایبەت و چڕ و پڕی هەیە، کە پشت بە کورت بڕی دەبەستێ لە پێناو ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر بۆ بەدواداچوونی بابەتەکە و کڕینی ڕۆژنامەکە. بۆ ئەم مەبەستە یاسا و ڕێسای ڕۆژنامەیی تایبەت بە نووسینی مانشێت دانراوە، لایەنی ڕێزمان و پێکهاتەی ڕستەسازی زمان دەگرێتەوە، کە بە زمانی ئینگلیزی ( Headlinese Language ) پێ دەوترێ. لە هەندێ ڕۆژنامە و ئاژانسە گەورەکانی دەنگ و باس وشە و

زاراوەی تایبەت بە ناونیشان دانراوە، کە ڕۆژنامەنووس بۆ ئەو واتایەی مەبەستییەتی هەڵیاندەبژێرێ. (**51: ل 245**)

هەروەك لە پێشدا ئاماژەمان پێ کرد، کە نووسەرانی مانشێت لە نووسینی مانشێتدا هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو وشە و زاراوانە بەکار بهێنن، کە پێداویستی مانشێت جێبەجێ دەکەن، بە بەکار هێنانی وشە و دەستەواژەی کورت و درەوشاوە و کاریگەر و سەرنج ڕاکێش، لەگەڵ ڕەچاو کردنی پانتایی تەرخان کراو لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکەدا. وێڕای ئەمانە هەندێك جار نووسەرانی مانشێت هەر بۆ هەمان مەبەستی ئاماژە پێکراو چەند فرۆفێڵێکی بوارەکانی زمانیی هەیە بەکاری دەهێنن، وەك: (**88: ل 15 - 16**)

**أ- بواری واتایی:**

یەکێك لە ڕووە هاوبەشەکانی زمان و ڕاگەیاندن (واتایە)، زمانناسان و پسپۆرانی ڕاگەیاندن لە سەر ئەوە کۆکن، کە بوونی واتا پێویستە، تاکو پرۆسەی پێوەندی کردن بتوانێ ڕۆڵی خۆی لە گەیاندندا ببینێ. (**72: ل 8**)

بۆیە دەبینین چاودێری کردن و گرنگی دان بە پرۆگرامی ڕاگەیاندن و لێکۆڵینەوەی واتا و چوارچێوەی واتایی، بریتییە لە گرنگی دان بەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان بە سەر واتای وشەکان و شێواز و ڕێزمانی زمانەوە هەیە (**54: ل 98**)، واتە قووڵ بوونەوە و شارەزابوونی کادیرانی ڕاگەیاندن بە گشتی و ڕۆژنامەنووسیی بە تایبەتی لە بوارە جیاجیاکانی ڕاگەیاندندا کارێکی پێویستە.

ئەگەر چی یەکێك لەو خاڵانەی، کە پێویستە نووسەرانی هەواڵ لە داڕشتنی مانشێتدا ڕەچاوی بکەن دوورکەوتنەوەیە لە تەم و مژی و نادیاری، بەڵام هەندێك جار زەق کردنەوەی ئەم دیاردەیە لە مانشێتدا کارێکی پێویستە.

دیاردەی دروست کردنی تەم و مژی واتایی لە مانشێتدا لە ڕێگای هاو دەنگی و فرە واتایی و خوازەیی وشە لە ناو ڕستەدا، کە لە ڕیزبوون، یان پێوەندی نێوان کەرەسەکانەوە دێتە کایەوە، یەکێکە لەو گەمە زمانییانەی، کە نووسەرانی مانشێت بەکاری دەهێنن بە مەبەستی وروژاندن و کارکردنە سەر بیر و هەستی خوێنەر بۆ سەرنج ڕاکێشانی بەلای بابەتەکەدا، کە هەواڵە (**88**: ل **16**  **17**). ئەمەش زیاتر پێوەندی بە واتای کاریگەرییەوە هەیە. (واتای کاریگەریش لە زۆر بواری جیاجیادا بەکار دەهێنرێت، وەك: ئەدەب و دەروونناسی و پەروەردە و فێرکردن و ڕاگەیاندن ..... هتد، هۆکارەکانی ڕاگەیاندنیش بە هەموو جۆرەکانییەوە گرنگی و بایەخ بە واتای کاریگەری دەدەن، چونکە (نێرەر) لە ڕێگای ئەم جۆرە واتایەوە هەوڵی ئەوە دەدات بە سەر هۆش و دەروونی (وەرگر) دا زاڵ بێت، بۆیە ڕوودەکاتە وشە و ڕستەی ڕازاوە، بە تایبەتی ئەوانەی کاریگەرییان لە سەر دەروونی کەسدا هەیە). (**13**: ل **74**)

یەکێك لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندن دروستکردن و پەرە پێدانی ئەم لایەنەیە لە پێناو کارکردنە سەر هەست و نەستی وەرگر، ڕۆژنامەش وەك هۆکارێکی خوێندراوی ڕاگەیاندن دەبێ ئاگاداری ئەم ڕاستییە بێت.

وروژاندنی ئەم شێوازە لە مەیدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا زۆر کەم بەرچاو دەکەوێت، لە چاو ڕۆژنامەنووسیی بیانی، یان وڵاتە پێگەیشتووەکان.

وێڕای کەمی نموونەی ئەم دیاردەیە، هەوڵ دەدەین هەندێك نموونەی ناو ڕۆژنامە کوردییەکان دەستنیشان بکەین، وەك:

- کرێچییەك بە گاز خاوەن ماڵەکەی دەکوژێت.

**(ئێوارە گوڵان، ژمارە 14 لە 1997/11/17)**

- مووچەی کورتە باڵاکان بڕایەوە. **(برایەتی ژمارە 2874 لە 1999/7/8)**

- دەرهێنەری (عومەر موختار) لە لەندەن چاوی بە سەلاحەددین ئەیوبی کەوت.

**(ئێوارە گوڵان ژمارە 307 لە 1999/1/8)**

- کفتە خواردن بە ڕووتی. **(ئێوارە گوڵان ژمارە 417 لە 1999/12/25)**

هەر یەکێك لەو مانشێتانەی سەرەوە دەچنە ژێر تیشکی ئەو گەمە زمانییە جۆراوجۆرانەی ئاماژەمان پێیان کرد. بە خوێندنەوەی مانشێتی یەکەم، جۆرە تەم و مژییەکی واتایی لە واتای ڕستەکەدا لەلای خوێنەر دروست دەبێت و جۆرە گرێیەك لە مێشکیدا دروست دەبێت و وای لێ دەکات بۆ کردنەوەی ئەو گرێیە بە دوای ناوەرۆکی هەواڵەکەدا بچێت. تەم و مژییەکەش لە وشەی (گاز) ەوە سەری هەڵداوە، کە بە هۆی هاودەنگییەوە دروست بووە، چونکە خوێنەر تاکو هەواڵەکە نەخوێنێتەوە نازانێ مەبەست لە (گاز)، گازی سووتەمەنییە، یان گاز گرتنە، یان گازی ئامێری دارتاشییە. دەتوانین بڵێین ئەم وشەیە هاودەنگی و فرە واتایی تێدایە، کە مەبەست لە فرە واتا ئەوەیە: (وشەیەك زیاتر لە مانایەکی هەبێت بە مەرجێ ئەو وشەیە یەك نەژادی هەبێت، بەڵام مانای جیا ببەخشێ، بە پێچەوانەی هاودەنگ ، کە وشە هاودەنگەکە لە دوو سەرچاوەی مێژوویی جیاوازەوە هاتووە). **(11: ل 58  59)**

مانشێتی دووەم و چوارەمیش، هەروەك نموونەی یەکەمن.

لە مانشێتی سێیەمدا بەکار هێنانی ناوی (سەلاحەدین ئەیوبی) بە شێوەی خوازەیی لە شوێنی خۆیدا نییە، چونکە نووسەری مانشێت وەك یەکێکی زیندوو باسی لە سەلاحەدین ئەیوبی کردووە، کەچی ڕووداوەکە دوورە لە ڕاستی. ئەمەش هەر بۆ دروست کردنی ڕامان و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرە.

بیر و بۆچوونی نووسەران دەربارەی خوازە (میتافۆر) هەموویان جەخت لە سەر ئەو لایەنە دەکەن، کە ئاماژەمان بۆ کرد، بۆ نموونە:

 هێتل، لەو باوەڕەدایە، کە لە ڕوانگەی گوێگر (خوێنەر) ەوە، دیارترین تایبەتمەندی میتافۆر جۆری ئەو (**صدمة**) یە یە، کە دەیهێنێتە ئەنجام. هەروەها (ڕانسەم)، وای بۆ دەچێ میتافۆر تەنیا تەنی نامۆ، واتە نامۆیی دەهێنێتە باری گوتنەوە. (واینز) یش، میتافۆر بەو وشەیە دەزانێ، کە هاتنی لە باری گوتندا شتێکی چاوەڕوان نەکراوە (**2: ل 350**).

**ب- دیاردەی فۆنۆلۆژی:**

بەکار هێنانی هەندێ وشەی لەیەکچوو لە ڕووی دەنگەوە و دووبارە بوونەوەیان لە ناو ڕستەدا، یان بەکارهێنانی جۆرە قافیەیەك لە نووسینی مانشێتدا، دەچێتە قاڵبی ئەو فرۆ فێڵە زمانیانەی، کە بەکار دێت بۆ زیاتر پەلکێش کردنی خوێنەر بەلای هەواڵەکەدا.

هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارە:

- قەڵای هەولێر....... بەروە هەڵدێر. (**کوردستانی نوێ ژمارە 898 لە 1995/1/26**)
- پەنیری کوردی پڕە لە میکرۆبی وردی. (**ئێوارە گوڵان ژمارە 358 لە 1999/4/18**)
- ئەگەر ئاسایش چار نەکەن خەڵکی بار ئەکەن.

(**کوردستانی نوێ ژمارە 851 لە 1994/12/1**)

- لاندکرۆزەرێك لە سەر کیسەی کیسەڵە.

(**هەفتەنامەی گوڵان ژمارە 25 لە 1994/10/6**)

- چللە ئەو شاعیرەی بە چل گوللە کوشتیان.

(**هەفتەنامەی گوڵان ژمارە 26 لە 1994/10/13**)

- سەردانێکی کت و پڕ بۆ نەخۆشخانەی کتوپڕی هەولێر.

(**برایەتی ژمارە 1734 لە 1993/9/13**)

مانشێتی یەکەم و دووەم و سێیەم جۆرە قافیەیەك لە نێوان وشەکانیدا بەدی دەکرێ، کە ئەویش بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرە بەلای هەواڵەکەدا، چونکە (ئەندازەی دەنگ کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ وروژاندنی هەستی وەرگر (خوێنەر) بە هاوکاری واتا. هەر ئەمەش وای لە شاعیران کردووە گرنگی بدەن بە دەنگ و ترپەی مۆسیقا و وشە و دووبارە بووونەوەی دەنگ، کە جۆرە هەست و سۆزێکی دەروونی دەبەخشێ، چونکە سەروا بە دەنگە هاوبەشەکانی بیر بۆ مانای وشە دەبەن، بەمەش هەست و سۆزی دێرەکان لە سەروادا خەست دەبێتەوە. بە تایبەتی لە خوێندنەوەی بە دەنگ، کە پێ داگرتنی تێدایە لە سەر هەڵکشان و داکشانی ئاوازەکە و نیشتنەوەی لە سەر دەنگە هاوبەشەکانی دواوە، لەم جۆرە خوێندنەوەیەدا سەروا هێلێکی وەهمی و ئەندێشەیی دروست دەکات و خرۆشانی دەروونی هەردوولا (شاعیر و خوێنەر) لە سەر ئەو هێلە وەهمیەدا یەك دەگرنەوە). (**13: ل 41**)

هەروەها لە یەکچوونی چەند دەنگێك لە هەردوو وشەی (کیسە و کیسەڵە) و (چل و چللە) لە مانشێتەکانی چوارەم و پێنجەمدا، هەمان ئەرك جێبەجێ دەکەن و دووبارە بوونەوەی وشەی (کت و پڕ) یش لە مانشێتی شەشەمدا، کە هەر یەکەیان بۆ واتایەك بەکار هاتوون، هەر بۆ هەمان مەبەستە.

### ج- تێهەڵکێشکردن:

کولتووری هەر نەتەوەیەك بە دەیان پەند و قسەی نەستەقی تێدایە بە شێوەی دەستەواژە و ڕستە داڕێژراون، نووسەرانی مانشێت زۆر جار لە نووسینی مانشێتەکانیاندا هەوڵیان داوە ئەم جۆرە دەستەواژە و ڕستانە وەك سەرچاوەیەك پشتیان پێ ببەستن و تێهەڵکێشی مانشێتەکانی خۆیان بکەن، ئەم لایەنەش لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا زۆر کەم بەرچاو دەکەوێت، بەڵام پاش هەوڵدانێکی زۆر ئەم نموونانەی خوارەوە بە دەست کەوتوون:

- گوڵان بن بەرە دێنێتە سەر بەرە. (**هەفتەنامەی گوڵان ژمارە 7 لە 1994/6/9**)
- بۆ وەزارەتی دارایی ماستەکەتان مووەکی تێدا هەیە.

(**هەفتەنامەی گوڵان ژمارە 31 لە 1999/11/17**)

هەروەها گۆڕین و جۆراوجۆرکردنی شێوە و قەبارەی نووسینی مانشێتەکان، ئەمەش یەکێکە لەو فرو فێڵە زمانییانەی، کە لە بواری ڕێنووسدا بەکار دێت و بۆ هەمان مەبەستە. (**88: ل 23**)

## 2-1-4 پێشەکی Lead

پێشەکی هەواڵ وەك سەرەتای هەڵبەستێك، یان هۆنراوێکە، کە دەبێ کاریگەری زۆر و سەرنج ڕاکێشی هەبێ، تاکو ببێتە جێگای بایەخی خوێنەر. بۆیە پێویستە هەواڵنووس و نووسەری بەرپرس بە گوتەی هەڵبژێردراو و گوزارشتی ڕوون و ئاشکرا پێشەکی هەواڵ دابڕێژن، هەروەها کەمترین وشە بۆ زۆرترین واتای ئەم مەبەستە بەکار بهێنن.

دەربارەی پێشەکی کۆمەڵێك پێناسە لەلایەن پسپۆرانی ئەم بوارە خراوەتە ڕوو، کە هەر هەموویان لە ناوەڕۆکدا یەك دەگرنەوە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو. (**51: ل 81**)

- تانکەرد ریان ، Tankard Ryan، دەڵێ:

پێشەکی لە زمانی ڕۆژنامەنووسیدا یەکەیەکە لە بڕگەیەك، یان زیاتر پێك دێت و زۆربەی کات ڕستەیەکی کورت یان دوو ڕستە دەگرێتە خۆ.

- هۆگسۆن ، Hodgson ، دەڵێ:

هەواڵی نووسراوی چاك ئەو هەواڵەیە، کە پێشەکییەکی هەیە و پەیوەستە بە بایەخی خوێنەر و پێویستە لایەنە گرنگەکانیبابەتەکە لە خۆ بگرێت، لەوانەشە نووسەرەکە هەندێ جار مانشێتی هەواڵەکەی لێ هەڵێنجێ.

زۆربەی پێناسەکان جەخت لە سەر ئەوە دەکەن، کە پێشەکی هەواڵ گرنگترین بەشی هەواڵ پێکدەهێنێ، کورتەی ناوەرۆکی هەواڵەکە بە کەمترین وشە دەخاتە ڕوو، بۆیە گرنگییەکی تایبەتی هەیە و دوای مانشێت گرنگترین بەشی هەواڵ پێکدەهێنێ، کە ڕادەی سەرکەوتوویی هەواڵەکە بە ڕێژەیەکی زۆر لە سەر بەهێزی پێشەکییەکەی وەستاوە. (**51: ل 21**)

### 4-1-2-1 تایبەتمەندییەکانی پێشەکی سەرکەوتوو:

بە شێوەیەکی گشتی پێشەکی سەرکەوتووی هەواڵی ڕۆژنامەیی پێویستە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی تێدا بەدی بکرێت: (**73: ل 130**)

- سەرنج ڕاکێش بێت.
- گرنگترین زانیارییەکان لە خۆ بگرێ و هانی خوێنەر بدات هەواڵەکە تا کۆتایی بخوێنێتەوە.
- بە شێوەیەکی سادە و ساکار دابڕێژرێت و لە هەمان کاتیشدا وشەی کەم بەکار بهێنێت.
- کورت و چڕ و پڕ بێت، پەرت و بڵاو نەبێت، تاکو هۆش و بیری خوێنەر لە بابەتەکە دوور نەکەوێتەوە.
- لەگەڵ ناوەرۆکی هەواڵەکەدا بگونجێت.
- قەبارەی لەگەڵ قەبارەی هەواڵەکەدا بگونجێت.
- وێرای پرسیاری شەشەم کە (چۆن) ە، هەوڵی وەڵام دانەوەی پێنج پرسیارەکە: (کێ، چی، لە کوێ، کەی، بۆچی) بداتەوە.

## 2-2-1-4 جۆرەکانی پێشەکی

پێشەکیش چەند جۆرێکی هەیە: (**32: ل 85**)

- پێشەکی ڕوون کردنەوەیی: لە سەر وەڵام دانەوەی شەش پرسیارەکە بنیات نراوە.
- پێشەکی ڕەگەزی: ئەو پێشەکییەیە، کە گرنگترین ڕەگەز زەق دەکاتەوە.
- پێشەکی کورت کراوە: ئەو جۆرەیە، کە کورتەیەکی هەموو ڕەگەزە گرنگەکانی هەواڵەکە لە خۆ دەگرێ.
- پێشەکی ڕاستەوخۆ: ئەو جۆرەی پێشەکییە، کە زۆر بە خێرایی ڕەگەزە سەرەکییەکە دەخاتە ڕوو.
- پێشەکی دواکەوتوو: ئەم جۆرەیان هەندێ وردەکاری پێشکەش دەکات، کە ڕێگا خۆشکەر بووە بۆ ڕووداوی گرنگتر.
- پێشەکی وەسفی: دیارترین ڕەگەز پێشکەش دەکات لە دوو توێی چیرۆکە هەواڵێکدا، چاکترین پێشەکی وەسفی ئەوەیانە، کە لە سەر زاری بینەری ڕووداوەکە دەنووسرێتەوە، بەڵام پێویستە هەواڵنووس زێدەڕۆیی لە بەکار هێنانی ئاوەڵناوی زۆردا نەکات، چونکە هیچ سوودێك بە هەواڵەکە ناگەیەنن، تەنها ئەوە دەردەخەن، کە هەواڵنووس خاوەنی سامانێکی دەوڵەمەندی زاراوە و گوزارشتی جیاجیایە. (**66: ل 117**)
- پێشەکی پرسیاری: ئاستەمی ڕووداوەکە، یان سەیر و سەمەرەیی، کە دەگاتە ئاستی سەرسوڕمان، وا دەکات هەندێ جار پێشەکی پرسیاری بەکار بێت.
- ئەو پێشەکییەی، کە وەڵامی پرسیارێك لە شەش پرسیارەکە دەداتەوە.

بێجگە لەم جۆرانەی پێشەکی، جۆری تریش هەن، وەك:

پێشەکی کات، وروژێنەر، گێڕانەوەیی، حیکایەتی، گاڵتە جاڕی، هەمەچەشنی .... هتد،*

ئەوەی جۆری پێشەکی بەکار هاتوو لە هەواڵی ڕۆژنامەیی دا دەستنیشان دەکات، سروشتی ڕووداوەکە و جۆری ڕۆژنامە و کەسایەتی ڕۆژنامەکە و جۆری ئەو کاریگەرییەی، کە پێویستە بخرێتە سەر خوێنەر و توانای داهێنانی ڕۆژنامەکەیە.

هەروەها ئەوەی لە ژوورەکانی نووسینی هەواڵدا باوە ئەوەیە، کە پێشەکی بە گوێرەی ئەم ڕیزبەندییەی خوارەوە بنووسرێ:

چی، کێ، لە کوێ، کەی، بۆچی، چۆن؟

بەڵام مەرج نییە بڕگەی یەکەم هەموو ئەو پرسیارانە لە خۆ بگرێ.

بێجگە لەمە زۆربەی ڕۆژنامە و ئاژانسەکان لە نووسینی پێشەکیدا بە پێی توانا ڕەگەزی کات دەخەنە سەرەتا، کە ئەمەش لەگەڵ ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا گونجاوە. بە گوێرەی (کار) یش، نووسەرە ناودارەکانی هەواڵ گرنگییەکی تایبەتی پێ دەدەن و کاری بە هێز (Vigorous verbs) بە پەسەندتر دەزانن لە کاری بێ هێز (Washy verbs) لە بەکار هێنانیدا. (**51: ل 88 – 89**)

گرنگی و بایەخی پێشەکی بۆ ئەم هۆیانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە: (**32: ل 87**)

- پێشەکی گرنگترین ئەو شتانەی لە هەواڵدایە بە کورتی دەیخاتە ڕوو، بەڵام درێژتر لە مانشێت.
- سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و هانی دەدات، بەردەوام بێت لە بە دواداچوونی هەواڵەکەدا.
- بنەمای هەواڵ و ڕەگەزەکانی دەستنیشان دەکات.

---

* بۆ زیاتر ئاشنابوون لە جۆرەکانی پێشەکی بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (51: ل 95 – 131) و سەرچاوەی ژمارە (66: ل 115 – 126) و سەرچاوەی ژمارە (79: ل 67 – 92).

- سەرچاوەی هەواڵ ئاشكرا دەكات.

## 3-1-4 جەستەی هەواڵ:

لاشەی هەواڵەكە پێك دێنێ و بریتییە لە ڕوونكردنەوەی پتری ئەوەی لە پێشەكییەكەدا هاتووە. واتە درێژەی ڕووداوەكە لە خۆ دەگرێ، لە بنەڕەتا بۆ ئەو كەسەیە، كە هەواڵەكە تایبەتە پێی و دەیەوێ بچێتە بنج و بنەوانی ڕاستی ڕووداوەكە، چونكە ئەو خوێنەرەی، كە هەواڵەكە پێوەندی پێوە نییە تەنها مانشێتەكە دەخوێنێتەوە، لەوانەیە پێشەكییەكەش بخوێنێتەوە، بەلاّم ئەو خوێنەرەی، كە هەواڵەكە دەخوێنێتەوە، خوێنەرێكی بایەخ پێ دەری هەواڵە. (**32: ل 87**)

**پێویستە ئەو مەرجانەی خوارەوە لە جەستەی هەواڵدا هەبن:**

1- لە چەند پەرگرافێكی سەربەخۆ پێك هاتبێ و هەر یەكێكیان لایەنێكی ڕووداوەكە لە خۆ بگرێ.

2- پەرەگرافەكان سەربەخۆییەكی تەواویان پێوە دیار بێت، بە شێوەیەكی وا دەركەون، كە پێوەندییان بە یەكەوە نییە بە ڕادەیەك لە كاتی پێویستدا ئەگەر كرتێندرا كار لە ناوەڕۆكەكە نەكات و وا نەكات دووبارە بیر لە داڕشتنەوەی هەواڵەكە بكرێتەوە.

3- پەرەگرافەكان بە پێی گرنگییان ڕیز بكرێن. ڕیزكردنەكەش بە گوێرەی ڕیزبەندی پیادەكراوی پێشەكی بێت، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو پێشەكییەكە پێشەكییەكی كورت كراوە بێت و كورتەی گرنگترین ڕەگەزەكانی هەواڵی لە خۆ گرتبێ. بەلاّم ئەگەر هاتوو ڕیزبەندی مێژوویی لە ڕووداوەكەدا گرنگ بوو، ئەو كاتە دەكرێ ڕێبازی

ڕیزبەندی مێژوویی لە ڕێکخستنی ڕەگەزەکانی هەواڵ لە پێشەکیدا بەکار بێنین و لە پاشاندا بۆ ڕێکخستنی پەرەگرافەکانی جەستەی هەواڵەکەش بە هەمان شێوە.

4- سەرەڕای ئەوانەی باسکران، پێویستە هەواڵی ڕۆژنامەیی یەکەیەکی یەکگرتوو بێت و بە تایبەتی جەستەی هەواڵ، کە بەشە گرنگ و درێژەکەیەتی و یەکگرتووەکی هۆشی و مەنتقی و دەروونی جێبەجێ بکات، تاکو بتوانێ لایەنی کاریگەری بە سەر خوێنەردا مسۆگەر بکات، هەروەها پێویستە جەستەی هەواڵ پەرەگرافی لێکدابڕاو و تەم و مژاوی تێدا نەبێت، چونکە سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ و لە ڕاستی ڕووداوەکە ناگات.

## 2-4 قاڵبەکانی داڕشتنی هەواڵ:

بۆ داڕشتنی هەواڵ تا ئەمڕۆ ڕێگا و قاڵبی جۆراو جۆر لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە بەکار هاتووە، بەلاّم ئەوەی بە شێوەیەکی فراوان بەکار دێت و لە مەیدانی ڕۆژنامەنووسیدا باوە، قاڵبی هەرەمی سەرەو ژێر کراوە، بێجگە لەم قاڵبە، قاڵبی تریش بەکار دێت، وەك: (قاڵبی ڕیزبەندی مێژوویی، تەشویقی، باسکردنی ڕاستەوخۆ، کۆکراوەیی، کەمۆڵەیی، گەوهەری، ڕووداوە پێشبین کراوەکان)

بەهۆی گرنگی قاڵبی هەرەمی سەرەو ژێر کراو، تەنها باس لەم جۆرەیان دەکەین:

### قاڵبی هەرەمی سەرەو ژێر کراو:

باشترین قاڵبی داڕشتنی هەواڵە، زۆربەی میدیاکان لە داڕشتنی هەواڵەکانیدا پەیڕەوی دەکەن، مێژووی سەر هەڵدانی ئەم قاڵبە بۆ سەردەمی شەڕی ناوخۆیی ئەمریکا دەگەڕێتەوە، لە کاتێکدا، کە پەیامنێران بۆ یەکەم جار تەلگرافیان بەکار هێناوە لە ترسی

ئەوەی نەوەك ڕاپۆرتە هەواڵەکانیان هەمووی بلاّو نەکرێتەوە، ئەمە هانی دان، کە زۆربەی زانیارییەکان بە پێی توانا لە برگەی یەکەمی ڕاپۆرتە هەواڵەکەدا کۆبکەنەوە. (**66:ل 72**)

لەم چەشنە قالّبەدا جەخت لە سەر ئەوە دەکرێت، کە زانیارییە گرنگەکانی هەواڵەکە لە سەرەتاوە بخرێتە ڕوو، واتە لە بنکەی بەرینی هەرەمە سەرەو ژێر کراوەکەدا بێت، ئەمجا ئەو زانیارییانە دێن، کە گرنگییان کەمترە بەم شێوەیە تاکو دەگاتە خوارەوەی هەرەمە سەرەو ژێرەکە.

زۆر بەکار هێنانی ئەم چەشنە قالّبە لە داڕشتنی هەواڵدا لەلایەن میدیاکانەوە بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە: (**51: ل 145  146**)

1- چاکترین هۆکارە بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان، زۆربەی خەڵك کاتی خۆیان بۆ خوێندنەوەی هەواڵ بە فیرۆ نادەن، بەڵکو گەلێ جار ڕستەی یەکەمی وتار یان هەواڵ دەخوێننەوە، ئەمجا ئەگەر سەرنج ڕاکێش بوو دەست دەکەن بە خوێندنەوەی بەشەکانی تری.

2- پانتایی، یان ڕووبەری تەرخان کراو بۆ وتار یان هەواڵ زۆر جار گرفت بۆ ڕۆژنامە دروست دەکات، ئەگەر هاتوو هەواڵ لە چوار چێوەی ئەم قالّبەدا داڕێژرا، ئەو کاتە بە ئاسانی و پلە بە پلە دەکرێ کورت بکرێتەوە، تاکو دەگاتە خوارەوەی هەرەمەکە بە پێی گرنگی زانیارییەکان و سروشتی چاپکراوەکە، بەم جۆرە نووسەر دەتوانێ هەواڵێکی دیاری کراو لە خوارەوەدا کورت بکاتەوە بەبێ ئەوەی زیان لە ناوەرۆکی بابەتەکە بدات.

**قالّبی هەرەمی سەرەو ژێر کراو چەند تایبەتمەندییەکی باشی هەیە:**

1- خوێنەر، یان گوێگر بە سەیرکردنێکی خێرا، یان بیستنی سەرەتای هەواڵەکە، دەزانێ هەواڵەکە بە لایەوە گرنگە یان نا. (**15: ل 22  23**)

2- ئەو پەیامنێرەی، کە ئەرکی ئامادەکردنی بابەتەکەی پێ سپێردراوە لە ڕێگای ئەم قاڵبەدا دەتوانێ لە کاتێکی کەمدا بابەتەکانی بە پێی گرنگییان ڕیزبەندییان بکات و بیاننووسێتەوە. (**21**: ل **57**)

3- ئاسانی ڕێکخستن:

بۆ ڕێکخەر، یان دەرهێنەری لاپەڕەکان کار ئاسانی دروست دەکات، بە تایبەتی کاتێ، کە زانرا هەندێ لە پاشماوەی هەواڵەکە لەو لاپەڕەیە جێگای نابێتەوە، ئەو کاتە دەتوانێ بیکرتێنێ، یان بۆ لاپەڕەیەکی تری بگوازێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ زیانێك بە ناوەرۆکی هەواڵەکە بگەیەنێت.

4- ئاسانکاری لە دانانی مانشێت:

پێویستە مانشێت ئەو وشانە لە خۆ بگرێ، کە بیرۆکەیەك دەربارەی ناوەرۆکی چیرۆکە هەواڵەکە پیشان دەدەن. ئەگەر هاتوو چیرۆکە هەواڵەکە بە شێوەیەکی باش نووسرایەوە، ئەو کاتە نووسەر، یان دانەری مانشێت بە خوێندنەوەی برگەیەك یان دوو برگە دەتوانێ بۆ دارشتنی مانشێتی هەواڵەکە، وشەی گونجاو بدۆزێتەوە. (**66**: ل **74**)

5- ئەگەر هاتوو بابەتی هەواڵەکە سەرنجی خوێنەرەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ئەم قاڵبە مۆڵەتی ئەوەی پێ دەدات یەکسەر لە سەر خوێندنەوەی بەردەوام بێت و تا ئەو کاتەی حەزی لە زانینی هەواڵەکەیە داخوازییەکانی دێنێتە دی بەدوای بابەتەکەدا بڕوات و بێ ئەوەی هیچ مەسەلەیەکی گرنگی لە دەست بچێ.

ئەوەی لە چوار چێوەی قاڵبی هەرەمی سەرەو ژێر کراودا سەرنج ڕاکێشە، مەسەلەی خێراییە. خێرایی بۆ پەیامنێرەکە تاکو بتوانێ بە زووترین کات بابەتەکەی ئامادە بکات، خێراییش بۆ خوێنەر تاکو لە چاو خشاندنێکدا بابەتی جێگای حەزی خۆی بدۆزێتەوە،

هەروەها خێرایی بۆ بەڕێوەبەرانی ڕاگەیاندنەکان، تاکو بە خێرایی بڕیار لە سەر بلاۆ کردنەوەی ناونیشان و ڕێکخستنی بدەن.

هەر ئەم خێراییەشە وای لە قاڵبی هەرەمی سەرەو ژێر کردووە، کە ببێتە گرنگترین شێوەی داڕشتنی هەواڵی ڕووداوەکان. (**21: ل 57**)، دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێت، کە سیاسەتی میدیاکە پلەی گرنگی لایەنەکانی ڕووداوەکە دیاری دەکات و ڕیزبەندی دەکات، بۆیە زۆر جار دەبینین جۆری داڕشتنی هەواڵێك لە میدیایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت.

بە گوێرەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ماوەی ڕابردوودا تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدا بێت زۆر بە دەگمەن ئەو قاڵبانە بەکار هێنراون، ڕۆژنامەنووسی کورد هاتووە هەڕەمەکییانە ئەو هەواڵەی چنگی کەوتووە داڕشتووە، دەتوانین بڵێین ئەو کارە تا ئێستا هەر بەردەوامە، بەبێ ئەوەی ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان ئاوڕی جدی لێ بدەنەوە (**7: ل 195**). تەنها هەواڵە وەرگێردراوەکان نەبێ، ئەوانیش چونکە سەرچاوەی داڕشتنیان بیانییە.

بەکار نەهێنانی قاڵبەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەم هۆیانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە: (**7: ل 195  196**)

1- بەهۆی ئەوەی ئەدیب و شاعیرانمان ڕۆژنامەیان دەرچوووەندووە و ئەرکی دەرچوونیان خستۆتە سەر شان، بێ ئاگایانە لە هونەری ڕۆژنامەنووسیی، بە تایبەتی زانیاری لە مەڕ هەواڵ کاریان کردووە و هەر هەواڵێك لەلایەن پەیامنێرەوە گەیشتبێتە دەستیان ئەوا بەبێ ئەوەی حیساب بۆ ڕەگەزە گرنگ و ناگرنگەکان بکەن هەواڵەکەیان داڕشتۆتەوە و بلاۆیان کردۆتەوە.

2- نەبوونی پسپۆڕ و کادری ڕۆژنامەنووسیی ئەکادیمی، کە بتوانێت هەواڵ لەو فۆرمە چەق بەستووە دەربکا کە تێی کەوتووە.

3- ئەو هەواڵانەی کە لە زمانە بیانییەکانەوە وەرگێردراون ، لە کاتی وەرگێڕاندا ڕەچاوی قاڵبەکانیان نەکراوە و لە چوا چێوەی قاڵبی خۆی براوەتە دەر، دیسان ئەمەش هۆیەکەی بۆ خاڵی یەکەم و دووەم دەگەڕێتەوە.

4- بۆ ئەمڕۆی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، هێشتا زمانی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان بە هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسیی نەڕسکاوە.

## 3-4 بنەما زمانییەکانی داڕشتنی هەواڵ:

یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی زمان لەلای مرۆڤ پێوەندی کردن و گەیاندنی زانیاری و گۆڕینەوەی باس و خواسە لەگەڵ دەوروبەری خویدا.

لە دایەلۆگە گشتییەکاندا (هەواڵ) بەو شارەزایی و زانیارییانە دەوترێ، کە تاکەکان لە سەر ژیانی هاوبەشی خۆیان دەستیان دەکەوێ. هەر لە بەر ئەوەشە هەر کاتێك یەکتر دەبینن یەکسەر پرسیاری حاڵ و ئەحواڵی یەکتر دەکەن و بە دوای هەواڵی تازەدا دەگەڕێن و لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ لە سەر ڕووداوەکان دەکەن.

هەواڵ یەکەم ئەرکی ڕۆژنامەنووسییە و یەکێکە لە ڕەگەزە کۆنەکانی مەیدانی ڕۆژنامەنووسیی، ئەم ئەرکە مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیە، ئەو نەخش و نیگارانەی مرۆڤە کۆنەکان، کە لە دێر زەمانەوە لە سەر بەرد و دیواری ئەشکەوتەکاندا ئەنجامی داون، نموونەی دیار و بەرچاون، گوزارشت لە دێرینی هەواڵ دەکەن.

ئاشکرایە ڕۆژنامە بە گشت جۆرەکانییەوە، لە چەند بە شێکی جیاجیا پێکدێ، وەك: هەواڵ، ڕاپۆرتە هەواڵ، لێکۆڵینەوە، گوتار، سەرگوتار، گۆشەی جۆراو جۆر، ستوون، سکالا، چاو پێکەوتن .... هتد، کە هەر یەکەیان بابەتی هەمەچەشن لە کارو باری سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و هزری و ئەدەبی و هونەری و وەرزشی لە خۆ دەگرێت.

ئەگەر بە وردی سەیری ئەم بەش و بابەتانە بکەین، دەبینین (هەواڵ) بنچینە و بناغەی هەمووانە و هەر هەمووشیان پشت بە هەواڵ دەبەستن و هەواڵ هەوێنی داڕشتن و دروست بوونیانە. (**6: ل 140**)

نووسین یان داڕشتنی هەواڵ بە ڕەگەزێکی بناغەیی ئامادەکردنی هەواڵ دەژمێردرێت، چونکە هۆکارە جۆراو جۆرەکانی ڕاگەیاندن مامەڵە لەگەڵ دەریایەك لە هەواڵی جیاجیا بە پێی فەلسەفە و سروشت و جەماوەر و کاتی دەرچوونیان دەکەن.

بە درێژایی ڕۆژگار پرۆسەی نووسینی هەواڵ گۆڕەپانێکی فراوانی هێناوەتە ئاراوە بۆ ڕێکخستن و تاوتۆ کردنی دەقی هەواڵ، تاکو بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بچێتە بەر دەمی خوێنەر. (**52: ل 323**)

بۆیە سەرە ڕای ئەوەی، کە هەواڵنووس دەبێ هەواڵ بە پێی قاڵبی ڕۆژنامەیی پێویست بگونجێنێ و دابڕێژێ، لە هەمان کاتدا دەبێ لایەنی زمان (دەنگ، وشە، ڕستە ..... هتد) پشتگوێ نەخات (**3: ل 69 – 70**). چونکە فەرامۆش کردنی ئەم لایەنانە دەبێتە هۆی سەر لێشێوانی وەرگر، زۆر جار ڕێژەی تێگەیشتنی ناتەواو لە نێوان خەڵکدا بۆ پەیامەکانی ڕاگەیاندن، کە دەگەڕێتەوە بۆ هۆی زمانیی، ڕێژەیەکی فراوانە. هەندێ کەس دەڵێن: (تێگەیشتنی خەڵك بۆ ڕووداو و بابەتەکان زۆر جار لە سەر بنەمایەکی بابەتی نییە، بەڵکۆ فاکتەرە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ئاراستە کردنی هۆش بۆ تێگەیشتنی شتەکان) (**85: ل 99 – 100**). هەر ئەمەشە وای کردووە دەزگا گەورەکانی ڕاگەیاندن لە کاتی داڕشتن و پەخشکردنی بابەتەکاندا، گرنگی و بایەخێکی زۆر بە لایەنی دەنگ و زمان بدەن، بۆ نموونە: لە ڕادیۆی بەریتانیدا لیژنەیەکی ڕاوێژکاری پێکهاتوو لە ژمارەیەك پسپۆری تایبەت بە زمان و دەنگ هەیە، کە ئەم لیژنەیە چەند لقێکی لێ دەبێتەوە و هەر لقێك پسپۆرە لە دیراسە کردنی لایەنێکی دیاریکراوی گرفتە زمانییەکان. لەو ئەرکانەی ئەو لێژنەیە هەیەتی: (**85: ل 92 – 93**)

- دانانی سیستەمی گشتی بۆ درکاندنی ئەو وشانەی، کە گومان لە درکاندنیدا هەیە، یان لە کاتی درکاندنیدا لەناو خەڵکدا جیاوازییان هەیە.
- ڕاستکردنەوەی درکاندنی ناوی شوێن و کەسان بیانی، بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە بناغەییەکەی.

- گۆڕینی وشەی بیانی بۆ شێوەی ئینگلیزی، ئەم گۆڕینە پێی دەوترێ (Anglification)، کە لە کوردیدا بەرامبەرەکەی (بە کوردی کردنە).
- هەڵبژاردنی ڕێژەیەکی دیاریکراوی ڕێگەپێدراو لە ڕێزمانی زمانەکەدا، لە کاتی داڕشتنی وشەیەك، یان ڕستەیەکدا.

گەلێ جار ڕۆژنامەکان لەلایەن زمانناسان و پسپۆران دەکەونە بەر ڕەخنەی هەڵەی زمانی، بەڵام ئەم هەڵانە ناکەونە ئۆباڵی ڕۆژنامەنووسان بە تەنها، چونکە ڕۆژنامەنووسیی هەندێ جار سەربەستە لە کۆتە زمانییەکان، هەروەها دەستوور و ڕێسایەکی دیاریکراو نییە تاکو پێڕەوی بکات بۆ گەیشتن بە بەرزترین ئاستی نووسین، بەڵکو هەندێ بنەمای گشتی زمانیی شێوازی نووسین، یان داڕشتنی هەواڵ هەن پێویستە ڕۆژنامەنووس، یان هەواڵنووس لە کاتی داڕشتنی هەواڵدا ئاگاداریان بێت، لەو بنەمایانە، (**42**: ل **62** **63**):

## 1-3-4 چاپۆشی کردن لە وشەی زیاد:

هەروەك لە پێشتردا ئاماژەمان بەوە کرد، کە یەکێك لە ئەرکە سەرەکی و گرنگەکانی زمان ڕاگەیاندنە و سەرکەوتووترین هۆکاری پێوەندی کردن و گەیاندنی زانیارییەکانە. زمانناسیش لە ڕێگای هەموو ئەو تیۆر و چەمکانەی خستوویەتییە ڕوو، ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە زانستە جیاجیاکاندا، لەوانە پرۆسەی پێوەندی کردن و ڕاگەیاندن.

یەکێك لەو تیۆرانە، تیۆری زانیارییەکانە (Information theory)، کە مەبەست لە تیۆری زانیارییەکان: (بایەخ و گرنگی دانە بەو باسە زانستییانەی، کە تیشك دەخەنە سەر پرۆسەی پێوەندیدار بە پەخشکردن و وەرگرتنی زانیارییەکان) (**80**: ل **423**). بە پشت بەستن بەو پێوەر و یاسایانەی، کە زمانناسی نوێ بە دەستی هێناوە و لە بەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرە، زمانناس ئەمڕۆ دەتوانێ بە وردی زمانی بەکار هاتوو لە ڕاگەیاندندا

لە ڕووی توانستییەوە بۆ گەیاندن هەڵبسەنگێنێ (**86: ل 17 - 18**). ئەمەش کارێکی زۆر گرنگە بۆ فراوانکردنی بواری پێیادەکردن و بە دەنگەوە هاتنی پێداویستییەکانی ڕاگەیاندن بە چەمکە فراوانەکەی، بە شێوەیەك هەموو جۆرە پەیامە درکێنراو و نەدرکێنراوەکان و زمانیی و نازمانییەکان دەگرێتەوە.

بە هۆی ئەم تیۆرە زماننا‌سان توانیان چەمکی سوودمەندی و بڕی ئەو زانیارییانەی، کە گوزارشت کردنێك، یان ڕستەیەکی دیاریکراو هەڵیدەگرێ دیاری بکەن، ئەمەش لە ڕێگای جیاکردنەوەی ئەو دیاردە زمانییانەی کە پێوەندیدار و کاریگەرن لەوانەی کە پێوەندیدار و کاریگەر نین لە پرۆسەی پێوەندی کردندا (**80: ل 425**). واتە جیاکردنەوەی سیما لەبار و گونجاوەکانی لە سیما نەگونجاوەکان لە پرۆسەی پێوەندی کردنی زمانیدا، کە پێوەندی بە یەکێك لەو بابەتانە هەیە، کە پێویستە تیۆری پێوەندی کردن لە بواری ڕاگەیاندندا چاودێری بکات و گرنگی پێ بدات، ئەویش چەمکی ئابوورییە، مەبەست لە چەمکی ئابووری لە زماننا‌سیدا کەم کردنەوەی تێچوونەکان (المصاريف) نییە، بەڵکو مەبەست لە ڕێکخستنی کەرەسەکانی زمانە بە جۆرێك تاکو پرۆسەی پێوەندی کردنی زمانیی ئاسان بکات (**76: ل 58 - 59**)، کە لەمەوەش هەندێك شت دێتە ئاراوە، وەکو: زیادە ( Redundancy)، مەبەست لە زیادە ئەوەیە، هەر ڕستەیەك، کە مرۆڤ دەریدەبڕێ هەندێ کەرەسەی زیادی تێدایە، دەکرێ هەندێ لەو کەرەسانە، یان بەشێکیان بکرتێنرێ بەبێ ئەوەی کار لە ناوەڕۆکی ڕستەکە بکرێت و گوێگر نەتوانێ لەو پەیامە بگات، کە ڕستەکە هەڵی گرتووە. کرتاندنیش بریتییە: (لە لابردنی شتێك و نەگووتنی بێ ئەوەی نەگووتنی ئەو شتە ببێتە هۆی دروست بوونی تەم و مژی واتایی) (**20: ل 153**). بۆ ئەم مەبەستە، زماننا‌سان تونیویانە یەکەیەکی پێوان بدۆزنەوە و ناوی بنێن (Bit)، کە بریتییە لە: (یەکەیەکی حسابی بۆ پێوانەی زانیارییەکان لە چوارچێوەی تیۆری پێوەندی

کردندا )(**71: ل 33**)، کە ئەگەری تێگەیشتنی گوێگر دەپێویٚ لە ناوەرۆکی ئەو هەواڵەی ئاراستەی کراوە، بەم شێوەیە واتا زیادەکان (بەسوود و بیٚ سوودەکان) دیاری دەکرێت و هۆی کرتاندن و کورت کردنەوەیان دەزاندرێت. کەواتە کرتاندنی زیادەکانی ڕستە، یان دەق بە پێی تیۆری زانیارییەکان زۆۆر گرنگە، تاکو لە بوارەکانی ڕاگەیاندندا بەکار بێت، بە تایبەتی لە گەیاندنی بە تەل و بیٚ تەل، یان ناردنی بروسکە و ڕاپۆرت و هەواڵی خێرا، کورتکردنەوەش بە هۆی کرتاندنەوە لە زۆر لایەنەوە بە دیاردەیەکی داهێنراو لە قەڵەم دەدریٚ، بەلاٚم نابیٚ ئەوەش فەرامۆش بکەین، کە هەندیٚ جار کورتکردنەوەی زۆر دەبێتە هۆی نەهێشتنی جوانی و پاراوی و ڕوونی زمان(**86: ل 19**).

**چاوپۆشی کردن لە وشەی زیاد ئەم خالاٚنەی خوارەوە دەگرێتەوە:**

**أ- ئەو کارانەی هیچ بەهایەکیان نییە:**

هەواڵنووس هەندیٚ جار لە کاتی ئامادەکردن و داڕشتنی هەواڵدا لە ڕستەیەك، یان پەرەگرافێکدا هەندێك کار دووبارە دەکاتەوە، کە ئەم کارانە بەهایەکی ئەوتۆیان نییە، لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو هەواڵەکە بە شێوەیەکی چڕ و پڕ و پوختتر داڕێژرانەوە، کرتاندنی ئەم جۆرە کارانە هیچ کارێك ناکاتە سەر ناوەرۆکی هەواڵەکە، هەروەك لەم نموونەی خوارەوەدا دیارە:

- (لە ڕۆژی 1993/9/27 لە شاری (برالیۆن) پارتی کرێکارانی بەریتانی کۆنگرەی خۆی کردەوە و دەستی بە کارەکانی کرد، لەم کۆنگرەیەدا وەفدێکی پارتیمان کە لە هەڤالاٚن فوزی ئەتروشی نوێنەری لقی شەشی پارتیمان لە ئەوروپا و هەڤالٚ دارا یارا ئەندامی ئیحتیاتی لێژنەی لق پێك هاتبوو، ئامادە بووبوو.....)

"**برایەتی ژمارە 1759 لە 1993/10/2**"

- ئەگەر بێت و ئەم هەواڵە بە شێوەیەكی پوختتر دابڕێژرێتەوە، چەند كارێكی ناو دەقەكە دەكرتێ، بەبێ ئەوەی كاریگەری بە سەر ناوەڕۆكی هەواڵەكەدا هەبێت، وێرای كرتاندنی چەند كەرەسەیەكی تریش.

(ڕۆژی 1993/9/27 لە شاری (برالیۆن) پارتی كرێكارانی بەریتانی دەستی بەكارەكانی كۆنگرەی خۆی كرد. وفدی پارتیمان، هەڤالاٚن، فوزی ئەتروشی، نوێنەری لقی شەشی پارتیمان لە ئەوروپا و دارا یارا، ئەندمی ئیحتیاتی لبێژنەی لق ئامادەی ئەم كۆنگرەیە بوون).

لە پاش دارِشتنەوەی هەواڵەكە بەم شێوەیەی سەرەوە، ئەوە دەردەكەوێ، كە هەردوو كاری (پێكهاتبوو، كردەوە) كرتاون.

كاری (كرد) بە هۆی ئەوەی كە هەردوو ڕستە (پارتی كرێكارانی بەریتانی كۆنگرەی خۆی كردەوە)، (دەستی بە كارەكانی خۆی كرد) دوو ڕستەی بە یەكەوە بەستراون و كارەكانیشیان تا ڕادەیەك ناوكۆن، بۆیە دەكرێ یەكێیان بكرتێ (**20: ل 185**).

كاری (پێك هاتبوو) ش لە دوای دارِشتنەوەی هەواڵەكە هیچ بەهایەكی نامێنێ، چونكە بە كرتاندنی هیچ كاریگەرییەكی نابێت بە سەر ناوەڕۆكی هەواڵەكە.

بێجگە لەمە لە شێوازی دارِشتنی یەكەمدا، هەردوو كار (پێك هاتبوو، ئامادەبووبوو)، كە لە دەقەكەدا بەدوای یەكدا هاتوون تا ڕادەیەك ناوێزەییەكیان بۆ دەقەكە دروست كردووە و پلەی ڕێزمانیشی كەم و لاواز كردووە.

نموونەیەكی تری لەم جۆرە:

- (سەعات 12,30 ی پاش نیوەڕۆی 1994/9/1 وەفدێك كە پێك هاتبوو لە كۆمەڵێك ڕێكخراوی قوتابیان و خوێندكاران، سەردانێكی پەرلەمانیان كرد).

"یەکگرتوو ژمارە 10 لە 9 1994/9/22"

لەم هەواڵەشدا وێڕای ئەوەی کاری (پێك هاتبوو) لەناو ڕستەکەدا ڕیزبەندی بەزاندووە و لە شوێنی خۆیدا بەکار نەهاتووە لە هەمان کاتیشدا دەکرێ بیکرتێنین ئەگەر بەم شێوەیەی خوارەوە دایبرێژینەوە، هیچ کاریگەرییەکیش بە سەر ناوەڕۆکی هەواڵەکە نابێت، واتە لەناو دەقەکەدا هیچ بەهایەکی نامێنێت.

- (سەعات 12,30 ی پاش نیوەڕۆی 1994/9/1 کۆمەڵێك ڕێکخراوی قوتابیان و خوێندکاران سەردانی پەرلەمانیان کرد)

لە هەواڵێکی تردا هاتووە:

- (ڕادیۆی جەزایر دوێنێ بەیاننامەیەکی بلاۆ کردۆتەوە و تیایدا گوتوویەتی، لە گوندی تەجنەتی ناوچەی شەلەف، کە کەوتۆتە ڕۆژئاوای جەزایرەوە (42) کەس سەر بڕدراون).

"برایەتی ژمارە 2733 لە 1998/12/10"

دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(ڕادیۆی جەزایر لە بەیاننامەیەکی دوێنێیدا گووتوویەتی: لە گوندی تەجنەتی ناوچەی شەلەفی ڕۆژئاوای جەزایر (42) کەس سەر بڕدراون).

لە پاش داڕشتنی بەم شێوەیەی سەرەوە، هەردوو کار (بلاۆکردۆتەوە، کەوتۆتە) کرتاون، کاری (بلاۆکردۆتەوە) لە ناو دەقەکەدا لەگەڵ کاری (گوتوویەتی) دوو کاری ناوکۆن لە ڕووی واتاوە، هەروەك بڵێیت: (لە ئاخاوتنێکدا بلاۆی کردەوە، یان لە ئاخاوتنێکدا گوتی)، کەواتە کرتاندنی هەریەکێکیان کار لە ناوەڕۆکی ڕستەکە ناکات.

دیسانەوە زۆر جار کاری (هەڵدەستێت) وەکو کارێکی بێ بەها لەناو دەقە جیاجیاکاندا بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش زیاتر لە ئەنجامی کاریگەری زمانی عەرەبییە بە سەر زمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە، بۆ نموونە:

- بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە پەیمانگەکەمان هەڵدەستێت بە سازدانی ئاهەنگێك بۆ قوتابیان.
- بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە پەیمانگەکەمان ئاهەنگێك بۆ قوتابیان ساز دەکات.

ئەم دیاردەیە لە هەواڵەکانی سەر رووپەڕی ڕۆژنامەکانیش بەر چاو دەکەوێت، وەك لەم نموونەی خوارەوەدا هاتووە:

- (سەرچاوەیەکی هێزی دەریایی نێو دەوڵەتی، کە هەڵدەستێت بە چاودێری کردنی ئاوی کەنداو بۆ دڵنیابوون لە سزای ئابڵووقەی ئابووری سەر ڕژێم ڕایگەیاند، کە دەست بە سەر دوو پاپۆڕەدا گیراوە لە کاتی بردنی کەل و پەلدا بەروە سنوورە ئاوییەکانی عێراق).

**"یەکگرتوو ژمارە 81 لە 1996/3/1"**

(سەرچاوەیەکی هێزی دەریایی نێو دەوڵەتی، کە چاودێری ئاوی کەنداو دەکات بۆ دڵنیابوون لە سزای ئابڵووقەی ئابووری سەر ڕژێم، ڕایگەیاند .....)*

نموونەیەکی تری لەم جۆرە:

- (باڵاخانەی کارو باری کارگێری و ئابووری سەر بە وەزارەتی ناوخۆی کوێتی لەم ڕۆژانە، ئاگری تێ بەربووە و سووتاوە).

**"ئێوارە گوڵان ژ 429 لە 1999/7/26"**

---

* ئەم هەواڵە لە ڕووی ڕیزبوونی کەرەسەوە دەکرێ بە چەند شێوازێکی تر دابڕێژرێ، بەڵام ئێمە مەبەستمان تەنها کاری (هەڵدەستێت) ە بۆیە هەروەك خۆی دامانڕشتووە.

هەردوو کاری (ئاگرتێ بەربوون و سووتان) دوو کاری هاو واتان و لەناو دەقەکەدا دووبارە بوونەتەوە و یەکێکیان زیادە، بۆیە کرتاندنی هەر یەکێکیان کار لە واتا و ناوەرۆکی هەواڵەکە ناکات.

هەر دەربارەی بەکار هێنانی کار، هەواڵنووسان، هەندێ جار لە داڕشتنی هەواڵدا ڕوو بە ڕووی هەڵەی ڕێزمانی دەبنەوە، ئەمەش بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە:

- لە کاتی وەرگێڕانی هەواڵ لە زمانێکی بیانییەوە بۆ سەر زمانی کوردی.
- کاریگەری زمانە بیانییەکە بۆ سەر هەواڵنووس بە ڕوونی بەر چاو دەکەوێت بە تایبەتی لە دوای ساڵی (1991) ەوە کاریگەری زمانی فارسی لە هەندێ ڕۆژنامەدا بە زەقی دیارە، ئەویش بە هۆی ئەو بارو دۆخەی، کە لە دوای ڕاپەڕینەوە لە کوردستاندا هاتە کایەوە.
- کەم شارەزایی هەواڵنووسان لە یاسا و ڕێسا و ڕێزمانی کوردی.
- زۆر جار هەواڵنووسان بە پێی سەلیقەی ئاخاوتنی خۆیان هەواڵ دادەڕێژن.
- پەلە کردن لە وەرگێڕانی هەواڵدا.

ئەم هەواڵەی خوارەوە نموونەیەکی ئەو جۆرە هەلانەیە:

- (سەرۆکی ڕوسی بۆریس یەلسن، ڕای گەیاند، ئەگەر پێویستی کرد بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمانی ئێستا داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی دەدات لە پاییزی داهاتوودا).

**"برایەتی ژمارە 1697 لە 1993/7/20"**

لەم هەواڵەدا، لە ڕستەی (بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمانی ئێستا داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی دەدات)، کاری (دەدات)، بە هەڵە بەکار هاتووە چونکە کارەکە کارێکی لێکدراوە، کە بریتییە لە (داواکردن)، نەك (داوادان). بۆیە دەبوا بیوتبا:

(بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمانی ئێستا داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی دەکات). ئەگەر نا دەکرا لە جیاتی (داوا)، (بڕیاری) ی بەکار هێنابا، ئەو کات کارەکە پێویستی بە گۆڕین نەدەکرد و ڕستەکە بەم شێوەیە دادەڕێژرا: (بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمان بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی دەدات).

بێجگە لەمە ڕیزبوونی کەرەسەکانی ڕستەکەش ڕیزبوونێکی بنجی نییە، ئاوەڵگوزارەی (پاییزی داهاتوو)، خراوەتە دواوەی ڕستەکەوە، ئەگەرچی لە نووسینی پەیامی ڕۆژنامەنووسیدا، ڕۆژنامەنووس هەندێ جار لە ڕیزکردن و پاش و پێشخستنی کەرەسەکانی ڕستە ئازادە، بەلاّم وا چاکە (ئاوەڵگوزارە بە هەموو جۆرەکانییەوە نەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە، چونکە بەکار هێنانی ئاوەڵگوزارە خۆی لە خۆیدا گەیاندنی هەواڵێکی تازەیە، کە ڕیزبوونی پلەی یەکەم بۆ ئاوەڵگوزارەی کات لە ڕستەی کوردیدا بریتییە لە: (کات + بکەر + کار) (**1: ل 89**).

هۆی ئەم هەڵەیەش بۆ کەم شارەزایی هەواڵنووسان لە ڕێزمان و داڕشتن بە گوێرەی سەلیقەی خۆیان دەگەڕێتەوە.

یان لەم نموونەیەدا هاتووە:

- (ئاگاداری هاو وڵاتیانی خاوەن کارگە و کۆگا بازرگانییە ..... هتد، دەکەینەوە، کە (ئێوارە گوڵان) ئامادەیە ئاگادارییەکانتان بە نرخێکی گونجاو بۆ بڵاو بکاتەوە، بۆ زانینیش دەتوانن لە ڕێگەی (کتێبخانەی سۆلاڤ) ەوە پەیوەندیان لەگەڵدا بگرن.

**"ئێوارە گوڵان ژمارە 5 لە 1997/11/13"**

لەم ئاگادارییەدا کاری (پەیوەندی گرتن) کارێکی لێکدراوە و بە شێوەیەکی هەڵە داڕێژراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەواڵنووس بە هۆی کاریگەری زمانی فارسی تووشی ئەم هەڵەیە بووە، ئەم کارە لە زمانی فارسیدا (تماس گرفتن) ە. بەلاّم

لە زمانی کوردیدا بۆ دروست کردنی کاری لێکدراو لەگەڵ ناوی (پەیوەندی) دا تەنها دوو چاوگ ئەویش (کردن، بەستن) ە.

هەر بۆ هەمان مەبەست لەم مانشێتەی هەواڵدا هاتووە:

- (ئەمەریکا ڤیتۆ لە دژی ڕژێمی بەغدا بەکار دەبات)

**"برایەتی ژمارە 1736 لە 1993/9/5"**

لەم ماشێتەشدا هەر هەمان هەڵەی نموونەی پێشوو دوویارە بۆتەوە کە کاریگەری زمانی فارسییە بە سەر هەواڵنووسەکەدا. لێرەدا کاری (بەکار دەبات) لە کاری لێکدراوی (بەکار بردن) فارسی وەرگیراوە و کورد بۆ ئەم مەبەستە کاری (بەکار هێنان) بەکار دێنێ.

یەکێکی تر لەو هەڵە ڕێزمانییانەی ڕوو بە ڕووی هەواڵنووسان بۆتەوە، بەکار هێنانی دەم کاتەکانی کارە. هەندێ جار لەناو دەقە هەواڵێکدا چەند دەم کاتێکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی جۆرە نەگونجانێ لە نێوان دەم کاتی کارەکاندا و شێواندنی دەقەکە و لاوازی لایەنی ڕێزمانی. ئەمەش پێچەوانەی ئەو گوتەیەیە کە دەڵێت: (یەکێك لە ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووس لە کاتی داڕشتنی دەقێکی ڕۆژنامەنووسیدا ئەوەیە، ئاگاداری بە دوای یەکدا هاتنی دەم کاتەکانی کارەکانی ناو دەقەکە بێت، کە پێویستە ڕێکخستنی دەم کاتەکانی کار بە پێی ڕێککەوتن و بەدوایکدا هاتنی دەم کاتەکان بێت) (38: ل 121). هۆی ئەمەش دیسان بۆ کەم شارەزایی هەواڵنووسان لە یاسا و ڕێسای ڕێزمانی زمان دەگەڕێتەوە. هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارە:

- لە ڕۆژی 3/30  1992/4/1 لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر شانۆگەری عەرەبی (مدير بلا ادارە) لەلایەن تیپی شۆڕشگێڕانی عیراقی پێشکەش کرا، کە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند (مەهدی زبيدي) بوو. شایانی باسە کە ئەم

شانۆگەرییە شێوازێکی کۆمیدیای سیاسی گاڵتەجاڕی لەخۆ گرتووە. ئەم شانۆگەرییە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك لەگەڵ بارو دۆخی مرۆڤی کورد خۆی گونجاندبوو و تا ڕادەیەك گیر و گرفتی مرۆڤی کوردی لە فەرمانگە حکومییەکان و شێوەی ئازاردان و شۆڕش و ڕاپەڕینی کوردی بەدەر دەخست)

"کوردستانی نوێ ژمارە 66 لە 1992/4/14"

لەم هەواڵەدا کاری (لە خۆگرتووە) دەمکاتەکەی کە ڕابردووی تەواو لەگەڵ دەمکاتی کارەکانی تردا ناگونجێ، چونکە وا پیشان دەدات، کە شانۆگەرییەکە تا ئێستا بەردەوامە، کەچی پێشکەش کراوە و تەواویش بووە. ئەگەرچی پێوەندی بە ڕووداوی ناو شانۆگەرییەکەوە هەیە، بەڵام وا چاك بوو هەواڵنووس هەر بە دەمکاتی ڕابردووی دووری دارِشتبا، واتە (لە خۆگرتبوو) بووایە.

یان لەم هەواڵەی خوارەوەدا:

- (سەرۆکی ئەمریکی (بیل کلینتۆن) هەڕەشەی لە کۆریای باکوور کردووە بۆ بەکار هێنانی چەکی ئەتۆمی وە گووتی: .....).

"برایەتی ژمارە 1691 لە 1993/7/12"

لەم هەواڵەشدا هەر وەك هەواڵی پێشوو نەگونجان هەیە لە نێوان هەردوو کاری (هەڕەشەی کردووە، وەگوتی)، وا چاك بوو بیوتبا (گوتوویەتی).

لەم نموونەیەی خوارەوەشدا دیسان کەم و کوڕی لە بەکار هێنانی کاردا بەرچاو دەکەوێت:

- (بە پێی هەواڵێك کە ئەمڕۆ تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە بڵاوی کردەوە بۆڵەند ئەجەویدی سەرۆك وەزیرانی تورکیا داوای لە ئێران کردووە، چیدیکە هاریکاری و یارمەتی چەکدارانی پەکەکە نەدەن).

"ئێوارە گوڵان ژمارە 429 لە 1999/7/26"

ئەوەی تێبینی دەکرێ کاری (نەدەن) لە دوا ڕستەدا لە ڕووی ڕۆنانەوە کارێکی لێکدراوە و بەشەکانی لە یەك ترازاون، کارەکە وەك لە ڕستەکەدا هاتووە (هاریکاری و یارمەتی دان) ە. واتە (هاریکاری) و (یارمەتی) وەك پارچەی یەکەمی کارەکە دەرکەوتوون و (دان) یش وەك پارچەی دووەم، کە لەگەڵ هەردووکیاندا بەکار بێت، ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە و لەلای هەموومان ئاشکرایە ئەوەیە، لە زمانی کوردیدا (هاریکاری) هەمیشە لەگەڵ کاری (کردن) دا بەکار دێت نەك کاری (دان)، واتا (هاریکاری کردن)، هەرچی (یارمەتی) یشە ئەوە ئاسایی لەگەڵ (دان) دا بەکار دێت و کاری لێکدراوی (یارمەتی دان) دادەڕێژرێت. بۆیە دەبوا هەواڵنووس وشەی (هاریکاری) نەهێنابا و ڕستەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە داڕشتبا:

- (چیدیکە یارمەتی چەکدارانی پەکەکە نەدەن)

تەوەرێکی تری بەکار هێنانی کار، زۆربەی ڕاسپاردە ڕۆژنامەنوسییەکان جەخت لە سەر بەکار هێنانی کاری کارا دیار دەکەن لەناو ڕستەدا، لە هەمان کاتیشدا دەکرێ لە هەندێ باری تایبەتدا کاری کارا بزریش بەکار بێت. جەخت کردن لەسەر بەکار هێنانی کارا دیار، زیاتر بە مەبەستی ڕوون کردنەوەی ڕووداوی ناو هەواڵەکە و سەرچاوەی هەواڵەکەیە.

- **ئاوەڵگوزارەی (کات):**

جۆرێکی تر لەو کەرەسە زیادانەی، کە زۆر جار هەواڵنووسان لە داڕشتنی هەواڵەکانیاندا بەکاریان دەهێنن، ئاوەڵگوزارەی (کات) ە، هەندێ جار بەهایەکی ئەوتۆشیان لەناو دەقەکەدا نییە و پانتاییەکیشیان لە سەر ڕووبەری ڕۆژنامەکەدا داگیر

کردووه. کرتاندنیشیان هیچ کارێك ناکاته سەر واتا و ناوەڕۆکی هەواڵەکە، وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارە:

- ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 1993/11/28 وەفدێکی مەکتەبی سیاسی حزبمان ....

"**ڕێگای کوردستان ژ 85 لە 1993/11/30**"

- سەعات 3 ی پاش نیوەڕۆی دوێنی چوارشەممە 1998/12/2 سەرۆك مەسعود بارزانی لە سەلاحەددین پێشوازی لە تیمێکی کەناڵی CNN کرد ..........

"**برایەتی ژمارە 2728 لە 1993/12/3**"

ئەوەی تێبینی دەکرێ، لە هەواڵی یەکەمدا ئاماژە بە مێژووی ڕووداوەکە کراوە کە 1993/11/28، لە هەواڵی دووەمیشدا 1998/12/2 ناوهێنانی ڕۆژەکان (ڕۆژی یەکشەممە، دوێنێ چوارشەممە) زیادن چونکە خوێنەر لە مێژووەکاندا ڕۆژەکان دەزانێ.

- **ئاوەڵناو:**

نووسەرە ناوادارەکان لە هەموو کارێکیاندا زۆر ئاگاداری بەکارهێنانی (ئاوەڵناو) ن، لەو ڕووەوە کە زیادەڕۆیی نەکرێ لە بەکار هێنانیاندا (**38: ل 118**). هەواڵیش وەکو بابەتێکی نووسراو ڕیزکردنی چەند ئاوەڵناوێك تیایدا لە سیستەمی داڕشتنی هەواڵی ڕۆژنامەنووسیدا بە شێوازێکی لاواز لە قەڵەم دەدرێت (**42: ل 64**)، بۆیە واچاکە ڕۆژنامەنووس ئاگاداری ئەم دیاردەیە بێت، کە لە هەواڵەکانی ناو ڕۆژنامە کوردییەکانی ماوەی دیاری کراوی لێکۆڵینەوەکەدا بەرچاو دەکەوێ، وەك:

- **هەواڵی زانست:** چرای دەستیی درێژخایەن

ئەم چرا دەستییە لەناو ئاو و لە تاریکی چاو نەبین و شەوانی تۆف و باراندا کار دەکات و توانای بەرانبەر ڕووناکی دە هەزار مۆم دەبێ.

"هاوكاری ژماره 1282 له 1991/1/10"

ئاوەڵناوی (چاو نەبین) و (تۆف و باران) زیادن ئاشكرایە، كە بوون و نەبوونیان كار لە شێوازی دارشتنەكە ناكات. لە زمانی رۆژنامەنووسیدا بە شێوازێكی لاوازی دارشتن لە قەڵەم دەدرێت.

- **ئامرازەكانی بەستن ولێكدەر:**

ئەو ئامرازانەی دوو رستەی سادە بەیەكەوە دەبەستنەوە، یان لە رستەی ئاوێتەدا رستە شوێنكەوتووەكان دەگەیننە رستەی سەرەكی بە تایبەتی ئامرازی (كە)، هەندێك جار هەواڵنووسان بەبێ ئاگاداری وەكو پێویست لە شوێنی گونجاوی دەقەكەدا بەكار ناهێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی دارشتنەكە، بێجگە لەمە (كە) یەكێكە لەو ئامرازانە، كە دەتوانێ لە رستەدا بكەوێت بەبێ ئەوەی واتای رستەكە بشێوێ. وەك لەم هەواڵەی خوارەوەدا دیارە:

- (سەرۆكی ئەمریكی (بیل كلینتۆن) هەرەشەی لە كۆریای باكوور كردووە بۆ بەكار هێنانی چەكی ئەتۆمی وە گوتی: ئەگەر رژێمی كۆمۆنیستی ئەو وڵاتە هەوڵیاندا بۆ پردانە چەكی ئەتۆمی مانای كۆتایی هێنانە بە دەوڵەتەكەیان، ئاشكرایە كە باوەر وایە كە كۆریای باكوور بە نهێنی هەوڵی دروست كردنی چەكی ئەتۆمی دەدات ......).

"برایەتی ژمارە 1691 لە 1993/7/12"

رستەی (ئاشكرایە كە باوەر وایە كە كۆریای باكوور ....) لاوازی دارشتنەكە دەردەخات بە هۆی بەكار هێنانی (كە) ی زیاد لە رستەكەدا لەپاڵ دەستەواژەی (باوەروایە)، لە كاتێكدا ئەگەر هەردوو (كە) ش لابچێ هیچ كاریگەرییەكیان بە سەر ناوەرۆكی رستەكە لە رووی واتاوە نابێت و دەكرێ بوترێ:

"ئاشكرایە كۆریای باكوور بە نهێنی هەوڵی دروست كردنی چەكی ئەتۆمی دەدات"

هەروەها لەم هەواڵەی خوارەوەدا:

- (دوێنێ هێزەکانی سربیا پاش هێرشێکی سەربازی کە حەوت ڕۆژی خایاند دەستی گرت بە سەر شاری (فۆتشا) ی سەر بە کۆماری بۆسنە و هەرسك.

ئێزگەی لەندەن دوێنێ ڕایگەیاند کە زۆربەی دانیشتوانی شارەکە کە موسڵمانن لە شارەکە هەڵاتوون ......)

سەرەڕای ئەوەی ئەم هەواڵە لە ڕووی هونەرەکانی داڕشتنی ڕۆژنامەنووسیی کەم و کوڕی تێدایە، لە ڕووی داڕشتنی رستەسازیشەوە لاوازی دەبینرێ. بە تایبەتی لە ڕستەی:

(ئێزگەی لەندەن ڕایگەیاند کە زۆربەی دانیشتوانی شارەکە کە موسڵمانن لە شارەکە هەڵاتوون).

لاوازییەکە لە دووبارە بوونەوەی ئامرازی (کە) دا بە دی دەکرێت، کە دەکرێ یەکێکیان لابرێ، لاوازییەکە برەوێتەوە:

(ئێزگەی لەندەن ڕایگەیاند: زۆربەی دانیشتوانی شارەکە، کە موسولمانن لە شارەکەدا هەڵاتوون).

یان بەکارهێنانی ئامرازی پێوەندی (و) لە جیاتی یەکێك لە (کە) یەکان وەك:

(ئێزگەی لەندەن ڕایگەیاند: کە زۆربەی دانیشتوانی شارەکە موسڵمانن و لە شارەکەدا هەڵاتوون).

### 2-3-4 ڕستەی درێژ:

لایەنێکی تری گرنگ کە پێویستە لە داڕشتنی هەواڵدا ڕەچاو بکرێت، بەکار هێنانی ڕستەی کورت و پوختە لەناو پەرەگرافەکانی دەقی هەواڵدا، بەلاّم زۆربەی ڕۆژنامەنووسان بە تایبەتی تازە پێگەیشتووان ناتوانن کۆنترۆڵی درێژی ڕستە بکەن، چونکە دەیانەوێ زۆرترین بڕی زانیاری بخەنە ناو ڕستەکانیانەوە. ئەمەش جۆرە شێواندنێك بۆ دەقەکە دروست دەکات و خوێنەریش ماندوو دەکات. بۆیە پێویستە ڕۆژنامەنووس کاتێ بینی ڕستەکانی ناو دەقەکەی زۆر درێژن، وا چاکە چاوێك بە شێوازی داڕشتنەکەیدا بخشێنێتەوە و هەموو ئەو وشە و مۆرفیمانە بکرتێنێ، کە دەکرێ چاو پۆشیان لێ بکرێت. هەروەها پێویستە ڕستە لە بیرۆکەیەك زیاتر نەگرێتە خۆ.

زۆربەی لێکۆڵینەوەکانیش ئەوە دەردەخەن، کە یەکێك لەو فاکتەرە بناغەییانەی دەبێتە هۆی خوێندنەوەی هەواڵ لەلایەن خوێنەرەوە، بەکار هێنانی ڕستەی کورتە.

بۆ ئەم مەبەستە ئاژانسی (یونایتد پرێس) ی ئەمریکی هەندێ زانیاری پێشکەش کردووە. (**79: ل 102**)

- ڕستەی زۆر ئاسان بۆ خوێندنەوە 8 وشە
- ڕستەی ئاسان بۆ خوێندنەوە 11 وشە
- ڕستەی تا ڕادەیەك ئاسان بۆ خوێندنەوە 14 وشە
- ڕستەی ئاسایی 17 وشە
- ڕستەی تا ڕادەیەك گران 21 وشە
- ڕستەی گران 25 وشە
- ڕستەی زۆر گران 29 وشە

لەم بارەوە نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی (سۆل بیلۆ)، کە خەڵاتی نۆبڵی لە ئاداب بەدەست هێناوە، دەڵێ: "ڕستەی باش نابێ کۆی وشەکانی لە 11  12 وشە زیاتر بێت". (38: ل 115)

بۆیە کلیلی نووسینی چاك بریتییە لە هاوسەنگکردنی ڕستەی کورت و درێژ لەناو دەقدا، بەڵام هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان دووچاری گرفت دەبن لە نووسینی ڕستەی کورتدا، ئەم گرفتەش بە هۆی نە شارەزایی نووسەر، لە هونەری گواستنەوە (**فن الانتقال**)، واتە چۆنیەتی بازدان لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر و هونەری گەیاندنی ڕستە و پەرەگرافەکان بە یەکتریەوە دێتە کایەوە، چونکە ئەم چەشنە ڕۆژنامەنووسانە شارەزاییان لەو ئامراز و هۆکارانەدا نییە، کە یارمەتی نووسەر دەدەن تاکو زۆر بە ئاسانی لە ڕستەیەکەوە بچێتە ڕستەیەکی تر، ئەمەش لە ڕێگای بریتی خستن و بەکار هێنانی ئامرازەکانی بەستن و لێکدەر و گەیەنەرەوە بەرێکی دەستەبەر دەبێت.

دەقە هەواڵەکانی ڕۆژنامەکوردییەکان لەم جۆرە کەم و کورپیانە بێ بەش نین، وەك لەم هەواڵەی خوارەوەدا دیارە:

- وتووویژی نهێنی لە نێوان ئوردون و ئیسرائیلدا:

(ئیسرائیل وتووویژی نهێنی لەگەڵ ئوردون دەکات سەبارەت بە کێشەکانی چارەسەری ئاشتییانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئاژانسی دەنگ و باسی فەرەنسا ئەم هەواڵانەی لە چەند سەرچاوەیەکی ڕەسمی ئیسرائیل وەرگرتووە و بلاوی کردۆتەوە، ئاژانسەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل (شیمون پیریز) چاوی بە گەورە لێپرسراوی ئوردون کەوتووە و لە بەندەری عەقەبە ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو دیدار و گفتوگۆی لەگەڵ (شا حسین) کردووە لە پێناو خۆ ئامادە کردن بۆ ڕێکەوتننامەکەی ئاشتی) "**برایەتی 1664 لە 1993/6/8**"

لەم هەواڵەدا درێژی ڕستەکانی ناو دەقەکە بەدی دەکرێ لەگەڵ لاوازی داڕشتن و نەشارەزایی لە بازدان لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر، بە تایبەتی لەم پەرەگرافەدا:

(ئاژانسەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل (شیمون پیریز) چاوی بە گەورە لێپرسراوی ئوردون کەوتووە و لە بەندەری عەقەبە ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو دیدار و گفتوگۆی لەگەڵ (شا حسین) کردووە لە پێناو خۆ ئامادە کردن بۆ ڕێکەوتننامەکەی ئاشتی)

کاتێ خوێنەر ئەم پەرەگرافە دەخوێنێتەوە هەست بە درێژی ڕستەکانی دەکات، جگە لەمە پەرەگرافەکە جۆرە تەم و مژێکی واتایی تێدایە، ئەویش لە ئەنجامی ڕیزنەکردنی کەرەسەکانە وەك پێویست و نەشارەزایی نووسەر لە هونەری بازدان لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر و بەستانەوەیان بە شێوەیکی ڕێك لەگەڵ یەکتردا هاتۆتە کایەوە.

تەم و مژییەکە لەوە دایە، کە ئایا (شیمون پیریز) چاوی تەنها بە (شا حسین) کەوتووە، یان گەورە لێپرسراوێکی تر، کاتی چاو پێکەوتنەکەش، کە ڕۆژی سێشەممەیە، ئایا لەگەڵ (شا حسین) دا بووە، یان لەگەڵ لێپرسراوێکی تردا بووە، لە کاتێکدا ئەگەر مەبەست لە لێپرسراوەکە (شا حسین) نەبوو بێ.

هەر لە هەمان هەواڵدا هەست بە درێژی ئەم ڕستە تێکەڵەی خوارەوەش دەکرێ:

- (پیریز، ئەوەشی ڕاگەیاندووە، کە گومانی لەوەدا هەیە، کە ئوردون ئارەزووی ئەوە بکات یەکەم دەوڵەت بێت لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی لە گفتوگۆی پیادەکردنی ئاشتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەشدارن، کە ڕێکەوتننامەیەکی لەم چەشنە مۆر بکات).

بەلاّم ئەوەی لەم ڕووەوە تێبینی دەکرێ، شێوازی داڕشتن لە نێوان ڕۆژنامەکاندا جیاوازییان هەیە، بۆ نموونە لەم کورتە هەواڵەی خوارەوەدا، کە لە دوو ڕۆژنامەی جیاوازدا دارێژراوە، هەست بەوە دەکرێ کە داڕشتنی یەکێکیان لە ئەوەکەی دی بەهێزترە:

- (حکومەتی ڕوسیا بڕیاری قەدەغەکردنی چەندین ڕۆژنامەی بەرهەڵستکاری دا. بەر لە ئێستاش بە شێوەیەکی کاتی بڕیاری دابوو گشت ڕۆژنامەکان دوا بە دوای ئاژاوەکانی پەرلەمان ڕابگیرێن. لە لایەکی دیکەوە حکومەت زنجیرەیەك ئیجرائاتی دادگایی تایبەت بەرامبەر چەند ڕۆژنامەیەك کە دەستیان لە هاندانی خەڵك بۆ ئاژاوە نانەوە هەبوو، دەست پێ دەکات).

**"برایەتی ژمارە 1770 لە 1993/10/15"**

- لە تازەترین ئیجرائاتدا حکومەتی ڕوسیا فەرمانی داخستنی (10) ڕۆژنامەی سەر بە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی داوە و بە شێوەیەکی کاتیش ژمارەیەکی تری ڕاگرتووە و داوای گۆڕینی ناوەکانیانی کردووە و ئەو ڕۆژنامانەی بە هاندانی نا ئارامی لە وڵاتدا تاوانبار کردووە)

**"کوردستانی نوێ 510 لە 1993/10/15"**

هەردوو هەواڵ لە هەمان کاتدا داڕێژراون و یەك ناوەرۆکیان هەیە، بەلاّم لە ڕووی داڕشتنەوە بە پێی ئەو بنەمایانەی کە لە پێشەوە ئاماژەیان پێ کراوە لە ڕووی هونەری بازدانی نووسەر لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر و بەستەنەوەیان بە یەکتری داڕشتنەکەی (کوردستانی نوێ) بە هێزترە و زیاتر پابەندی ئەو بنەمایانەیە.

## 3-3-4 کورت بڕی و چڕ کردنەوەی پەرەگرافەکان:

لە نووسینی هەواڵدا ڕەچاوی ئەوە دەکرێت، کە ژمارەی وشەکان لە پەرەگرافێکدا لە (75) وشە پتر نەبێت و هەر پەرەگرافێکیش لە چوار ڕستە زیاتر نەبێت، کەمتریش بێت

چاکترە (**42: ل 69**). ئەمانە دەبنە ڕێگایەکی سەرەکی بۆ کورت کردنەوە و چڕکردنەوەی هەواڵ. سەرەڕای ئەمەش ڕێکخستن و ڕیزکردنی کەرەسەکانی ڕستە بە شێوەیەکی ورد و مەنتقی و گویّ دان بە لایەنی ئابووری زمان، کارێکە دەبێتە جێگای ڕەزامەندی خوێنەر (**79: ل 92**)، بە پێچەوانەی درێژ دادڕی، کە سەرچاوەی بێزاری خوێنەرە و پانتاییەکی فراوانیش لە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکەدا داگیر دەکات.

بۆ نموونە ئەم هەواڵەی خوارەوە، کە لە دوو ڕۆژنامەی جیاوازەوە وەرگیراون و هەمان ناوەرۆکیان هەیە و لە هەمان کاتدا بلاّو کراونەتەوە، بەلاّم لە ڕووی کورت و درێژییان لە دارشتندا جیاوازییان هەیە:

- 4568 قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەرگیران

(دوێنی 1993/10/3 سەعات 12 ی نیوەڕۆ کۆبوونەوەیکی ڕۆژنامەنووسیی بەسترا سەبارەت بە دەرچوونی لیستی ناوی ئەو قوتابییانەی کە لە کۆلێژ و پەیمانگاکانی هەرسێ زانکۆی کوردستان وەرگیراون. لە کۆبوونەوەکەدا پەیامنێری ڕۆژنامەکان و تەلەفزیۆنەکانی هەرێمی کوردستان ئامادە بوون. شیاوی گوتنە ئەم ساڵ لە هەرێمی کوردستاندا سەرجەم 4568 قوتابی لەهەموو پەیمانگە و کۆلێژەکانی کوردستان وەرگیراون.

ژمارەی ئەو قوتابییانەی لە هەرسێ زانکۆ وەرگیراون بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| ناوی زانکۆ | ژمارەی قوتابی |
|---|---|
| سەلاحەددین | 2116 |
| سلێمانی | 272 |
| دهۆك | 165 |

| ژماره قوتابی | پەیمانگەی تەکنیکی |
|---|---|
| 305 | هەولێر |
| 448 | سلێمانی |
| 168 | دهۆك |

| ژمارەی قوتابی | پەیمانگەی مامۆستایان |
|---|---|
| 505 | هەولێر |
| 255 | سلێمانی |
| 205 | دهۆك |

بەڕێز بەڕێوەبەری مەڵبەندی کۆمپیوتەر لە زانکۆی سەلاحەددین دا مامۆستا (عزالدين بابان) لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەکەمان گوتی: تەنیا یەك گرفتمان هەیە و ئەویش چۆنیەتی وەرگرتنی قوتابیانە بۆ بەشی زمانی کوردی. هێندێك قوتابی بە ئارەزووی خۆیان دەچنە بەشی کوردی. ئایا ئەم قوتابیانە تاچ ڕادەیەك سوود لەم بەشە وەردەگرن.

بۆیە ئێمە مامەڵەمان لەگەڵ دوو کۆ نمرەدا کرد. ئەو قوتابیانەی کە سوودیان لە وانەی کوردی وەرنەگرتووە کۆی شەش دەرسمان کردەوە بەبێ زمانی کوردی.

ئەوانەی دیکە کۆی حەوت دەرس کراوە بۆیە لێرە جیاوازی ڕوویدا. بۆ چارەسەر کردنی ئەم گرفتە ئێمە تێکڕای (**معدل**) قوتابیمان بە هەردوو کۆ ئەنجام وەرگرت. ئەم گرفتەشمان بەهۆی کۆمپیوتەرەوە چارەسەر کرد.

"**برایەتی ژمارە 1761 لە 1993/10/4**"

- ئەنجامی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان.

(دوێنێ 1993/10/3 ئەنجامی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان لە مەڵبەندی کۆمپیوتەری زانکۆی سەلاحەددین دەرچوو. لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری مەڵبەند بە ڕۆژنامەکانی ڕاگەیاند:

2116 خوێندکار لە زانکۆی سەلاحەددین و 372 خوێندکار لە زانکۆی سلێمانی و 165 خوێندکار لە زانکۆی دهۆك وەرگیراوە. هەروەها سەبارەت بە وەرگرتنی خوێندکار لە پەیمانگاکان وتی: 305 خوێندکار لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر، 448 لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، 168 خوێندکار لە پەیمانگای تەکنیکی دهۆك وەرگیراوە. هەروەها 505 خوێندکار لە پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر و 255 خوێندکار لە پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی و 205 خوێندکار لە پەیمانگای مامۆستایانی دهۆك).

**"کوردستانی نوێ ژمارە 500 لە 1993/10/4"**

لەم دوو هەواڵەدا کە یەك ناوەرۆکیان هەیە، تێبینی ئەوە دەکرێ لە هەردوو ڕۆژنامەدا درێژدادڕی بەرچاو دەکەوێت، بەڵام داڕشتنەکەی (کوردستانی نوێ) کورتتر و چڕتر و پوختترە.

بە نسبەت ڕۆژنامەی برایەتی لە ئەنجامی دووبارە بوونەوەی هەندێ کەرەسە، وەك (وشە و دەستەواژە و ڕستە) هەست بە درێژدادڕییەك دەکرێ، کە ئەم کەرەسانە زیادن و بوون و نەبوونیان هیچ لە ناوەرۆکی هەواڵەکە ناگۆڕن.

بۆ نموونە ڕستەی (شیاوی گوتنە ئەم ساڵ لە هەرێمی کوردستاندا سەرجەم 4568 قوتابی لەهەموو پەیمانگە و کۆلێژەکانی کوردستان وەرگیراون) ڕستەیەکی زیادە، چونکە هەمان زانیاری مانشێتەکەیە دووبارە بۆتەوە.

پەرەگرافی یەکەمی هەواڵەکەش، کە پێشەکی هەواڵەکەیە، دەکرێ هێشتا کورتتر و چڕتر بکرێتەوە و بوترێ: (دوێنێ 1993/10/3 سەعات 12 ی نیوەڕۆ لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ئەنجامی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم ڕاگەیەندرا)

بە نسبەت (کوردستانی نوێ) ئەگەرچی شێوازی داڕشتنەکەی کورتتر و چڕترە، بەڵام دیسان دەکرا هەندێ کەرەسە دووبارە نەکرێتەوە و هێشتا چڕتر بێت، بۆ نموونە وشەی (خوێندکار) لە دوای هەر ژمارەیەك دووبارە بۆتەوە، کە دەکرا بۆ هەر ڕستەیەك یەك جار بنووسرابا. هەروەها ڕستەی (سەبارەت بە وەرگرتنی خوێندکار لە پەیمانگاکان وتی) زیادە.

جگە لەمەش کارەکانی (وەرگرتن)، کە چەند جارێك لە پەرەگرافەکەدا هاتووە، دەبوا جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆیان پێوە بلکابا و بنووسرابا (وەرگیراون) نەك (وەرگیراوە)، چونکە ژمارەیان لە یەك خوێندکار زیاترە.

## 4-4 هەندێ دیاردەی تری زمانیی:

جگە لەمانەی باسکران لە ساڵانی 1991  2000 زمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی گۆڕانکارییەکی بەرچاوی تێدا بەدی دەکرێ، بە تایبەتی لە هەواڵی ڕۆژنامەیی دا، لە ڕووی شێوازی داڕشتن و پێکهاتەی وشە و دەستەواژەی نوێ و کاریگەری زمانانی بێگانە بە سەر زمانی هەواڵدا.

لە ئەنجامی گەشەسەندنی ڕۆژنامەنووسیی جیهانی و پشت بەستنی دەزگا ڕۆژنامەنووسییە کوردییەکان لە هەڵێنجان و وەرگرتنی هەواڵ لەم سەرچاوە جیهانییانە، هەندێ دیاردەی زمانیی لە ناو زمانی هەواڵدا بەرچاو دەکەوێت، کە دەکرێ هەندێ لەو دیاردانە لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێ بکەین:

### 1-4-4 ئەو دیاردانەی پێوەندییان بە وشە و دەستەواژەوە هەیە:

لەو ماوەیەی کە لە ناونیشانەکەدا ئاماژەمان پێ کرد، لە ئەنجامی فراوان بوونی مەیدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ڕووی زۆر بوونی دەزگا و بڵاو کردنەوە و چاپ و گەیشتنی تەکنۆلۆگیای پێشکەوتوو لە بواری ڕۆژنامەنووسیی بۆ کوردستان، لەپاڵ ئەمانەشدا زۆربوونی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان، چ ئەوانەی لە ناوەوەی کوردستان بوون، کە بە شێکی زۆریان بە هۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە لە پێش ڕاپەڕیندا هەبووە، لە نووسین دوور کەوتبوونەوە، یان ئەوانەی لە دەرەوە گەڕانەوە کوردستان، هەموو ئەوانە تەکانێکی گەورەیان بە ڕۆژنامەنووسیی کوردی داو لەم ڕووەوە گەلێك وشە و دەستەواژەی داهێنراو دروستکراو سەریان هەڵداو ئەمڕۆ جێگای خۆیان لەناو زمانی نووسیندا کردۆتەوە و بەکار دێن.

هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا بەرچاو دەکەون:

- باش کردنی ڕەوشی زیندانییەکان.

"**برایەتی ژمارە 3131 2000/5/11**"

- سەر مووچەی فەرمانبەران لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا.

"**برایەتی ژمارە 3160 لە 2000/8/20**"

- بۆ ماوەی دوو هەفتە ئاگربەست لە باشوور ڕاگەیاندرا.

"**برایەتی ژمارە 3189 لە 2000/9/23**"

- وەزارەتی بەرگری ڕووسیا ئەرکی پاکتاوکردنی چەکدارە موسڵمانەکانی لە ئەستۆ گرت.

"**برایەتی ژمارە 2915 لە 1999/9/5**"

- شاندێکی پارتی سەردانی دەزگای خێرخوازیی کوردە فەیلییەکان دەکات.

"**برایەتی ژمارە 3171 لە 2000/9/2**"

## 2-4-4 کاریگەری زمانانی بێگانە:

ئەو سەرچاوەیەی کە بە هۆیەوە دیاردەی کاریگەری زمانانی بیانی سەر هەڵدەدات، بەشی (وەرگێڕان و هەواڵی دەرەکییە)، کە ئەویش ئەو بەشەیە تیایدا وەرگێڕانی هەواڵ و دەقەکانی تری ڕۆژنامەی تێدا ئەنجام دەدرێ.

هەواڵی دەرەکی گرنگترین شێوەکانی کاری ڕۆژنامەیی هاوچەرخە، هەر بۆیەشە کاری وەرگێڕان بە ڕەگەزێکی گرنگی نووسین و دەرکردنی هەواڵی دەرەکی لە قەڵەم دەدرێت.

ئەو کارەی نووسەرانی ئەو بەشە ئەنجامی دەدەن، کاریگەرییەکی گەورەی بە سەر گەشە کردنی زمانەوە هەیە و لەم ڕێگایەوەش نووسەرانی کورد خزمەتێکی گەورەی زمانی

کوردییان کردووه، دەیان وشە و دەستەواژەیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، وەرگێڕانەکەش هەندێ جار لە سەر بنەمایەکی زانستی بووە و وشەکان بە پێی تایبەتمەندی وشەی زمانی کوردی داڕێژراون و ڕەچاوی وشەسازی کراوە، هەندێ جاریش وەکو خۆیان ماونەتەوە و هیچ گۆڕانکارییەکیان بە سەردا نەهاتووە تەنها ئەگەر لە ڕووی دەنگەوە بێت، هەندێ جاریش دوور لە ڕەچاو کردنی یاساکانی داڕشتنی وشە و دەستەواژە، وشەی نوێیان داڕشتووە، بۆ نموونە:

- لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی مەکسیك دا پاڵێوراوی بەرهەڵستکاران بردیەوە.

"**برایەتی ژمارە 3126 لە 2000/7/4**"

- شکست هێنانی تاقیکردنەوەی سیستەمی دژە مووشەك.

"**برایەتی ژمارە 3129 لە 2000/7/9**"

- فەڕەنسا لە هێزی پاراستنی ناوچەی دژە فڕینی کوردستان دەکشێتەوە"

"**یەکگرتوو ژمارە 119 لە 1997/1/3**"

ئەم وشانەی سەرەوە بە کەرەسەی زمانەکە و بە پێی دەستووری وشەسازی ڕۆنراون و زۆر چاك واتای خۆیان پێکاوە.

هەندێ جاریش وشە بیانییەکە وەرگێڕانێکی وشەیی بۆ کراوە وەك:

- بەندیخانەیەکی نوێ بۆ دواکەوتووانی عەقڵی لە پایتەخت.

"**برایەتی ژمارە 3129 لە 2000/7/9**"

- تازە کردنەوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك.

"**برایەتی ژمارە 2723 لە 1998/11/26**"

- دواکەوتووانی عەقڵ = **متخلفي العقول**
- نەوت بەرامبەر بە خۆراك = **نفط مقابل غذاء**

بەڵام بۆ (نەوت بەرامبەر بە خۆراك)، (نەوت بە خۆراك) یش بەكارهاتووە، كە ئەمەی دوایی دوورە لە وەرگێڕانی وشەیی، وەك:

- ئەنجومەنی ئاسایش بەرنامەی نەوت بە خۆراك بۆ (6) مانگی دیكە درێژ دەكاتەوە.

**"برایەتی ژمارە 3254 لە 2000/12/7"**

هەندێ جاریش وشە و دەستەواژە بیانییەكان وەك خۆی گوازراونەتەوە ناو زمانەكە، وەك:

- ریفراندۆمێك بۆ بڕیار دان لە سەر چارەنووسی باشووری سوودان.

**"رێگای كوردستان ژمارە 300 لە 1998/5/13"**

- پلاتفۆرمی كورد و هەڵبژاردنی دەستەیەكی كارگێڕی نوێ.

**"برایەتی ژمارە 3186 لە 2000/9/19"**

- لوبنان ئاسایشی ئیسرائیل زامن دەكات.

**"برایەتی ژمارە 3071 لە 2000/4/18"**

- سەرۆكی سوریا: بە هیچ شێوەیەك ئامادەنین سازش لە سەر جۆلان بكەین.

**"برایەتی ژمارە 2385 لە 1997/8/3"**

وێڕای ئەمانە دیاردەی تری تایبەت بە بنەماكانی داڕشتن هەیە بە تایبەتی لە نووسیندا، كە لایەنی رێنووس و خاڵبەندییە. لە ماوەی دیاریكراوی باسەكە رۆژنامە كوردییەكان بایەخێكی ئەوتۆیان بەم دوو لایەنە نەداوە، بە تایبەتی ئەگەر بێت و چاوێك بە رۆژنامەكاندا بخشێنین دەبینین لە رووی رێنووسەوە هەڵەی زۆر بەرچاو دەكەوێت و یەكشێوەیی نووسینی وشە و دەستەواژەكان نابینرێ و لایەنی خاڵبەندیش زۆر لاوازە.

## ئەنجامەکان

1- زمانی ڕۆژنامەنووسیی جۆرێکە لە پەخشان و دەتوانین بە پەخشانی ڕۆژنامەنووسیی ناو ببەین، کە بەوە لە جۆرەکانی دی پەخشان جیا دەکرێتەوە، هەوڵی ئەوە دەدات وشەی کورت و ئاسان هەڵبژێریّ، واتە ئەم جۆرەی پەخشان لە نێوان پەخشانی هونەری (زمانی ئەدەب)، پەخشانی ئاسایی (زمانی گشتی خەڵك) دەوەستیّ.

2- ڕۆژنامەنووسیی بریتییە لەو ڕووبەرە بەرینەی، کە (زمانی نووسینی تێدا پەروەردە دەبێت، بۆیە دەبێت ئەو زمانە سیستەمێکی یاساداری هەبێت، واتە زمانیی ڕۆژنامەنووسیی دەبێت ڕێزماندار بێت و لە هەموو ڕستەیەکدا یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکان پیادە بکرێن و هەموو کەرەسەکانی ئاستی ژێرەوە لە کاتی نووسیندا دەربکەون. زمانی هەواڵیش، کە بەشێکی زمانی ڕۆژنامەنووسییە، نابێت لەم سیستەمە بەدەر بێت، بە گوێرەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی وەك پێویست ئاوڕ لەم لایەنە نەدراوەتەوە و هەواڵنووس گەلێك جار بەگوێرەی سەلیقە و ئاخاوتنی خۆی هەواڵی داڕشتووە، وێڕای زاڵبوونی شێوەزاری ناوچەیی بە سەر زمانی نووسینی نووسەر هەندیّ جار.

3- هەواڵ یەکەم ئەرکی ڕۆژنامەنووسییە و مادەیەکی بنەڕەتی ڕۆژنامەیە و بە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری دەژمێردریّ و کاریگەریی بە سەر هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزری و ڕۆشنبیری و دەسەڵات و سەرجەم توێژەکانی خەڵکەوە هەیە.هەر هەواڵێك پێویستە وەڵامی ژمارەیەك پرسیاری تێدا بێت، کە بریتین لە: (کیّ؟ چی؟ لەکویّ؟ کەی؟ چۆن؟ بۆچی؟) ئەم پرسیارانە بە ڕەگەزی هەواڵ ناسراون، ئەگەر بێت و پشت گویّ بخرێن، هەواڵەکە لاواز و ناتەواو دەبێت.

4- بۆ داڕشتنی هەواڵ قاڵبی جۆرا و جۆر بەکار دێت، بەڵام قاڵبی هەرەمی سەرەو ژێرکراو لە هەموویان باوترە، چونکە گەلێك تایبەتمەندی باشی هەیە.

بە گوێرەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی قاڵبەکانی داڕشتنی هەواڵ کەم بەکار هاتوون، ئەویش بۆ ئەو هۆیانە دەگەڕێتەوە کە ئاماژەیان پێ کراوە.

5- ئەگەرچی ڕۆژنامەنووسیی کوردی خزمەتێکی گەورەی زمانی کوردی کردووە، بەڵام لە داڕشتنی هەواڵدا بایەخی تەواو بە زمان و وردەکارییەکانی نەداوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تاکو ئێستا لە دەزگا ڕۆژنامەنووسییە کوردییەکاندا لیژنەی تایبەت بە زمان و بەشەکانی زمان نییە، ئەگەر هەشبێت بە ڕێژەیەکی کەمە و لە ئاستی ئەم کارە گەورەیەدا نییە.

ئەوانەی بەکاری داڕشتنی هەواڵ هەڵدەستن، زۆربەیان ئەدیب و نووسەرن، نەك پسپۆر لە بواری ڕۆژنامەنووسیی ئاشکراشە، کە زمانی ئەدەب جیاوازە لەگەڵ زمانی ڕۆژنامەنووسیی بە گشتی و هەواڵ بە تایبەتی، زمانی ڕۆژنامەنووسیی زمانێکە لە نێوان زمانی ئەدەب و زمانی گشتی خەڵك.

6- کاریگەری زمانانی بیانی بە سەر زمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا لە ماوەی دیاریکراوی لێکۆڵینەوەکەدا زۆر بە ئاشکرایی دیارە، بە تایبەتی زمانی فارسی، ئەویش لە ئەنجامی ئەو باردودۆخەی لەدوای ڕاپەڕینەوە بە سەر کوردستاندا تێپەڕی.

7- ئەگەرچی تاکو ئێستا لە ڕۆژنامەنووسیدا دەستوور و ڕێسایەکی دیاریکراو نییە تاکو پێڕەو بکرێ بە مەبەستی گەیشتن بە بەرزترین ئاستی نووسین لە بابەتە جیاجیاکانیدا بە گشتی و هەواڵ بەتایبەتی، بەڵام هەندێ بنەمای گشتی زمانیی بۆ شێوازی نووسین، یان داڕشتن هەن پێویستە ڕۆژنامەنووس، یان هەواڵنووس

ئاگاداریان بێت تاکو بتوانێ لەو ڕێگایەوە هەندێ لایەنی ڕەزامەندی وەرگر جێبەجێ بکات.

8- ڕێنووس و خاڵبەندیش دوو لایەنن ڕۆژنامە کوردییەکان وەك پێویست ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە. کە لە هەموو ڕۆژنامەکانی کوردستان هەست بەم کەم و کورتی یە دەکرێت.

9- لە دوای ڕاپەڕینەوە هەست بەوە دەکرێت کە هەندێ جار قاڵبی داڕشتنی فرێزی ئاوەڵناوی گۆڕاوە، وەك پار ساڵ، خۆش باوەڕە، یان وشەی وا هاتۆتە ناو بواری ڕۆژنامەگەرییەوە کە پێشتر وشەی ناوچەیی تەسك و زۆر کەم بەکار هاتوون بۆ نموونە (داپلۆسین، قەیران....).

10- ڕۆژنامەنووسیی بوارێکی فراوانی پێوەندی کردنە و ڕاگەیاندنیش لە چوار چێوەی پێوەندی کردندا سەر هەڵدەدات، کە لە نێرەر و وەرگر و پەیام و کەناڵی پێوەندی کردن پێك دێت، زمانیش (ئاخاوتن، نووسین) تیایدا سەرەکیترین هۆکارە.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


1- ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی، ڕیزبوونی کەرەسە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین - 1996.

2- ئەورەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، کوردی  عەرەبی  ئینگلیزی، سلێمانی - 2004.

3- ئومێد مەسعودی، بنەماکانی داڕشتن لە میدیاکاندا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، مەجید سالّح، سلێمانی - 2002.

4- جەمال نەبەز، زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ - 1976.

5- جۆن لاینز، زمان و زمانناسی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، هادی محەمەد، گۆڤاری سەردەم ژمارە (20)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی - 2002.

6- خالید بەکر ئەیوب، هەواڵ و هەواڵنووس لە کورتە باسێکدا، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ژمارە (10)، ساڵی سێیەم، هەولێر - 2003.

7- سەرکەوت پێنجوینی، قاڵبەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ژمارە (5)، ساڵی دووەم، هەولێر - 2001.

8- شێرکۆ بابان، بەرەو زمانی نووسین، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر -2000.

9- شێرکۆ بابان، شرۆڤەکاری ڕێزمانی لە زمانی نووسین دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر - 2000.

10- شێرکۆ بابان، زمانی ڕۆژنامەگەری و هەڵسووڕاندنی هەواڵ، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ژمارە (9)، ساڵی سێیەم - 2002.

11- طالب حسین علی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین - 1998.

12- عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین - 1990.

13- عبدالواحد مشیر دزەیی، واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندن دا  لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پڕاگماتیکییە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین - 2004.

14- عەلی مەحموود چوکل، خستنە ڕووی کتێبی (نەتەوەیی و زمان لە کوردستاندا 1918  1985)، لە نووسینی ئەمیر حەسەن پوور، سەنتەری برایەتی ژمارە (17)، هەولێر - 2000.

15- عومەر سەید زادە، کورتەیەك دەربارەی هەواڵی ڕۆژنامەنووسیی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر - 2001.

16- غازی فاتح وەیس، ڕووناکبیری لە کتێبی (زمانی نەتەوایەتی کوردی دا)، ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (111)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد - 1986.

17- فوئاد عەلی ئەحمەد، گرنگی وێنە و مێژووی وێنە لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا (کوردستان  1898  گۆڤاری گەلاوێژ، 1939 ز)، گۆڤاری ڕۆژنامەنووسان ژمارە (1)، سلێمانی - 2002.

18- فوئاد عەلی ئەحمەد، مێژووی وێنە لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا (1898  1939) بەشی سێیەم و کۆتایی، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس ژمارە (1)، هەولێر - 2004.

19- ڤ . ی . کۆدۆخۆف، سەرەتایێکی زمانناسی، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە، میدیا، سلێمانی - 1998.

20- قەیس کاکل تۆفیق، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین - 2002.

21- کازمی موعتەمەد نەژاد، ڕۆژنامەگەری، وەرگێڕانی – مەجید ساڵح عەزیز، چاپی یەکەم، سلێمانی - 2000.

22- کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بەغداد - 1978.

23- محمد معروف فتاح، زمانەوانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر - 1990.

24- محەمەدی مەحویی، زمان و زمانەوانی لە ڕۆژنامەگەرێتیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (1)، سلێمانی - 2000.

25- محەمەدی مەحویی، زمان و زانستی زمان – سەرەتایەك بۆ زانستی زمان، بەرگی یەکەم، سلێمانی - 2001.

26- نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی 1898 – 1918، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی - 2001.

27- نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی 1898 – 1938، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی - 2002.

28- هیمداد حوسێن بەکر، زمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دوای ڕاپەڕین (1991 – 1999)، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ژمارە (6 – 7) ساڵی دووەم، هەولێر، 2001 – 2002.

29- یوئیل یوسف عەزیز، وەرگێڕانی ئەدەبی، وەرگێڕانی – غازی فاتح وەیس، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین - 1984.

## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

30- احمد عبدالرحمن حماد، عوامل التطور اللغوي، الطبعة الاولى، دار الاندلس، بيروت - 1983.

31- آف . آر. بالمر، علم الدلالة، ترجمة □ مجيد عبدالحليم الماشطة، مطبعة العمال المركزية، بغداد - 1981.

32- آديب خضور، مدخل الى الصحافة، نظرية و ممارسة، الطبعة الثانية، دمشق - 2000.

33- آرماند مانيلار و ميشيل مانيلار، نضريات الاتصال، ترجمة □ أديب خضور، الطبعة الاولى، دمشق - 2003.

34- اسماعيل علي سعد، الاتصال و الرآى العام، مبحث في القوة و الايدولوجية، دار المعرفة الجامعية - 1989.

35- جان جبران كرم، مدخل الى لغة الاعلام، دار الجيل، بيروت - 1986.

36- جمعة سيد يوسف، سيكولوجية اللغة و المرض العقلي، سلسلة عالم المعرفة، الكويت - 1990.

37- جون. ر. بيتنر، الاتصال الجماهيري □ مدخل، ترجمة □ عمر الخطيب، الطبعة الاولى، بيروت - 1987.

38- جون هوخنبيرج، الصحفي المحترف، ترجمة □ كمال عبدالرؤوف، الدار الدولية للنشر و التوزيع، القاهرة □ 1990.

39- جى. سى. كاتفور، نظرية لغوية للترجمة، ترجمة □ عبدالباقي الصافي، جامعة البصرة □ 1983.

40- حاتم صالح الضامن، علم اللغة، جامعة بغداد □ 1989.

41- حاتم علي جواد الطائي، لغة الاخبار في الصحافة العراقية، رسالة دكتوراه، جامعة بغداد  1998.

42- ستانلي جونسون و جوليان هاريس، استقاء الانباء فن، ترجمة  وديع فلسطين، دار المعارف بمصر  1960.

43- ستيفن آولمان، دور الكلمة في اللغة، ترجمة  كمال محمد بشر، بغداد  1986.

44- سهير جاد، وسائل الاعلام و الاتصال الاقناعي، الطبعة الاولى، الهية المصرية العامة للكتاب  2003.

45- صالح خليل أبو أصبع، العلاقات العامة و الاتصال الانساني، دار الشروق للنشر و التوزيع، الاردن  1998.

46- صالح خليل أبو أصبع، الاتصال الجماهيري، الطبعة الاولى، الاردن  1990.

47- صالح خليل أبو أصبع،الاتصال و الاعلام في المجتمعات المعاصرة، الطبعة الثالثة، الاردن  1999.

48- صفاء صبحي النعيمى، لغة البرامج التلفزيونية، رسالة ماجستير، جامعة بغداد  2001.

49- طلعت همام، مائة سؤال عن الصحافة، دار الفرقان للنشر و التوزيع، الطبعة الثانية، الاردن  1985.

50- عبدالستار جواد، اللغة الاعلامية، دراسة في صناعة النصوص الاعلامية و تحليلها، دار الهلال للترجمة  1998.

51- عبدالستار جواد، فن كتابة الاخبار، الطبعة الاولى، الاردن  1999.

52- عبدالستار جواد، صناعة الاخبار، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، بغداد.

53- عبدالعزيز شرف، المدخل الى وسائل الاعلام، الطبعة الثانية، دار الكتاب العربي □ 1989.

54- عبدالعزيز شرف، اللغة الاعلامية، الطبعة الاولى، دار الجيل، بيروت □ 1991.

55- عبدالعزيز شرف، لغة الحضارة و التحديات المستقبل، الهية المصرية العامة للكتاب □ 1999.

56- عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، الطبعة الرابعة، مطبعة دار الفكر العربي.

57- علي عبدالواحد الوافي، اللغة و المجتمع، القاهرة □ 1946.

58- علي عبدالواحد الوافي، علم اللغة، الطبعة السابعة، دار نهضة مصر للطبع و النشر □ 1972.

59- فرديناند دي سوسور، علم اللغة العام، ترجمة □ يوئيل يوسف عزيز، الموصل □ 1988.

60- فضل دليو، الاتصال □ مفاهيمه □ نظرياته □ وسائله، دار الفجر للنشر و التوزيع، القاهرة □ 2003.

61- فؤاد مرعي، في اللغة و التفكير، دار المدى للثقافة و النشر، دمشق - 2002.

62- كارول ريتش، كتابة الاخبار و التقارير الصحفية، ترجمة □ عبدالستار جواد.

63- كرم شلبى، فن الكتابة للراديو و التلفزيون، دار الشروق، جدة □ 1987.

64- كرم شلبى، معجم المصطلحات الاعلامية، انجليزي □ عربي، دار الجيل، بيروت □ 1994.

65- كمال يوسف الحاج، في فلسفة اللغة، دار النهار، بيروت □ 1967.

66- كورتيس ماكدوغال، مبادىء تحرير الاخبار، ترجمة □ أديب خضور، دمشق □ 2000.

67– مازن الوعر، قضايا أساسية في علم اللسانيات الحديث، الطبعة الاولى، دمشق  1988.

68– محمد بهجت كشك، الاتصال و وسائله في الخدمة الاجتماعية، اسكندرية  1985.

69– محمد حسن عبدالعزيز، لغة الصحافة المعاصرة، المركز العربي للثقافة و العلوم، بيروت  1980.

70– محمد حسن عبدالعزيز، مدخل الى علم اللغة، دار النمر للطباعة 1983.

71– محد علي الخولي، معجم علم اللغة النظري  (انجليزي، عربي)، بيروت  1991.

72– محمد سيد محمد، الاعلام و اللغة، عالم الكتب القاهرة  1984.

73– مرعي مدكور، الصحافة الاخبارية، الطبعة الاولى، دار الشروق، القاهرة  2002.

74– ملفين. ل. ديفلير و ساندرا بول روكيتش، نظريات وسائل الاعلام، ترجمة  كمال عبدالرؤوف، الدار الدولية للنشر، القاهرة  1999.

75– موسى ربابعة، جماليات الاسلوب و التلقي (دراسات تطبيقية)، الطبعة الاولى  2000.

76– ميشال زكريا، الالسنية (علم اللغة الحديث) المبادىء و الاعلام، الطبعة الثانية، بيروت  1983.

77– ميخائيل مينكوف، المبادىء الاساسية في الصحافة الاذاعية، ترجمة  فؤاد الشيخ، دار مشرق للطباعة و النشر، دمشق  2000.

78– ميكائيل ريفاتير، معايير تحليل الاسلوب، ترجمة و تقديم و تعليق  حميد الحمداني، الطبعة الاولى، دار البيضاء  1993.

79- ميلفن فيتشر، تحرير الاخبار في الصحافة و الاذاعة و التلفزيون، ترجمة – أديب خضور، دمشق – 1992.

80- ميلكا افيتش، اتجاهات البحث اللسانى، ترجمة – سعد عبدالعزيز مصلوح، وفاء كامل فايد – 1996.

81- نايف خرما، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، سلسلة عالم المعرفة، الكويت – 1978.

82- نوم تشومسكى، المعرفة اللغوية (طبيعتها و أصولها و استخدامها)، ترجمة – محمد فتيح، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي، القاهرة – 1993.

83- هادي نعمان الهيتي، اللغة في عملية الاتصال الجماهيري، الطبعة الاولى، دار السامر للطباعة – 1997.

84- هادي نعمان الهيتي، لغة الاعلام و النهضة القومية، مطبعة المجمع العلمي، بغداد – 1997.

85- هادي نعمان الهيتي، ماذا يريد الاعلاميون من اللغويين، مجلة المعلم العربي، العدد الاول و الثاني، دمشق – 2001.

86- هادي نهر، اللسانيات و الاعلام – التأثر و التأثير، مجلة التوثيق الاعلامي، العدد الثاني، السنة السابعة، بغداد – 1988.

**به زمانی فارسی:**

87- پرویز ناتل خانلری، زبان شناسی، 1 جلد.

## Reference:

88- Danuta Reah, The language of newspapers, New York – 1998.

89- Dennis. L. Wilcox, Public Relations writing & media techniques, 1997.

90- George. T. Arnold, Media writer's Handbook, USA, 1996.

91- Joseph. A. Devito, Human communication, 1995.

92- Michael Halliday, Explorations in the functions of language, Edward Arnold, London – 1973.

93- O'Hara Robert. C., Media for the million, Macmillan publishing co. New York – 1961.

# پاشكۆكان

## برایەتی:

- برایەتی ژمارە 1664 لە 1993/6/8
- برایەتی ژمارە 1691 لە 1993/7/12
- برایەتی ژمارە 1697 لە 1993/7/20
- برایەتی ژمارە 1736 لە 1993/9/5
- برایەتی ژمارە 1743 لە 1993/9/13
- برایەتی ژمارە 1759 لە 1993/10/2
- برایەتی ژمارە 1761 لە 1993/10/4
- برایەتی ژمارە 1770 لە 1993/10/15
- برایەتی ژمارە 1851 لە 1994/1/20
- برایەتی ژمارە 1875 لە 1994/2/17
- برایەتی ژمارە 2385 لە 1997/8/3
- برایەتی ژمارە 2723 لە 1998/11/26
- برایەتی ژمارە 2727 لە 1998/12/2
- برایەتی ژمارە 2728 لە 1994/12/3
- برایەتی ژمارە 2733 لە 1998/12/10
- برایەتی ژمارە 2874 لە 1999/7/8
- برایەتی ژمارە 2896 لە 1999/8/9
- برایەتی ژمارە 2915 لە 1999/9/5
- برایەتی ژمارە 3071 لە 2000/4/18

- برایەتی ژمارە 3126 لە 2000/7/4
- برایەتی ژمارە 3129 لە 2000/7/9
- برایەتی ژمارە 3131 لە 2000/7/11
- برایەتی ژمارە 3160 لە 2000/8/20
- برایەتی ژمارە 3171 لە 2000/9/2
- برایەتی ژمارە 3186 لە 2000/9/19
- برایەتی ژمارە 3189 لە 2000/9/23
- برایەتی ژمارە 3197 لە 2000/10/2
- برایەتی ژمارە 3254 لە 2000/12/7

### کوردستانی نوێ:

- کوردستانی نوێ ژمارە 66 لە 1992/4/14
- کوردستانی نوێ ژمارە 500 لە 1993/10/4
- کوردستانی نوێ ژمارە 510 لە 1993/10/15
- کوردستانی نوێ ژمارە 834 لە 1994/11/11
- کوردستانی نوێ ژمارە 851 لە 1994/12/1
- کوردستانی نوێ ژمارە 898 لە 1995/1/26
- کوردستانی نوێ ژمارە 955 لە 1995/4/6

### ئێوارە گوڵان:

- ئێوارە گوڵان ژمارە 5 لە 1997/11/3
- ئێوارە گوڵان ژمارە 14 لە 1997/11/17

- ئێوارە گوڵان ژمارە 307 لە 1999/1/8
- ئێوارە گوڵان ژمارە 358 لە 1999/4/18
- ئێوارە گوڵان ژمارە 417 لە 1999/7/16
- ئێوارە گوڵان ژمارە 429 لە 1999/7/26

## هەفتەنامەی گوڵان:

- هەفتەنامەی گوڵان ژمارە 7 لە 1994/6/9
- هەفتەنامەی گوڵان ژمارە 25 لە 1994/10/6
- هەفتەنامەی گوڵان ژمارە 26 لە 1994/10/13
- هەفتەنامەی گوڵان ژمارە 31 لە 1994/11/17

## یەکگرتوو:

- یەکگرتوو ژمارە 9 لە 1994 /9/8□8/6
- یەکگرتوو ژمارە 10 لە 1994/9/22□9
- یەکگرتوو ژمارە 81 لە 1996/3/1
- یەکگرتوو ژمارە 119 لە 1997/1/3

## ڕێگای کوردستان:

- ڕێگای کوردستان ژمارە 84 لە 1993/11/23
- ڕێگای کوردستان ژمارە 85 لە 1993/11/30
- ڕێگای کوردستان ژمارە 300 لە 1998/5/13

## ملخص البحث

ان لغة الصحافة لم تستقل بمعالجة علمية مستفيضة لحد الآن، على الرغم من أهميتها القصوى للغة الكوردية و الصحافة الكوردية في كوردستان.

تهدف هذة الأطروحة الى سد تلك الثغرة اللغوية في مجال الصحافة، و تنبيه الصحفيين الكورد الى بعض اسس لغة الصحافة التي لم تحض باهتمام المختصين، فضلا عن ان الخبر يعد عنصراً جوهرياً في ميدان الصحافة، اذ تشكل اللغة فيه آلة نشطة و فعالة. مما يوجب جعل فنون الصياغة و النسج اللغوي في خدمة مجال الصحافة، و هذا مايقتضى الالمام بقوانين اللغة التي تقولب مادة الصحافة و فحواها.

و يمثل الايجاز و الكثافة الدلالية و السهولة التعبيرية من أهم مزايا الصحافة و أبرزها، و الخبر بجميع أصنافه بحاجة ماسة الى هذا التشكيل اللغوي يستوعبه المتلقي بسهولة و يسر.

تتألف الأطروحة من أربعة فصول، موزعة على ثلاثة فصول تنظيرية و فصل تطبيقي، أختص الفصل الاول (للغة و لغة الصحافة) الذي يتضمن محورين، تطرق المحور الاول الى بغض الجوانب المتعلقة باللغة استناداً الى المصادر اللغوية المتنوعة، و عرض تحديدات مختلفة للغة، و وضح خصوصيات اللغة و وظائفها التي شرحها (هاليداى) و ركز هذا المحور كثيراً على وظيفة الاخبار لصلتها الوثيقة بموضوع الأطروحة، و في المحور الثاني عولجت لغة الصحافة من خلال تحليل لغة الصحافة و طبيعة هذه اللغة، و المقصود من لغة الصحافة، و هل تمتلك الصحافة لغة خاصة بها؟ و ما هي خصوصيات لغة الصحافة؟ التي تشمل: (لغة الصحافة لغة عملية، سهلة و بسيطة، دقيقة و مجسدة و حية، تخطي المدلولات التقليدية للالفاظ و التعابير، الموضوعية)، ثم تتناول هذا المبحث مصادر لغة الصحافة، التي تتضمن (اللغة المعيارية، اللغة العامة، الترجمة) بشكل مكثف و موجز لأنها وسيلة جوهرية في عملية الاتصال، و حدد أيضاً القيم الفارقة بين هذة المصادر.

أما الفصل الثاني فيضم موضوعات متعددة، هي: (الاتصال الجماهيري، مفهوم و تعريف الاتصال، أصناف الاتصال، التي تتوزع على محورين رئيسين، أولهما الاتصال من حيث المستوى، الذي يعبر عن الاتصال الذاتي و الشخصي و الجماهيري، ثانيهما، الاتصال من حيث التعبير، الذي يشمل الاتصال اللفظي و غير اللفظي، و بُينَ في هذا الفصل دور اللغة أيضاً في عملية الاتصال و عوامل الاتصال و وسائله.

و يتكون الفصل الثالث من (الخبر، و تعريفاته حيث عرضت التعاريف استناداً على اسس عديدة، كالتعاريف الذي انعكست فيها الدور الاجتماعي، أو التي تتركز على احدى القيم ألاخبارية (الجدة و الآنية، الموضوعية، الغرابة، تحقيق الربح)، فضلاً عن معالجة اصناف الخبر و توزيعه على وفق ثلاثة أسس هي (النوعي، الجغرافي، الزمن) و مصادر الاعلام و قيمتها من حيث الضعف و القوة.

و عناصر الخبر هي ستة (من، متى، أين، ماذا، لماذا، كيف)، كذلك تعرض هذا الفصل وظائف الخبر و قيمه، و لغة الصورة في الخبر الصحفي.

و يعد الفصل الرابع فصلاً تطبيقياً، اذ يحتوى على صياغة الخبر، و أقسام الخبر من حيث الصياغة و هي: (العنوان، المقدمة، الجسد)، و أشكال العنوان من حيث الصياغة، و شروط العنوان الناجح و لغته.

المقدمة، تعريفها، مميزات المقدمة الناجحة، و أقسامها، جسد الخبر، قوالب صياغة الخبر، القالب الهرمي المعكوس، دوافع استعمال هذا القالب، مميزات الايجابية لهذا القالب، علاقة الصحافة الكوردية بقوالب صياغة الخبر، الاسس اللغوية لصياغة الخبر، التفاضي عن المفردات الزائدة، و يشمل ذلك (الافعال المبتذلة، استعمال أزمنة الفعل، ظرف زمان، صفة، أدوات الربط و التعليق) التركيب المطنب و الموجز و تكثيف التركيب، و الفقرات، بعض الظواهر اللغوية في لغة الصحافة الكوردية في فترة البحث، و يتضمن ذلك، تلك الظواهر المتعلقة بالمفردة و العبارة، تأثير لغة الاعاجم في لغة الصحافة الكوردية، ثم ختمت الاطروحة بالاستنتاجات و ملخص الاطروحة الذي عرضت باللغتين الانكليزية و العربية.

# Abstract

The language of journalism as a wide and an independent topic hasn't necessarily been studied so far, despite the fact that Kurdish journalism in Kurdistan is a potential necessity for Kurdish language.

The objectives of this dissertation are to cover another aspect of language and to acquaint Kurdish journalists with some principles of journalistic language which have not been yet studied or given attention. News which is an important element in the field of journalism; its active medium is language, therefore the composing techniques should serve this field. This requires awareness of the rules and principles of the language by which the journalistic topic is written. The most obvious principles of journalism are brevity and simplicity in writing. All kinds of news need this style of language in order to help the receiver easily understand it.

The study consists of four parts; Three theoretical and a practical one.

The first part is about language and journalistic language which is of two sections:

The first section deals with some aspects related to language depending on various linguistic sources. The concepts of language, its different definitions are covered as well. Later, the characteristics and functions of language are explained.

The second section is about the language of journalism as follows:

Interpreting the term of journalism as a concept, the concept of journalistic language, the purpose behind the refered to language, does Kurdish journalism have a language specific to this field? The features of journalistic language, and then, tackles the sources of journalistic language.

The second part includes the following topics: public communication, the concept and definition of communication,

types of communications which are into two main types: firstly, communication in terms of level which includes subjective, personal and public communication. Secondly, communication in terms of expression which includes spoken and non – spoken ones.

Afterwards, the role of language in the process of communication, language and mass media are covered.

The third part consists of news, the concept and definition of news. The definitions are presented in accordance with some principles such as the definitions that reflect the social role and those that concentrate on the news values like freshness, objectivity, eccentricity and profit gaining; kinds of news, their division according to three principles: quality, geography and time; news references and types of reference in terms of relevance to media, their importance in terms of strength and weakness.

The elements of news are six as follows: Who, When, Where, What, Why and How.

The functions and values of news, and photo language in the journalistic news are covered as well.

The fourth part which is a practical one comprises: news writing, the parts of news with regard to writing headlines, lead and body. Models of headline in terms of writing, conditions of a good headline and the language of headline are also within the practical part.

Then comes the lead, its definition, the characteristics of a good lead and types of lead; the body of news, forms of news writing, the inverted pyramid form, the causes behind using this form, the good characteristics of this form, and the relation of Kurdish journalism to the forms of news writing will practically enrich the last part.

Finally comes the linguistic principles of news writing and evading extra words which include the actions that have no value, using verb tense, adverbs of time, adjectives and conjunctions.

Long sentence, brevity, packing sentences and paragraphs, several linguistic phenomena in Kurdish journalistic language come across at that time of preparing the dissertation like those phenomena related to words and expressions, the influence of foreign languages on Kurdish journalistic language are discussed as well.